# جوگرافیای ئەمریکای باکور
# (ئەنگلۆسەکسۆن)

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



نوسینی: د. علی موسی
د. محمد الحمادی

وەرگێرانی: ڕێباز لوقمان مستەفا

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

# جوگرافیای

# ئەمریکای باکور ( ئەنگلۆسەکسۆن )

بلاّوكراوەى خانەى چاپ و بلاّوكردنەوەى چوار چرا
زنجيرەى ٢٥٣
ناونيشان/سليّمانى-سەرتاى شەقامى مەولەوى- بەرامبەر پالاّس
مۆبايل ئاسيا ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ — سانا ٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨

نرخى ٢٥٠٠ دينارە

الدكتور علي موسى
الدكتور محمد الحمادي

# جوگرافیای
# ئەمریكای باكور ( ئەنگلۆسەكسۆن )

و/ لەعەرەبییەوە : ڕێباز لقمان مصطفى

سالی ٢٠٠٩ ز ١٤٣٠ ك

**پێناسی کتێب**

ناوی کتێب : جوگرافیای ئەمریکای باکور .

بابەت : جوگرافی

**نوسینی: الدکتور علی موسی**

**الدکتور محمد الحمادي**

**و/ لەعەرەبییەوە : ڕێباز لقمان مصطفی**

نەخشەسازی: چوارچرا

نۆبەتی چاپ :چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠١٠

چاپخانە : چوارچرا

تیراژ :١٠٠٠: دانە

ژمارەی سپاردن ( ٢٦٦٦ ) ساڵی (٢٠٠٩) پێدراوە

پێشکەشە بە :-

* بەدایك وباوکم نوری چاوانم.

* بە خوشك وبراکانم.

* بە وچرایانەی کەتاریکی ژیانیان ڕوناك کردمەوە ( ماموٚستا بەڕێزەکانم ).

* بەوانەی کەکەلتوری خوٚیان دە پارێزن و عەقڵیان بەجوانی پەروەردە دەکەن وزانست و زانیاری دەکەنە چرای ڕێگای ژیانیان.

## « پێشەکی وەرگێڕ »

زانستی جوگرافیا لەماوەی مێژووی خۆیدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە لەڕوی میتۆد وشێواز وبوارەکانی لێکۆڵینەوەیدا وئەم گۆڕانانەش سەرەتا لەجوگرافیزانی بەناوبانگ ﴿ بیرناردفارنی ﴾ لەسالی (١٦٥٠ ز ) دەستی پێ کرد، کەلەمیانەیدا زانستی جوگرافیایی دابەشکرد بۆدو وبەشی سەرەکی کەئەوانیش :

جوگرافیایی سیستماتیك وجوگرافیای هەرێمیە.

لەگەڵ ئەوەی دەرکەوتنی جوگرافیای هەرێمایەتی بۆسەر شانۆی جوگرافیا کارێکی نوێیە، گریکەکان لەکۆنەوە جیهانیان بۆ حەوت هەرێمی جیاواز دابەشکردبوو، بەڵام قۆناغەکانی فۆرمە لەکردن وبونیادنانی جوگرافیای هەرێمایەتی بەچەمکەنوێکەی بۆسەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە.

کاتێك هەردو وپێشەنگی جوگرافیا ( Ratzal)ی ئەڵمانی و( Vidal delablache) فەرەنسی هەوڵیان دا لێکۆڵنەوە لەبارەی بنەمای میتۆدی جوگرافیایی هەرێمایەتی لەوڵاتەکانیان بکەن. لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشدا بایەخدان بە جوگرافیایی هەرێمایەتی مێژووەکەی دەگەڕێتەوەبۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم، دوای ئەوەش لەسالی ( ١٩٣٨ ) هەردو وپسپۆڕی جوگرافیا ﴿ ئۆدوم ومۆر ﴾ کتێبێکیان بەناوی (هەرێمە جوگرافیا ) دەرکرد.

ئەم بەشەی جوگرافیا بایەخ بە هەردو ولقە سەرەکیەکەی جوگرافیای (سروشتی ومرۆیی ) دەدات. وێڕای ئەوەی کەجیاوازیە شوێن جێیەکان

لەلێکۆڵینەوەی هەرێمایەتیەکاندا دەبێتە بنەمایەك بۆدیاریکردنی نوری هەرێمەکان کەئەمەش زیاتر شێوەیەکی جوگرافی پێدەدات.
دیاریکردنی سنوری هەرێمەکانیش لەکاتی ئێستادا لەسەر چەند بنەمادەبێت لەوانە بنەما سروشتیەکان وەك (ئا ووهەوا، بەرزونزمی، ڕوەك، خاك ) یان لەسەر بنەمای شارستانی وەك ( زمان، ئاین، کشتوکاڵ، پیشە سازی، بازرگانی ) یان لەسەر بنەمای کارگێڕی لەسنوری یەك وڵاتدا.
ئەم هەوڵەی بەردەستت لێکۆڵینەوەیە کەلەسەر ئەمریکای باکور لێکۆڵینەوەیەکی هەرێمی کورت وپوختە بۆ ئاشکراکردن وباسکردنی تایبەتمەندیە هەرێمیەکانی ئەم قاڕەیە، وەماوەی کاریگەری ئەم تایبەتمەندیانە لەسەر یە کەرامیاریەکان لەناو قاڕەکەدا.
وە ئەم کورت وپوختیە مانای ئەوەنیە کەبەنهێنی ونادیاری بازدرابێ بەسەر ڕاستیە سروشتی وزانستیەکاندا،
بەڵکو مەبەستمان دەرخستنی لایەنە گرنگەکانە لەقاڕەکەدا لەڕوانگەی سروشتی ومرۆیی وئابوریەوە بۆدروستکردنی وێنەیەکی کەسی زۆر باش بۆ قاڕەکە، بەبێ زۆر بڵێی لەڕادەبەدەر وبەفیڕۆدانی زۆرێك لەژمارەو ناوەکان.
جگە لەوانەی کەپێویست بوون بۆگەیشتن بەو ئامانجە ڕوونە، هەروەها لەگەڵ پشت بەست بە شێوەکان ووێنەی دامەزراو وڕون لەبەر ئەوەی هۆکارێکی یارمەتی دەری گرنگە بۆ ڕادەربڕینی جوگرافیاو دەوڵەمەندکردنی زانیاری ویارمەتیدانی بەراوردکرن وئەنجام بەدەستەوەدان.

لەڕاستیشدا ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەشکراوە بۆ چەند بەشێك بەشی یەکەم تایبەتە بە باسکردنی جوگرافیای سروشتی قاڕەکە.وەبەشی دووەمشی تایبەتکراوە بە لێکۆڵینەوەی لایەنی مرۆیی وچالاکیە ئابوریەکان. وەکۆتابەشی لێکۆڵینەوەکەش تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی هەرێمی یەکە ڕامیاریەکانی قاڕەکە.

هەروەها دەبینین ژمارەی یەکە ڕامیاریەکانی ئەمریکای باکور کەمن لەلایەك ولەلایەکی تریشەوە گرنگترین دەوڵەتە گەورەکانن لەڕوی سروشتی وئابوری وستراتیجیەوە، بۆیە بڕبڕەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی هەرێمی سەرتاپاگیرە.

ئومێد دەکەم بەم وەرگێڕانە توانیبێتم خزمەتێکی بچوك بگەیەنم بە کتێبخانەی کوردی شیرین، هیچ کارێکیش بێ کەم وکوڕی نابێت بۆیە داوای لێبوردن دەکەم لەهەر کەم وکورتیەك کەهەبێت لەوەرگێڕانەکەمدا، لەکۆتایدا داوا لەخوای گەورە دەکەم سەرکەوتومان بکات بۆ خزمەتکردن زانست وخوێنکاران.

ڕێباز لقمان مصطفی

دووشەمە ٢٠٠٩/٨/٢٤ ز

« جوگرافیای ئەمریکا »

یەکەم /     ئەمریکای باکور ( ئەنگلۆسەکسۆن )

Anglo sexon America

بەشی یەکەم : جوگرافیای سروشتی قارەکە.

بەشی دووەم : جوگرافیای مرۆیی وئابوری قارە
کە.

بەشی سێ یەم : ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
( الویلايات المتحدة الامريكية ).

بەشی چوارەم : کەنەدا (کندا) Canada.

بەشی پێنجەم : مەکسیك ( المكسيك).

## « بەشی یەکەم »

## -جوگرافیای سروشتی قارەکە -

قارەی ئەمریکا پێك هاتووە لەبەشێکی گەورە کەناودەبرێت بە جیهانی تازە (نوێ )، هەروەها ناسراوە بە نیوەی گۆی خۆرئاوا ( نصف الكرة الغربي ).

وە ئەمریکا گەورەترین قارەیە لەڕوی ڕوبەرەوە.کەدرێژ دەبێتەوە بەشێوەیەکی درێژ لەجەمسەری باکور بۆبازنەی پانی ($56^{\circ}$ ) پلەی باشور. کەئەمەش درێژبونەوەیەکی مەزن وگەورەیە کەوێنەی نیە لەقارەکانی تردا.

جوگرافیناسەکان ئەم قارەمەزنە دابەش دەکەن بۆ سێ بەش ئەوانیش :- ١. قارەی ئەمریکای باکور کەدرێژدەبێتەوە لەناوچەی جەمسەری لەباکور بۆ سنوری مەکسیکی باشور.

٢. پاشان ئەمریکای ناوەڕاست کەناوچەیەکی بەرزەخی تەسك لەخۆدەگرێت وەدورگەی هیندی خۆرئاوا.

٣. وە ئەمریکای باشور : کەبەشێکی فراوان وبلاو بوەوە دەگرێتە خۆی لەقارەی ئەمریکا لەباشوری سنوری کۆماری (پەناما ) لەگەڵ (کۆلۆمبیا). هەروەها دابەشکردنێکی تر هەیە بۆ ئەم قارە گەورەیە کەگرنگی دەدات بە لایەنی شارستانیەت وقارەکە دابەشدەکات بۆ دوو بەش :

١) قارەی ئەمریکای ئەنگلۆسەکسۆن (Anglo sexon America) کەدوو یەکی سیاسی لەخۆدەگرێت ئەوانیش ( کەنەدا – ویلایەتە یەکگگرتوەکانی ئەمریکا ).

٢) وە ئەمریکای لاتین Latin America :-

کە هەموو ئەو زەویانە دەگرێتەوە کەدرێژدەبنەوە لەباشوری سنوری ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ مەکسیك تاوە کو (راس هورن ) لەوپەری باشور.

وە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا پشت دەبەستین بەودابەشکردنەی کەقارەکەی دابەشکردوە بۆ سێ بەش.

ئەوانیش ئەمریکای باکورە کەئەمریکای ئەنگلۆسەکسۆن لەگەڵ مەکسیك دەگرێتەوە. هەروەها ئەمریکای ناوەراست ناوچەی بەرزەخ وە دورگەی ئەنتیل دەگرێتەخۆی وەکۆتاییان ئەمریکای باشورە. وەلەم بەرگی یەکەمەدا باسی ئەمریکای باکوردەکەین.

## شوێن ورووبەر :-

قارەی ئەمریکای باکور دەژمێردرێت بەسێیەم قارەی جیهان لەڕوی ڕووبەرەوە لەدوای (ئاسیاو ئەفریقا) کەڕووبەرەکەی دەگاتە دەورووبەری (٣١,٥ ) ملیۆن کم$^2$.

وەڕووبەرێکی گەورەی قارەکە دەکەوێتە هەرێمی مام ناوەندی باکور. بەشێکی بچوکی دەکەوێتە ناوچەی نیمچە خولگەییەوە. وە بەشێکی تری لەباکوری کەنەدا دەکەوێتە ناو بازنەی جەمسەری باکور.

وە هێڵی درێژی (١٠٠ ) ی خۆرئاوا تێپەڕ دەبێت بە ناوەڕاستی قارەکەدا لەباکورەوەبۆ باشور. بەمەش نیوەی قارەکە دەکەوێت خۆرهەڵاتی ئەم هێڵەو نیوەکەی تریش دەکەوێتە خۆرئاوای ئەم هێڵە.

بازنەی جەمسەری لەڕاستیدا دەکەوێتە سەر هێڵی پانی (٦٦,٣٣°) ی باکور کەدرێژ دەبێتەوە بەناڕاستەی باکور تێدەپەڕێت بەدوورگەی (بافین ) وە (گرینلاندی ) باشور کەپانترین بەشی قارەکەپێك دێنێت (شێوەی ژمارە-١-)




**شێوە ژمارە ( ١ )     ئەمریکای باکور( سیاسی )**

وە قاڕەی ئەمریکا جیا دەبێتەوە لەقاڕەی ئاسیا بەهۆی ـەنگەبەری ( بهرنخ ). وە قاڕەی ئەمریکا لەشێوەی سێگۆشەیەکدایە کەبنکەکەی دەکەوێتە باکورو وە سەری سێگۆشەکە دەکەوێتە باشور. وە هێڵی پانی ( ٤٩ ) ی باکور کەدەکەوێتە ناوەڕاستی قاڕەکە ئەوا سنوری نێوان کەنەداو ویلایەتە یەکگرتوەکانمان بۆدیاری دەکات وڕوونی دەکاتەوە.

## - سروشتی بەرزونزمی -

دەتوانین سەرڕووی قارەکە دابەش بکەین بۆ سێ بەشی سەرەکی ( شێوەی ژمارە ٢ )




شێوەی ژمارە ( ٢ ) شێوەکانی سەرڕووی زەوی ئەمریکای باکور

أ. بەرزاییەکانی ڕۆژ ئاوا.

ب. بەرزاییەکانی خۆر هەلات.

ج. دەشتەکانی ناوەڕاست.

## أ. بەرزاییەکانی خۆرئاوا :-

پشتێنەیەکی فراوان دەگرێتەوە لەبەرزاییەکان لەباکوری قارەکە بۆ باشور. لە( ئالاسکا ) بۆ ( مەکسیك ) بەدرێژایی کەنارەکانی خۆرئاوای. وە فراوانیان لەویلایەتە یەکگرتوەکان دەگاتە ( ١٦٠٠ کم ).

ئەم چیایانەش بەرزبونەتەوە لەوکات وزەمەنەی کەچیاکانی هیمالایا وچیاکانی ئەلبی تێدا بەرز بۆتەوە.

ئەم بەرزاییانەش پێك هاتوون لەزنجیرە چیای بەرامبەر ویەکسان کەچەندین حەوزو بانێکی بەرز لەنێوان ئەم زنجیرە چیایانەدا گەمارۆدراون.

وە بەشەکانی خۆرهەلاتی ناسراون بەناوی (چیای ڕۆکی ) هەروەها زبجیرەکانی خۆرئاوای ناسراون بەناوی

( کۆردیللیرا ٩ یان ( السییرا ).

وەبەردی چیاکان پێك هاتووە لەنوشتاوە وپێچاوە ( الالتوائي ) وەلە بەردی نوێ (صخور الحديث ) کەدەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی کاتی دووەم وکاتی سێ یەم وە شوێنەواری بورکانی نوێی تێدا دەردەکەوێت وە بەردەوام هەندێ بەشی ڕووبەڕوی بومەلەرزە دەبێت.

## ب. بەرزاییەکانی ڕۆژهەلات :-

بەشێکی گەورەی ئەم بەرزاییانە پێك هاتووە لەچیاکانی ئەپەلاش. کەدرێژ دەبێتەوە لەباکوری خۆرهەلات بۆ باشوری خۆرئاوا لەسەر

ڕووبەری (٣٥٠٠ کم ) بەڵام ئەمان زنجیرە چیایەکی بەرزو بڵند وپان نین وەکو زنجیرە چیاکانی کۆردیلێرای خۆرئاوا.

کەبەرزترین لوتکەی دەگاتە (٢٢٢٥ م ) وە پانیان دەکەوێتە نێوان ( ٥٠-١٥٠ کم ).

ئەپەلاش چیایەکی نوشتاوەی کۆنە کەدوچاری داخوران وڕماڵین بووە (التعرية ) بۆماوەیەکی دورو درێژ. پاشان داپۆشراوە بەهەندێ نیشتەنی وبوژاوەتەوە، دواتر دوچاری داخوران وڕماڵین بۆتەوە بۆ جاری دووەم.

وەبەرەو باکور بەرزاییەکانی (لابرادۆر ) درێژ دەبێتەوە. کەتێدەپەڕێت بە بانێکی کۆنی کەمێك بەرز کەدرێژدەبێتەوە لەسەر شێوەی کەوانەیەك کەدەورەدراوە بەکەنداوی هدسن، وەکەنارەکانی باشوری درێژ دەبێتەوە بەرەو (سانت لۆرنس ) ودەریاچە گەورەکان. وە تێدەپەڕێت بەبانی (لابرادۆر )دا کەکۆنترین پێکهاتەی سروشتی یە لەئەمریکای باکوردا. کەپێك هاتووە لەبەردی ئاگرین کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش (کامبری ) ( Cambrian ) وە بەردەوام کردارەکانی کەشکاری وڕماڵین کاریان کردوەتە سەرئەم چیا کۆنانەو هەندێ بەشی لێ لابردووە لەسەر شێوەی بەردی گرانیت و(الغنايس ). پاشان ئاوی دەریا داپیۆشیوە ونوقمی کردوە لەسەر دەمی جیۆلۆجی یەکەم بە چینێکی بەردی کلسی.

پاشان بەرز بونەتەوە لەسەر ئاستی ئاوەکە ودەرکەوتون لەکاتی سێیەم دا. دواتر ڕوبەڕوی کردارەکانی داخوران وڕماڵین بۆتەوە وبوەتە دەشتێکی پڕواوی گەورە ( وەریو ) (حتياكبيرا ).

بەرزایی دەکەوێتە نێوان ( ٣٠٠ –٥٠٠ م ) بەرزاییەکانی خۆرهەلات لەئۆقیانوسی ئەتلەسی دەشتی کەناراوی نزم وتەسك لەباکور جیایی دەکاتەوە بەشێوەیەکی پلە بەپلە بەرە بەرە فراوان دەبێت بە ئاڕاستەی باشورور تاوەکوو ڕوبەڕو دەبێتەوە لەگەڵ دەشتی کەناراوی لەکەنداوی مەکسیك.

بەڵام ئەو دەشتەی کەدەورە دراوە بەکەنداوی (هدسن ) ئەوە فراوانترە وپێکهاتەکەی کۆنترە. کەلەناوەڕستدا گۆلاو وزەلکاوی بەستوو ( المتجمدة ) بڵاوبونەتەوەو، وە داپۆشراوە بەڕوەکی تەندرا.

## ج. دەشتەکانی ناوەڕاست :–

درێژدەبێتەوە لەئۆقیانوسی بەستوی باکور تاوە کو کەنداوی مەکسیك.کەدەکەوێتە نێوان

( دەرعی لۆرنسی) لەباکورو باکوری ڕۆژ هەڵات. وە بەرزایەکانی ئەپەلاش لەڕۆژ هەڵات وباشوری ڕۆژهەڵات، وە لەنێوان چیای ڕۆکی لەخۆرئاوا دەتوانێن دابەشی بکەین بۆ :–

١. زەویە نزمەکانی باکور کەخاوەنی ئاو لەبەر ڕۆشتنە (تصریف ) وەکو دەریاکانی جەمسەری وکەنداوی هدسن وە بەشێك لەقەڵغانی لۆرنسی دەگرێتەوە.

٢. سانت لۆرنس وزەویە نزمەکانی دەریاچەگەورەکان.

٣. زەویە نزمەکانی ناوەڕاست لەمیسیسپی.

٤. زەویە نزمەکانی کەنداو ودەشتە بەرزەکان کەدەکەوێتە لاپاڵەکانی چیایی ڕۆکی کەتیایدا بەرزاییان نزیك دەبێتەوە

لە(١٠٠٠ م ). بەرزایی نیە لەسەر ڕووی ئەم دەشتە فراوانە لەنێوان کەنداوی هدسن وکەنداوی مەکسیك دا جگە لەسێ پارچە (تۆپەڵە) چیایی کەهەندێکیان جیاواز ودوور لەیەکن لەوانی تر. وەکو چیایی أوزارك لەخۆرئاوای میسیسپی وباکوری ڕافدەئیرکنساس، وە بەرزاییەکانی دەریاچە گەورەکان وە گردە ڕەشەکانی ( Black Hills ) ی باشوری داکوتا. کەبەرزایی ئەم بانانە دەکەوێتە نێوان (٧٠٠-٢٤٠٠ م ).

- ڕووبارە کان ودەریاچەکان -

ئەمریکای باکور کۆمەڵێك ڕووبارو دەریاچەی شیرین لەخۆ دەگرێت کەتۆڕێکی زۆرباشی گواستنەوەی ئاوی دروست دەکەن وپێك دێنن. وە گرنگی ئەم تۆڕە لێرە دا سەرچاوە ناگرێت لەدرێژی ڕووبارەکان وزۆر وخوڕەمی ئاوەکانیان ووە توانای دەریاچەکان وقوڵی ئاوەکانیان بەتەنها، بەڵکو ئەم ڕێگا ئاویە لەناوچەیەکدا هەیە کەدەوڵەمەندە بە دەرامەتی کشتوکاڵ وکانزاکان ودانیشتوانیان زۆر وچڕە، وە دەوڵەمەندە بە دابارین وە ئەم باوانە گونجاو وباشە لەبەکارهێنانی بۆ ئاو دێری وبەرهەم هێنانی وزەی کارەبا.

ئاڕاستەی ڕووبارەکان لەقاڕەی ئەمریکای باکوردا بەرەو چوار ئاڕاستەیە ودەڕژێنە ناو دەریاکانی ترەوە.

*«ئەو ڕووبارانەی کەدەڕژێنە ئۆقیانوسی بەستەڵەکی باکورەوە

«

گرنگترین ئەو ڕووبارانەی کەلێژن وبە ئاڕاستەی باکور دەڕۆن ودەڕژێنە زەریای بەستلەکی باکور ڕووباری مەکنزیە ،ەدرێژیەکەی نزیکەی ٤٠٠٠ کم دەبێت، وە سەرچاوە دەگرێت لەچیاکانی ڕۆکی وپاشان دەڕژێتە زەریایی بەستەڵکی باکور وە ڕووباری (اتاباسکا ) کەسەرچاوە دەگرێت لەچیاکانی ڕۆکی ودەچێتە ناو دەریاچەی (اتاباسکا ) پاشان دەریاچەی ( العبد الکبیرة )، دواتر دەگات بە ناوی دەریاچەی (الدب الکبیر ) ورچی گەورە پاشان دەڕژێتە ناو زەریای بەستەڵەکەوە لەدەوری دەلتایەکی فراواندا. .

هەروەها ڕووباری (سکتشوان ) لەشێوەی دۆڵێکدا تێ دەپەڕێت کە ئاوەکەی بەهۆی ڕووباری (( نلسن ))ەوە دەڕوات بۆ کەنداوی هدسن.

وە ئەو ڕێگائاویەی کەلێرەدا هەیە سودێکی کەمی هەیە، بە هۆی ئەوەی کەڕووبەڕووی بەستن دەبێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەساڵێکدا.

* ئەو ڕووبارانەی کەدەڕژێنە زەریای ئەتلەسی :-

زۆرن ئەو ڕووبارانەی کەلێژن بەئاڕاستەی زەریای ئەتلەسی لەبەردەم چیاکانی ئەپەلاش وقەڵغانی لۆرنسی وبانی لیبرادۆر. وە ڕووباری سانت لۆرنسی وپێنج دەریاچە گەورەکان دادەنرێت بە گەورەترین ڕێگای ئاوی لەئەمریکای باکوردا ،

لەزەریای ئەتلەسی دا کەشتیە بازرگانیەکان دەتوانن بەڕووبەری نزیکەی (٤٠٠٠ کم ) بچنە ناو قارەی ئەمریکاوە. وە ڕووباری سانت لۆرنس دەیبەستێت لەهەندێ مانگی زستاندا، بەلام دەریاچە گەورەکان گونجاون ودەتوانرێت بەدرێژایی ساڵ بەکار بهێنرێت بۆ گواستنەوەی ئاوی.

لەبەر ئەوە چەندین شاری گەورەو پیشەسازی گەورە وجۆراو جۆر لەکەنارەکانیدا گەشەیان کردەوە. بەلأم ڕووبارەکانی تر کەدەڕژێنە زەریای ئەتڵەسی ڕووباری‌کورتن ووەزۆرێکیان ئاو ڕۆیشتنیان خێرایە ودەوڵەمەندن بە داباریین وئاو لەبەر ئەوە گرنگی یەکی زۆریان هەیە بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا. وەهەندێکیان بەکاردەهێنرێت وە کوڕێگایەکی ئاوی.

## * ئەو ڕووبارانەی کەدەڕژێنە کەنداوی مەکسیك :-

لێرەدا گەورەترین ڕووباری قاڕەی ئەمریکا لەم ڕووبەرەدا هەیە کەئەویش ڕووباری (میسیسپی ) یە. لەباکورەوە بۆ باشور درێژیەکەی بەبێ زێیی میسۆری دەگاتە دەورووبەری ٤٠٠٠ کم. حەوزەکەی سێ یەکی ⅓ ڕوبەری ویلایەتە یەککگرتوەکان دادەپۆشێت. سەرچاوەکەی لەباکورەوە دەگاتە دەریاچەی (اتاباسکا )و وە دەریاچە بەرزەکان لەڕۆژئاوا پاشان تێدەپەڕێت لەدەورو بەری ژمارەیەك دەریاچەی بچوك وە تاڤگەی زۆر دروست دەکەن. پاشان لەگەڵ چەمی (مینیسوتا ) تێ دەپەڕێت وتاڤگەی (سان انطوان ) دروست دەکەن کەبەکاردێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

وە لەسان لویس میسیسپی دەگت بەزێی‌میسۆری کەدرێژییەکەی تێدەپەڕێت لە٣٩٠٠ کم.

وەسەرچاوەکەی لەچیاکانی ڕۆکیدایە، وە لەدوای سان لویس میسیسپی دەگات بە ڕافدە گرنگەکانی تر ئەوانیش ( الاوهایۆ ) لەلای چەپ وە (نێرکنساس )و ڕووباری سور لەلای ڕاست.

وە میسیسپی لەناوەڕاستی ئاوەڕۆکەیدا بەهێواشی دەڕوات وبەم لاو بەولادا دەکەوێت ونیشتەنیەکی زۆر دەنیشێنێ لەخەوگەکەیدا ( سریرە ).

ئەم ڕووبارە ئاوەکەی زۆر دەبێت بۆ ئاستێکی بەرز لەزەویەکانی چواردەوری کەپارێزگاری دەکات لەداخورانی بەهۆی بەربەستی زەویەکانی بەلآم کەنارەکان تێك دەدات ووێرانی دەکات بەهۆی ئەو برە زۆر گەورەیەی کەهەڵی گرتووە لەنیشتەنی. وە میسیسپی دەڕژێتە کەنداوی مەکسیك دوای ئەوەی دەلتایەکی فراوان دروست دەکات وچەندین لقی ئاوی لێ جیادەبێتەوە ودوردەکەونەوە ودەڕژێنە ئاوی کەنداو.

*لەو ڕووبارانەی تر کەدەڕژێنە ناو ئۆقیانوسی ئارام (هادی ) :–

زنجیرە نوشتاوەکانی خۆرئاوا گەنجینەیەکی سەرەکی ئاوی ڕۆیشتوو دروست دەکەن نەك تەنها بۆ خۆرهەلآت وباکور بەڵکو بەئاڕاستەی خۆرئاواوباشور. زۆر جار ڕووبارەکانی ڕۆژئاوا ئاوەڕۆکەیان کورتە وخێراییان کەمەو گونجاویان کەمە، واتە کەمتر بەکاردێت بۆکەشتی وانی وگواستنەوەی ئاوی،

وە بەکاردێت بۆ ئاودێری وبەرهەم هێنانی کارەبا وساڵ لەدوای ساڵ گرنگی زیاتر دەبێت. ڕووباری (یوکون ) دەژمێردرێت بەگرنگترین ئەو ڕووبارانەی کەدەڕژێنە ئۆقیانوسی ئارامەوە،

کەدرێژیەکەی دەگاتە نزیکەی ۳۰۰۰کم، بەڵام زیان بەخشە بەهۆی لافاوەکانیەوە لەناوچە ئاوەدانەکان بەدانیشتوان. ئەوەی کەگرنگی ئەم ڕووبارە کەم دەکاتەوە ئەوەیە کەئاوەکەی دەیبەستێت بۆماوەی ( ٨ ) مانگ لەساڵێکدا.

وە لەباشووردا ڕووباری ( سکینا ) وە (فریزر ) وە (کۆڵۆمبیا ) وە ( کۆلۆرادۆ ) دەبینرێت. کەدرێژیان دەکەوێتە نێوان (٢٠٠-٣٠٠ کم ) وەسودیان لێوەردەگیرێت بۆ ئاودێری وبەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا وگواستنەوەی ئاوی.

## < ئاو وهەوا > (المناخ)

**ئاووهەوا کاریگەرە بە کۆمەڵێك هۆکاری جوگرافی کەگرنگترینیان ئەمانەن:**

١. شوێن وبەرزو نزمی :-

لەبەر ئەوەی ئەمریکای باکور درێژدەبێتەوە لەباکورەوە لەبازنەی جەمسەری تاوەکوو (مدار سرطان). بۆیە جیاوازییەکی گەورە تێ بی نی دەکرێت لەنێوان باکورو باشوردا لەڕووی گەرمی وساردیەوە. وە قاڕەکە دەورەدراوە لەخۆرهەڵات وخۆرئاوا وە بەزنجیرە چیایەکی تەریب بەزنجیرە دەریایی دەبنەڕێگر لەگەیشتنی کاریگەری ڕەگەزە ئاوو هەوایەکان لەئۆقیانوسی ئەتڵەسی وئارام بۆناو قاڕەکە. وە جیاوازیەکی ئاشکرا دەبینرێت لەنێوان گەرمی وباران، وە لەلایەکی ترەوە نەبوونی بەربەستی شاخ لەباکور وباشور ڕێگەدەدات بە گەیشتنی بای سارد لەزەریای جەمسەری باکورەوە بۆناو وشکانی قاڕەکە. هەروەها بای باشوری گەرم بڵاو دەبێتەوە بۆ دۆڵی میسیسپی خواروو لەچەند مانگێکی دیاریکراوی ساڵ دا. سەر ڕووی ئاوەکانیش کەپێك هاتووە لەدەریاچە گەورەکان کاریگەری خۆیان هەیە لەسەرهەرێمە ئاوو هەواییەکانی دراوسێیان کەلە زستاندا سەرماکە دەشکێنێت وبڕی بارانەکەش زیاد دەکات، وە لەهاویندا دەبێتە خۆشکەری گەرماکە (ملطف الحراري) واتە گەرماکە دەشکێنێت.

٢. تەوژمە دەریایەکان :-

کاریگەریان کەم دەبێتەوە لەناوچە کەناراویەکاندا کاتێك تێ دەپەڕن بەدەورو بەریاندا. بەڵام کاریگەریە دیاریکراوەکە گرنگی یەکی زۆری هەیە لەسەر بەشەکانی ئابوری وگواستنەوەی ئاوی. وەلەلای کەنارەکانی ئەتڵەسیەوە تەوژمی (الاستوائي) نزیك بەگەرما دەبینرێت

کەدەجولێت لەخۆرئاوا بەرەو خۆرهەلات ودەسوڕێتەوە بەدەوری دەریایی کاریبی ودەچێتەناو کەنداوی مەکسیك وکەنارەکانی دراوسێی گەرم دەکات، هەروەها شێ زیاد دەکات وپاشان بارانیش زیاد دەکات. وە ئەم تەوژمە ناودەبرێت بە تەوژمی کەنداو. وە تەوژمی کەنداو لەلای دورگەی ( نیوفاوندلاند ) لەگەڵ تەوژمی لابرادۆری ساردا بەیەك دەگەن، پاشان پێش دەکەوێت بەرەو کەنداوی ( بافن ) کەئاوی جەمسەری ساردی وەرگرتووە.

بەلام کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئارام تەوژمی ئۆقیانوسی ئارامی باکوریان پێدا تێپەڕدەبێت کەدرێژ بووەوەی تەوژمی یابانی گەرمە کەناودەبرێت بە ( کورو شیلۆ ) ( Kuroshio ) تادەگاتە ئاو ڕێژگەی ڕووباری کۆلۆمبیا دابەش دەبێت بۆ دوو بەش :

لقی باکوری بچوك کەبەرە وباکوردەڕوات وبەتەوژمی ئالاسکای گەرم ناسراوە. وەلقی باشوری تەوژمی کالیفۆرنیایە کەئاووهەوای کەنارەکان دەگۆڕێت بەشێوەیەکی هەست پێکرا ولەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی دابەزینی پلەی گەرمی لەگەڵ کەمکردنەوەی داباربن، وە تەم ومژ دروست دەکات لەکەنارەکاندا. وە دەبێتە هۆی دروستکردنی بیابان لەناوچە کەنارەکاندا.

## ٣. پەستان وتۆپەڵە هەواییەکان :-

ئەم قاڕەیە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٢٠° – ٧٠° )ی باکوری هێڵی یەکسانی. کەئەم کاریگەریە بەئاشکرا لەسەر ناوچەکانی پەستان دەبینرێت، لەگەڵ کاریگەری هۆکارە کانی تر کەکاریگەردەبن لەدابەش بوونی ووشکانی ودەریاکان وبارودۆخی بەرزونزمی وهۆکارەکانی تر.

وەگرنگترین ناوچەکانی پەستان کەکاریگەری تێدەکرێت لەقارەکەدا ئەمانەن :-

١. ناوچەی پەستانی بەرز لەسەر ئۆقیانوسی ئەتڵەسی وئارام.
٢. ناوچەی پەستانی نزم لەدەوروبەری هێڵی پانی ( ٦٠° ) لەهەردو وئۆقیانوسی ئەتڵەسی وئارام.یەکەمیان ناودەبرێت بەناوچەی پەستانی ( ئایسلەندا ) وئەوی تریان ناودەبرێت بە ناوچەی پەستانی (اللألوشي ).
٣. ناوچەی پەستانی گۆڕا ولەسەر هەمان قارە، کەئەویش ناوچەی پەستانی نزمە لەهاویندا، وەناوچەی پەستانی بەرز لەزستاندا.

لەوەرزی زستاندا لەقارەکەدا پەستان بەرزە، وەقارەکە دبێتە سەرچاوەی هەڵکردنی بای وشکی سارد. جگە لەهەندێ نەواری هەوایی وەك و(سایکلۆنەکان ورەشەبا، گەردەلول ) کەتێدەپەڕێت بە قارەکەدا لەم وەرزەدا، هۆکارن بۆ کەمبونەوەی باران بەتایبەتی لەناوچە کەناراوە کانی خۆر ئاوادا. هەروەها بای چنۆك (بەفر خۆرە ) ( Chinook )ی وشك وگەرم هەڵدەکات بەتایبەتی لەویلایەتی ( ئەلبرتا ) و( مۆنتانا ) کەپلەی گەرمی بەرز دەکاتەوە وبەفر دەتوێنێتەوە، ئەمە هاوشێوەی بای ( الفوهن )ە لەناوچەی چیاکانی ئەلب لەئەوروپادا.

بەڵام لەوەرزی هاویندا لەم کاتەدا تیشکی خۆر ستوی دەبێت لەسەر هێڵی یەکسانی. وە پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە لەسەر ووشکانی ئەمریکا وە پەستانی نزم زاڵ دەبێت بەسەر ناوجەرگەی قارەکەدا ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕاکێشانی ( با ) لەچوار دەوریەوە بەتایبەتی لەکەنداوی مەکسیك وزەریای ئەتڵەسی وکاریگەری دەریا

دەگاتە ناوجەرگەی قارە کەوئاووهەوایەکی مام ناوەندی شێدار زاڵ دەبێ بەسەریدا.

ئە وتۆپەڵەهەوا سەرەکیەی کەکاردەکاتە سەر ئاووهەوای ئەمریکای باکور تۆپەڵەهەوای جەمسەری ووشکە. کەدروست دەبێت لەباکوری کەنەدا ووەبای ساردی لێوە دەردەچێت کەهەڵدەکات بەرە وباشور تاوەکوو ودەگاتە دەریای کاریبی، وەبە بەرزاییەکانی خۆرئاوادا تێ پەڕدەبێت تاوەکوو ودەگاتە کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئارام ئەم تۆپەڵەهەوایە (بارستە هەوایە ) لەسەر زەریای ئەتڵەسی ڕووبەڕوی بارستە هەوای خولگەیی دەریایی دەبێتەوە، کەبای دەریای گەرم بڵاودەکاتەوە بۆناوەوە. وە لەنێوان ئەم دووبارستە هەوایەدا بەرەیەکی هەوایی دروست دەبێت کەئەویش بەرەی ئەتڵەسی جەمسەریی یە. کەدەبێتە هۆی پێکهێنانی ( سایکلۆنەکان ) کەکاریگەریان هەیە لەسەر ئاووهەوای ئەمریکای باکور.

وە بارستە هەوای خولگەی دەریایی هەڵ دەکاتە سەر قارە کە لەئۆقیانوسی ئارامەوە هۆکارە بۆ پێك هێنانی گەردەلول وڕەشەبا لەسەر کەنارەکانی کالیفۆرنیا لەوەرزی زستاندا. هەروەها بارستە هەوای جەمسەری دەریایی دروست دەبێت لەسەر ئۆقیانوسی ئەتڵەسی کەدەگاتە بەشەکانی قارە کە لەباکوری ڕۆژهەڵات لەزستاندا کەدەبێتە هۆی هێنانی ئاووهەوایەکی پڕلە ساردی کە دەبێتە هۆی دروست کردنی تەم ومژ وهەوری چڕی نزم بوەوە لەهاویندا. بەڵام بارستە هەوای خولگەیی ووشکانی کەدروست دەبێت لەسەر بانە ووشکەکانی باشوری خۆرئاوا کەدەبێتە هۆی بڵا وکردنەوەی گەرمییەکی زۆر لەهاویندا ووەکەشێکی نزیك بەگەرما ( الدافئ ) لەزستاندا.

## * هەرێمە ئاووهەواییەکان *

دەتوانین بەهۆی ئە وجیاوازیانەی کەلەتایبەتمەندیە ئاووهەواییەکاندا هەیە لەنێوان ناوچەکانی قارە کەئەم هەرێمە ئاووهەواییانە جیابکەینەوە.

١. هەرێمی تەندرا :-

دەگاتە ئەوپەڕی باکوری قارە کە لەخۆرهەلاتی لیبرادۆر تاوەکوو وخۆرئاوای ئالاسکا. ئەم هەرێمە ناسراوە بەهاوینێکی کورت ونزیك بەگەرما ( الدفء)وە زستانێکی درێژ وزۆر سارد. وە دابارین لێرەدا بەزۆری لەشێوەی بەفردایە.

٢. ئاووهەوای نیمچە جەمسەری :-

پشتێنەیەکی پان دروست دەکات وتێدەپەڕێت بە قارەکەدا لەنێوان خۆرهەڵات وخۆرئاوادا ودرێژ دەبێتەوە لەباشوری هەرێمی پێشوو.ناسراوە بەزستانێکی قورس. بەڵام ماوەی هاوینی درێژترە وماوەی خۆر کەوتنی گەورەی هەیە. وە هێڵی گەرمای یەکسانی ( ٢٠° ) تێدەپەڕێت بەسنوری باشوری ئەم هەرێمەدا لەوەرزی هاویندا، وە دابارینی باران زیاتر دەبێت لە وەرزی هاویندا.

هەروەها پلەی گەرمای لەنێوان سارد ترین مانگ وگەرمترین مانگیدا دەکەوێتە نێوان ( - ٢٧°) لەمانگی کانونی دووەم داوە ( ٢٠° ) لەماگی ئابدا.

٣. ئاووهەوای ووشکی شێدار :-

دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی کەنەدا وباکوری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکان، گرنگترین تایبەت مەندی ئەم هەرێمە ئەوەیە کەناسراوە

به بوونی جیاوازیەکی گەورە لەپلەی گەرمی لەنێوان زستان وهاویندا ( -١٠° بۆ ٢٠,٦° ) هەروەها لەگەل بوونی ڕێژەیەکی کەمی شێداری. هەرچەندە بەئاراستەی باشوری خۆر هەلآت بڕۆین ئەوا ئاووهەوا زیاتر گەرم دەبێت وزستانی کەمتر دەبێتەوە وماوەی وەرزی هاوینی درێژتر دەبێت.

٤. هەرێمی نیمچە خولگەیی شێدار :-

درێژ دەبێتەوە لەباشوری هەرێمی پێشوو. وە جیا دەکرێتەوە بەزستانێکی مام ناوەند وهاوینی زۆر گەرم. وەناوندی گەرما لەزستاندا دەگاتە ٧,٢° لەناوچەکەناراوە کاندا. بەلآم ناوەندی گەرما لەهاویندا دەگاتە ٢٧°،

وە ڕێژەی باران دەکەوێتە نێوان ( ٥٠٠ - ١٤٠٠ ملم ).

٥. هەرێمی ئاووهەوای نیمچە ووشك :-

دەکەوێتە خۆرئاوای دو وهەرێمەکەی پێشوو. ئەبێتە ناوچەیەکی ووشك وپلەی گەرمای زیادەڕۆیی دەکات

لە( -١٤,٣° ) بۆ ( ٢٠,٦° ) پلەی سەدی. وەبارانی هاوینەیە وکەم دەبێتەوە هەرچەندە بەئاڕاستەی خۆر ئاوا بڕۆین تاوەکو ودەگەینە ئاووهەوای ووشك.

٦. هەرێمی ئاووهەوای ووشکی بیابانی :-

دەکەوێتە ناوچەی خۆرئاوا لەقارەکەدا. ئەکەوێتە ناوچەی سێبەری باران لەچیاکانی سیرانیڤادا وکاسکێد.

وەناوەندی بارانی سالآنەی لەبەرزترین باندا کەمترە لە٢٥٠ملم هەتاوەکوو بەئاراستەی باشوربڕۆین ووشکی زیاد دەکات تاوەکوو دەگەینە ناوجەرگەی بیابانی گەرم و ووشك لەباشوری کالیفۆرنیا.

٧. هەرێمی ئاووهەوای مام ناوەندی :-

ئەم هەرێمە ئاووهەوایە دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەی کەناری خۆرئاوا لەویلایەتی کالی فۆرنیا، وەناسراوە بەهاوینی درێژ وگەرم و ووشك وەزستانی نزیك بەگەرما وباراناوی. وەڕێژەی بارانی سالآنە دەکەوێتە نێوان ( ٣٠٠ – ٥٠٠ ملم ).

٨. هەرێمی ئاووهەوای زەریای ئارام :-

ئەم هەرێمە ئاووهەوایە خۆی دەنوێنێت لەناوچەی کەنارەکانی خۆرئاوا لەباکوری هێڵی پانی ٤٢° باکور، وەباشوری هێڵی پانی ٦٠° باکور، ئەم هەرێمە دەناسرێت بەزستانێکی مام ناوەند وهاوینێکی نزیك بەگەرم. پلەی گەرما تێ‌پەڕنەبێت لە ١٤,٤° پلەی سەدی، وەڕێژەی داباریني سالآنە دەگاتە (٧٥٠ ملم ).

# *ڕووەکی سروشتی*

قاڕەی ئەمریکای باکور جیادەکرێتەوە بەجۆراوجۆری ڕووەك، بەهۆی جیاوازی ئاووهەوا وبەرز ونزمی و وەدرێژبوونەوەیەکی گەورە لەسەر هێڵەکانی پانی.

وەدەتوانین دابەشی بکەین بۆئەم هەرێمانەی خوارەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە ( ٢ )




ڕوپۆشی ڕوەکی لەئەمریکای باکوردا.

١. هەرێمی تەندرا :-

ئەم هەرێمە ئەرخەبیلی دورگەی کەنەدی دەگرێتەخۆی، کەدەورەدراوە بەکەنداوی هدسن، وەدرێژدەبێتەوەی لەسەرشێوەی پشتێنەیەك

لەکەنداوی هاملتۆنەوە لەلیبرادۆر بۆئالاسکا کەناوچەیەکی بیابانی بەستوی پێك دێنێت.

گەشەی تێدانیە جگە لەهەندێ ڕووەکی جەمسەری لەوەرزی هاویندا. هەرچەندە بەرەو باشوربڕۆین درەختی ( تایگا ) دەبینرێت بەتایبەتی لەودۆلانەی کەپارێزراون بە بەستەڵەك.

٢. هەرێمی دارستانی سنەوبەری :-

پشتێنەی دارستانی سنەوبەری درێژئەبێتەوە لەحەوزی ڕووباری ( سانت لۆرنس ) لە خۆرئاوا وبا کوری خۆرئاوا تاوەکوو کەنارەکانی چیایی ڕۆکی، وە بەهەزاران هێکتار لەم دارستانانە بڕدراون بۆمەبەستی کشتوکاڵکردن ولەوەڕاندن. چەندین درەختی جۆراوجۆر هەیە لەم دارستانانەدا گرنگترینیان درەختی بوتولای زەردە ودرەختی هەڵواسراو کەبەکاردەهێنرێت لەپیشەسازی ناوماڵ دا، هەروەها درەختی ئەرزی سپی وەشەربین....هتد.

٣. هەرێمی دارستانی مام ناوەندی سارد :-

بلاودەبێتەوە لەویلایەتەکانی خۆرهەلات لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. لەوشوێنانەی کەبەدرێژایی ساڵ بارانیان هەیە، وە لەبەشی باکوری ئەم هەرێمە ( لەباشوری نیوگلاند ) دارستانی هەڵواسراو گەشە دەکات لەگرنگترین دارەکانی ( بوتولاو وزەرد وئەسفندان ودەرداروزانە )، بەلام دارستانی هەڵواسراوی باشور(هەڵوەریو) ناوچەیەکی گەورە دەگرێتەوە کەدەکەوێتە نێوان چیاکانی ئەپەلاش وڕووباری (اوهایۆ ومیسیسپی)وە هەرێمی بەراری. کەدرەختەکانی ( داربەڕوو، بندق، حور ) داپۆشیوە، بەلام دارستانی هەڵوەریو سنەوبەری تێکەلاو دەکەونە زەویەکانی ( پێد مۆنت ) وباکوری ویلایەتەکانی باشوری خۆرهەلات

وئێرکنساس. وەگرنگترین دارەکانی ئەم دارستانە بریتین لە( بەڕوو، وەداری سنەوبەری وحۆر وئەسفندان ).

٤. هەرێمی دارسانی مام ناوەندی گەرم :-

ئەم دارستانە دەکەوێتە دەشتی کەناری ئەتڵەسی وباشوری ویلایەتەکانی کەنداوی مەکسیك.

ئەم دارستانە درەختەکانی (سنەوبەر وسەر ودەرختی کەتیرە ) لەخۆدەگرێت کەدرەختی ( المانغروف ) گەشەدەکات لەوناوچانەی کەمێك سوێرن بەتایبەتی لەنیمچە دورگەی فلۆریدا. وەبەشێکی گەورەی ئەم دارستانانە بڕدراون بۆمەبەستی کشتوکاڵگردن.

٥. هەرێمی گژوگیا :-

دەکەوێتە خۆرئاوای هەردوو هەرێمەکەی پێشوو، کەناوچەیەکی زۆر ووشکە. هەتاوەکو بەئاڕاستەی خۆرئاوا بڕۆین دابارین کەم دەکات تاوەکوو دەگەینە ناوچەی ستێپس.

کەگژوگیای درێژ دەکەوێتە خۆرهەڵاتی (انديانا، اللينوي ) بەڵام گژوگیای کورت دەکەوێتە خۆرئاوای هێڵی درێژی ( ١٠٠° ) پلەی خۆرئاوا ( ايوا وداكوتای باشور ). ڕووبەرێکی فراوانی ئەم دارستانە سروشتی وگژوگیایانە لەناوبراوە بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ وەکو ( لۆکە وگەنم ).

٦. هەرێمی ڕووەکی بیابانی :-

ئەم ڕووەکانە دەکەونە حەوزەکانی چیاتاوەکیەکان وەکو حەوزی گەورە وبانی لارامی وبانی کۆلۆرادۆ.

وە لەخۆرئاوای ئەمریکا ولەخۆرئاوای مەکسیك. هیچ جۆرە ڕووەکێك نابینرێت جگە لەڕووەکی ئارام گرتوو گژوگیای کورت وهەندێ داری دڕکاوی کورت نەبێت.

٧. هەرێمی دارستانی ئۆقیانوسی ئارام :-

سنوری ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکوری خۆر ئاوا لەویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا وباشوری خۆرئاوا لەکەنەدا لەنێوان هێڵی پانی (٤٢° - ٦٠° )باکور.

دارستانی ئەم ناوچەیە تێکەڵە لەدرەختی ڕیشدار وکورت وە گەلاهەڵوەرێن، لەگرنگترینیان درەختی ( شەربین - دوگلاس - سنەوبەری زەرد - شەربینی سپی، سنەوبەری شۆڕەوەبوو... هتد).

٨. هەرێمی دارستانی دەریای ناوەڕاست :-

لەوپەڕی خۆرئاوای ئەمریکا وباشوری هەرێمی پێشودا هەیە. وە داپۆشراوە بەو ڕووەکانەی کەلەناوچەی دەریایی ناوەڕاستدا هەن لەنیوەگۆی خۆرهەلات.

وەداری بەڕوو سنەوبەریەکان وحۆر گەشەدەکەن لەم هەرێمەدا.

## *جۆرەكانی خاك*

خاك ئەو ڕوپۆشە تەنكەی توێکڵی زەویە کەبەشێوەیەکی نەرم ونیان دروست دەبێت لەپارچە بەردی تێکەڵ بەمەوادی ئەندامی وە ڕووەکیش لەسەری دەژی. وە خاکیش جۆراو جۆر وجیاوازە بەهۆی جیاوازی جۆری بەردی دایك ( بنەڕەتی ) وئاووهەوای باو ڕوپۆشی ڕووەکی، وە لەگرنگترین جۆرەکانی خاك لەقارەی ئەمریکای باکوردا ئەمانەن :-

١. خاکی لاترایت :- ئەم جۆرە خاکە هەیە لەناوچەی خولگەیی کەجیادەکرێتەوە بەبارانێکی زۆر کەدەبارێت لەوەرزی دیاریکراودا. وە بەدوایدا وەرزێکی گەرمی زۆر ووشك دێت کەبەهەڵم بوونی خێرا یارمەتی ئەمەدەدات وە ڕێژەیەکی زۆر لەنیشتەنی تێدا نیشتووە لەئاسن وسلیکات وئەلەمنیۆم و...هتد. کەڕوپۆش وپێکهاتەیەکی سوری دروستکردوە. ئەم خاکە بەپیت نیە وبڵاوبۆتەوە لەپشتێنەی لۆکە لەباشوری ویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

٢. خاکی پۆدزۆڵ Pod sol Soil :-

ئەم جۆرە خاکە بڵاوبۆتەوە لەباکوری قارەکەدا، کەزستانی درێژ وساردە وهاوینی کورتە.

کەدەبینرێت لەهەرێمی دارستانی سنەوبەریدا.

ئەم جۆرە خاکە هەژارە بەمەوادی ئەندامی وترشی کە ڕوبەڕوی ڕامالێن بوەتەوە. ئەو بەرهەمانەی تێدا دەڕوێت کەگەشەکردنیان خێرایە وەکو پەتاتە وخرپۆك.

٣. خاكی قاوەیی :-

ئەم جۆرە خاكە دروست بووە لەناوچەی دارستانی گەلاوەریو، كەئاووهەوای زیاتر مام ناوەندە. ئەمەش وایكردوە كەدەولەمەند تربێت لەخاكی بۆدزۆلی پێشوو لەڕووی مەوادی ئەندامی وكانزایی. كەخاوەنی ڕەنگێكی ڕوو بەسورە بەرەو مەیلەو ڕەش ( ئەسمەر ) وبلاوبۆتەوە لەخۆرهەلاتی ویلایەتەیەككگرتووەكان وەجیادەكرێتەوە بەپیتی.

٤. خاكی بەراری Prarie Soil :-

بلاودەبێتەوە لەهەرێمی ناوەڕاستی خۆرئاوا لەویلایەتە یەككگرتوەكان. وە جیادەكرێتەوە بەڕەنگێكی تاریك وەدەولەمەندە بەمەوادی ئەندامی وكەمی شێداری وە هەژارە بەمەوادی تفت بەتایبەتی كلس وە لەهەموو كاتێكدا خاكی بەراری بەپیت ترین جۆری خاك دەژمێردرێت لەقارەكەدا.

٥. خاكی ڕەش Cherno Sem چێرنۆزم :-

ئەمەش خاكێكی بەپیتە كەبلاودەبێتەوە لەهەرێمی ( ئەستێپس ) ئەمە باشترین خاكە بۆ بەرهەم هێنانی گەنم. ئەم خاكە جیادەكرێتەوە بەدەولەمەندی بەكلس مەوادی ئەندامی وەتوانای داچۆڕاندنی ئاوی هەیە.

٦. خاكی (البنية )خاكی مەیلەو قاوەیی :-

ناسراوە بەناوی خاكی ستێپس كەستەنائی، ئەمەش كراوەترە لەخاكی ڕەش (ڕەشێكی كراوەیە ). وەكەمتر دەولەمەندە بەكلس ومەوادی ئەندامی بەبەراورد لەگەلّ خاكی پێشوو. درێژدەبێتەوە لەسەر شێوەی شریتێك لەباكور وباشور لەنێوان بەراری قەدپالەكانی چیای ڕۆكی.

٧. خاكی بیابانی :-

ئەمەش خاكێكی نەرم وتەنكە، وە هەژارە بەمەوادی ئەندامی، وە بلاودەبێتەوە لەحەوزەكان ودۆڵەكاندا.

وە بارانی كەمە لەباشور وخۆرئاوا لەویلایەتە یەكگرتوەكان وبەرزایەكانی خۆرئاوا وئەوناوچانەی كەكەوتونەتە باشور لەكالیفۆرنیا وخۆرئاوای مەكسیك.

بارانیان كەمەو بەهەڵم بون بەرزە لەوناوچانەی كە دیاریدەی خاسیەتی موینی تێدایە ( الخاصة الشعرية ) كەكاردەكات بۆ ڕاكێشانی هەندێ مەوادی كانزایی بۆ سەر ڕووی زەوی. لەبەرئەوە خاكی خۆر ئاوا ووشكە دەتوانرێت بەرهەمی زیادبكرێت ئەگەر ئاوی ئاودێری بۆ دابین بكرێت.

## * بەشی دووەم *

جوگرافیای مرۆیی وئابوری قارەکە :-

* بنەچەی دانیشتوان :- ئەمریکای باکور بەیەکێك لەوقارانە دەژمێردرێت کەزۆرترین هاوڵاتی کۆچکەری جۆراو جۆر ڕویان تێکردوە لەجیهاندا. زۆرێك لەبەرز خوازان وتەماع خوازان وچاونەترسان ( مغامرین ) ودوورخراوان وئاوارانی جۆراوجۆر لەبەشەکانی جیهاندا ڕاکێشاوە، بەتایبەتی لەئەورروپادا ئەوانەی بەکۆمەڵ لەپێناو دەست کەوتنی سەروەت وسامانی زۆر داهاتوون بۆ ئەم قارە نوێیە، ئەم قارەیە بو بەوپارچە خاکەی کەزۆرێك لە جنس ورەگەزە کۆمەڵە مرۆییەکان تێدا توانەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ دروست ببێت کەدەناسرێتەوە بەچەند تایبەتمەندیەکی باش.

کەدەتوانین ئەم کۆمەڵە مرۆییانە جیابکەینەوە لەم قارەیەدا :-

١. دانیشتوانی هیندی :- زانایان کۆڕان لەسەر ئەوەی کەهیندیەکان هاتوون بۆ ئەمریکای باکور لەقارەی ئاسیاوە لەڕێگەی تەنگەبەری ( بهرنغ ) لەماوەی دوای سەردەمی سەهۆڵ بەندانی کۆتایی. کە ئەم تەنگەبەرە بەستویەتی ئەمەش یارمەتی دەربوە بۆ جوڵان وگواستنەوە بەئاسانی لەباکوری خۆرهەڵاتی ئاسیاوە بەئاڕاستەی ئالاسکا وکەنەدا. بەپێی ڕای ( جریفس تایلۆر ): ئەسکیمۆکان لەکەنەدا یەکەمین کۆچکەرن بۆ ئەمریکا وەهەموویان دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگەزی مەغۆلی ( مەگۆلی ) بەپێی تایبەتمەندیە جەستەیەکان بۆ هیندیە سورەکانی ئیستاوە سیفەتی ئەو جومگانەی کەدۆزراونەتەوە

لەکۆندا. لەوکاتەوەی کەئەوروپیەکان هاتوون بۆ قارەی ئەمریکا دانیشتوانی ڕەسەن لەهیندیەکان وئەسکیمۆ ڕێژەیان ( ١ – ٢ ) ملیۆن بوە کەزۆربەیان لەخۆرئاوادابوون. ئەم هۆزە کۆچکەرانە ئاڕاستەیان کرد لەباکورەوە بۆ باشور کەدورنەبون لەکەنارەکانی ئۆقیانسی ئارام. ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکای باکورکەم بوە توانیویەتی پێشوازی بکات لە ملاین کۆچکەر وپارێزگاریکردنیان. دانیشتوانی ڕەسەن ڕوبەڕوی کردارەکانی کۆچکردن وکوشتن بونەتەوە پێش کۆچکەرانی ئەوروپا. سەرەڕای گواستنەوەی نەخۆشی لەگەڵ کۆچکەراندا وەکو کۆلێرا کەبوەهۆی لەناوچونی ژمارەکی زۆریان. دانیشتوانی ڕەسەن نەماونەتەوە تەنها کەمێکیان نەبێت لەکەنەداو ویلایەتە یەکگرتوەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی دانیشتوان زیاد دەکات بەڕێژەی ٣٠ ٪ - لەمەکسیك. هەروەها متیزۆ ٦٠ ٪ دانیشتوانی مەکسیك پێك دێنن کەئەمانیش ڕەگەزێکی تێکەڵە لەهیند وسپیەکان.

٢. زنجیە ئەمریکیەکان :- لەڕاستیدا بەکارهێنانی قارەکە وبەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان وە کانە خەڵوزەکان پێویستیان بەدەستی کارکەری زۆر هەیە. هەروەها زۆربەی دانیشتوانی ڕەسەنی قارەکە ڕازی نەبوون هاوکاری بکەن لەگەڵ ئەوروپیەکاندا لەکارکردن لەکێڵگە وکانەکاندا، بەڵکو لێرەدا جەنگ وقوربانیەکی زۆر ڕویداوە لەنێوان ئەم دوولایەنەدا. ئەمانە بونەتە هۆی دەرکەوتن وگەشەسەندنی بازرگانی سێگۆشە لەنێوان قارەی ئەفریقیا وئەم قارەتازەیەدا. وە

کەشتیە نەفەر هەڵگرە ئەوروپیەکان هەزاران زنجیان هەڵگرتووە لەکۆتایی سەدەی پانزەهەمدا بۆ جیهانی نوێ بەتایبەتی ئەمریکای ناوەڕاست وباشوری ئەمریکای باکور.

ژمارەی زنجیەکان لە ئەمریکای باکور دامەزەندە دەکرێت بەنزیکەی (٢٣ ) ملیۆن کەس ونزیکەی ٨,٥٪ لەکۆی دانیشتوان. وە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کۆبونەتەوە لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.

٣. ئاسیایەکان :-

بێگومان کۆمەڵە مرۆیەکان هاتوون لەشارە جیاوازەکانی ئاسیاوە بەتایبەتی لەیابان وچین وە نیشتەجێبوون لەناوچەکانی خۆر ئاوا لەویلایەتە یەکگرتوەکان کەزیاتر کاردەکەن لەڕێگاو بان وکانەکاندا.

٤. ئەوروپیەکان :-

دادەنرێن بەزۆرترین خەڵك لەقارەکەدا گەورەترینیان دەگەڕینەوە بۆ ڕەسەنی ئەنگلۆسەکسۆنی بەتایبەتی بەریتانیایەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکان وکەنەدا وە فەڕەنسیەکان بەتایبەتی لەکەنەدا وەئیسپانیەکان لەمەکسیك وەکەمێك لەپۆڵەندیەکان وهۆڵەندیەکان وئیتالیایەکان وئەڵمانیەکان وئەوانی تر...هتد.

لەم قارەیەدا دوو بەش لەئەنگلۆسەکسۆن جیادەکرێتەوە کەویلایەتە یەکگرتوەکان وکەنەدا دەگرێتە خۆ. ئەمەش لەبەرئەوەی کەزۆربەی کۆچکەران بەڕەسەن بەریتانین وزمانی ئینگلیزی زمانی ڕەسەنە، بەڵام مەکسیك پەیوەست دەبێت بەوەی کەناودەبرێت بەئەمریکای لاتین بەهۆی گەورەیی ڕەگەزی لاتینی کەڕەسەنیان ئیسپانین وزمانی سەرەکیان زمانی ئیسپانیایی یە.

# * گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان *

ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکای باکور لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا نزیکەی (٧٥ ) ملیۆن کەسە. ئەم ژمارەیە بەرز بویەوە بۆ دەوروبەری ( ٢٧٣ ) ملیۆن کەس لەساڵی ١٩٧٠ دا وە بۆ (٣٠٠ ) ملیۆن کەس لەساڵی ١٩٧٦ دا. ئەمە زیاد بوونێکی گەورە وخێرایە لەژمارەی دانیشتواندا بەتەنها تەفسیر وڕاڤەناکرێت بەزیاد بونی سروشتی بۆدانیشتوان. کەلەمەشدا شەپۆلە کۆچکەرەکان دەورێکی باڵایان هەبوە کەبە بەردەوامی لەبەشە جیاوازەکانی جیهانەوە هاتون، وە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا چەند یاسایەکی رێکخەر دەرچوو کەیەکیان دەگرتەوە لەگەڵ شەپۆلی کۆچدا تاوای لێهات کورتکرایەوە لەسەر پسپۆڕیەکی گرنگ ودەگمەن کەولات پێویستی پێی بوو بەتایبەتی ( ویلایەتە یەکگرتوەکان ).

لەگەل ئەوەشدا ئەمریکای باکور بەوقاڕانە دەژمێردرێت کەدانیشتوانی کەمە، وە چڕی ڕەها لەم قاڕەیەدا دەگاتە نزیکەی ( ٢١ ) کەس /کم ٢.

بەڵام ئەمە وێنەیەکی ڕاستەقینەمان پیشان نادات دەربارەی چڕی لەبەشە جیاوازەکانی قاڕەکەو هەروەها دەوڵەتەکانیشدا.

لەکاتێکدا چڕی لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا دەگاتە نزیکەی ٢٣ کەس /کم ٢، وە لەکەنەدا نزیکەی ٢ کەس /کم ٢ وە لەمەکسیك نزیکەی ٣٢ کەس /کم ٢.

وە لەهەمان کاتدا چڕی دانیشتوانی جیاواز دەبینرێت لەناوچەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا. لەکاتێکدا لەناوچەی ( رود ایلند ) بەرز دەبێتەوە بۆ ٢٠٠٠ کەس /کم٢. بەلام لە (نیفا )دا دادەبەزێت بۆ

دەوروبەری ٦ کەس/کم٢، پاشان دەگاتە کەمتر لەکەسێك لەبیابانی (نیفادا ). بەڵام لەکەنەدا زیاتر لە٩٠٪ی دانیشتوانی کەنەدا دەکەونە ناوچە پیشەسازیەکانی باشور وباشوری خۆرهەڵات. وە لەمەکسیك نزیکەی ٧٠٪ کۆی دانیشتوان کەوتونەتە سەر بانەکان بەتایبەتی بانی باشور کەئاووهەوای مام ناوەندە وخاکەکەی بورکانی وبەپیتە، کەنیوەی کۆی دانیشتوان لەخۆدەگرێت وە لەدیاردە سەرەکیەکانی دانیشتوان لەئەمریکای باکوردا بڵاوبونەوەی دیاردەی کۆچە لەلادێوە بۆشار بەشێوەیەك لەکاتی ئێستادا نزیکەی ٧٠٪ دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکەونە شارەکان بەتایبەتی لەناوچە گەورەکانی ناوەوە کەدرێژدەبێتەوە لەناوەڕاست تاوەکوو واشنطۆنکەنزیکەی ٤٠ ملیۆن کەسی تێدا نیشتە جێ بووە، وەڕێژەی دانیشتوانی شارنشین بەرز دەبێتەوە لەکەنەدادا بۆ نزیکەی ٨٠٪ لەنێوانیاندا تەنها ١٢٪ لەکۆی دانیشتوان کاری کشتوکاڵی دەکەن.

## *چالاكی ئابوری *

### أ/ كشتوكاڵ :-

لەقاڕەی ئەمریكای باكوری فراواندا كەئاووهەوا وبەرزونزمی جۆراوجۆرە. وە كشتوكاڵیش ناوچەیەكی فراوان دەگرێتەوە كەناودەبرێت بەو پشتێنە كشتوكاڵیانەی كەكاریگەری هۆكاری ئاووهەوایان بەئاشكرا لەسەر ڕوون دەبێتەوە :-

١. پشتێنەی گەنمی بەهارە :-

كەدرێژ دەبێتەوە لەناوەڕاستی كەنەدا بۆ ناوەڕاستی حەوزی میسیسپی، كەئەم ناوچەیە جیادەكرێتەوە بەزستانی درێژ وسارد وبارانی مام ناوەندی. بەڵام هاوینی ووشك وخۆرەتاوە كە ئەمەش پێویستەبۆ گەشەی گەنم.

٢. پشتێنەی گەنمەشامی :- درێژدەبێتەوە بۆ باشوری پشتێنەی گەنمی بەهارە كە كەزستانی كورترەو ساردی كەمترە، وە هاوینی درێژ وگەرمە. بارانی زیاترە ئەمەش یارمەتی كشتوكاڵی گەنمەشامی دەدات.

٣. پشتێنەی گەنمەشامی وگەنمی زستانە :-

كشتوكاڵی گەنمەشامی وگەنمی زستانە درێژدەبێتەوە لەباشوری پشتێنەی گەنمە شامی، كەجیادەكرێتەوە بەوەی كەزستانی ووشك نیە وگەنم پێشتر گەورەدەبێت وپێدەگات ولەڕۆژانی هاویندا دروێنە دەكرێت پێش ئەوەی گەنمە شامیەكە پێبگات.

٤. پشتێنەی ژێرخولگەیی :-

کەدەورە دراوە بەکەنداوی مەکسیك، وەقامیشی شەکر بەرهەم دێنێت لەگەل لۆکە وئەرز ومیوە کەئاووهەواکەی مام ناوەندی گەرمە.

٥. پشتێنەی بەخێوکردنی مەڕ ومالآت وکشتوکالی ووشك :-
دەکەوێتە ئەوناوچانەی کەبارانیان کەمە ودرێژدەبێتەوە لەخۆرئاوای هێلی درێژی ١٠٠° پلەی خۆرئاوا بۆ چیای ڕۆکی وکەنارەکانی خۆرئاوای مەکسیك.

٦. پشتێنەی لەوەڕاندنی مەڕ ومالآت بۆشیر وکشتوکالی تێکەل :-
دەکەوێتە باشوری پشتێنەی دارستانی قوچەکی لەناوچەی دەریاچە گەورەکان، کەدرێژدەبێتەوە بەئاڕاستەی باکوری خۆرهەلآت لەنێوان زەویە نزمە کان لەسانت لۆرنس.

٧. لەناوچەکانی ناوەڕاست لەناوەڕاستی کالیفۆڕنیا :-
لێرەدا چەندین میوەی ئاووهەوای نزیك بەگەرما هەیە لەگەل گەنم وسەوزەهات کەپشت دەبەستێت بەئاودێری.

٨. لەمەکسیك :- چەندین بەرهەم تێدا گەشەدەکات وە جۆرا وجۆردەبن بەپێی بەرزایەکان، وەکو مۆز کەهەیە لەزەویە کەناراویەکانی خۆرهەلآتی شێدار. وە گەنم لەبانەکاندا وسنەوبەر لەبەرزاییە زۆرەکاندا.

بارودۆخی ئاووهەوا سەختە لەکەنەدادا وە کشتوکال دەورێکی بالآی هەیە لەئابوری کەنەدادا، کەلە٩-١٥٪ بەشدارە لەبەرهەمی ناردەنی، کشتوکالیش پشتێنەی خۆرهەلآت وپشتێنەی باشوری بەراری وپشتێنەی هادی ( ئارام ) دەگرێتەوە.

بەلآم لەمەکسیك کشتوکال دادەنرێت بە پیشەی سەرەکی دانیشتوان کەنزیکەی لە٥٤٪ کۆی هێزی کارکەر تێدا کاردەکەن. ڕووبەری زەوی چێنراو دەگاتە نزیکەی ١٩ ملیۆن هێکتار، بەشێکی گەورەی کشتوکالی

پشت دەبەستێت بەئاوی باران وە گرنگترین ئەو بەرهەمانەی کە بەرهەم دەهێنرێت بریتین لە( گەنمەشامی وگەنم ومیوە وشیرەمەنی ).

بەڵام لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا کەدەشتی فراوان وئاووهەوای جۆرا وجۆر وڕووباری زۆرهەیە، لەبەر ئەوە کشتوکاڵ ڕووبەرێکی فراوانی داپۆشیوە، کەلە٥٠٪ ڕووبەرەکەی کراوە بەکشتوکاڵ، وە ڕووبەری زەوی چێنراو بەگەنم یەکسانە بەهەموو ڕووبەری فەرەنسا وئەڵمانیا وئیتالیا.

وەژمارەی جوتیاران لەویلایەتە یەککگرتوەکان نزیکەی ١٠,٥ ملیۆن گشتیارە کەلە ٥٪ کۆی دانیشتوان دەکات، ئەمە کشتوکاڵی ئامێرە، هەروەها ژمارەی ڕاکێشەر وتراکتۆرەکان نزیکەی ( ٥ ) ملیۆن تراکتۆر بوە،

وە ژمارەی کۆکەرەوەکان ( دروێنەکەران ) ٦٥٠ هەزار کۆکەرەوەبوە.

هەروەها ویلایەتە یەککگرتوەکان نزیکەی٤٠٪ بەرهەمی لۆکەی هەموو جیهان بەرهەم دێنێ. وەلە ٤٠٪ گەنمە شامی و١٦٪ گەنم و٢٠٪ کەتان.

لەگرنگترین تایبەتمەندیەکانی کشتوکاڵی ئەمریکا ئەوەیە کەبەناوبانگە بەپسپۆڕی لەبەرهەم هێناندا،

هەرەوەها کشتوکاڵی ئەمریکا کشتوکاڵێکی پێشکەوتو وگەشە سەندوە لەهەمان کاتدا. کەنوێترین ئامرازی زانستی وتەقەنی وپێشکەوتوی تێدا بەکاردەهێنرێت بەئامانجی زیادکردنی بەرهەم وبەرگریکردن لەنەخۆشیەکان.

## ب/ بەرهەمە ئاژەڵیەکان :-

قاڕەی ئەمریکای باکور خاوەنی بەرهەمێکی گەورەیە لەئاژەل کەلەپێشەوەی قاڕەکانی جیهان دادەنرێت لەڕووی بەرهەمی سامانی

ئاژەڵی، کەژمارەی ئاژەڵەکان لەساڵی ١٩٧٦ دەخەمڵێنرێت بەنزیکەی ١٩٠ ملیۆن سەر مەڕ ومالآت وە ٦٧ ملیۆن بەراز و٢٤ ملیۆن سەر مەڕ وبزن، وەملیۆنان سەر لەئاژەڵی بار.

ویلایەتە یەکگرتوەکان دەژمێردرێت بەدەوڵەمەندترین ولآتی جیهان لەسامانی ئاژەلیدا، لەکاتێکدا کەشێوازێکی نوێ وزانستی رێکخراو بەکاردێت لەوکێڵگە نمونەییانەی کەنزیکن لەشارەکانەوە، بەتایبەتی لەکێڵگەکانی ڕەشە وولآخی شیردەر.

مەڕومالآت لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا لەساڵی ١٩٧٦ دەگاتە نزیکەی ١٢٨ ملیۆن سەر لەمەڕ ومالآت وە (٥٠ ) ملیۆن سەر لەبەراز وە ١٣ ملیۆن سەر لەمەڕ وبزن.

## ج/ کانزا کاری :-

زەویەکانی ئەمریکای باکور کۆمەڵێکی زۆر لەکانزا لەخۆ دەگرن کەسەرچاوەی ووزەن.

ئەم سەرچاوەی کانزاو ووزە جۆراو جۆرانە یارمەتی دەرێکی گەورەبوە بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی قورس کەویلایەتە یەککگرتوەکان بەپلەی یەکەم لێی سود مەندەبێت پاشان بەپلەی دووەم کەنەدا.

لەگرنگترین ئەو هۆکارانەش کەیارمەتی دەوڵەمەندبونی ئەم قارەیداوە بەکانزا وکانزا دەرهێنان ( کانزاکاری )، سروشتی قارەکەیە لەگەڵ جیۆلۆجی قارەکە کەڕووبەرێکی فراوانی بەردی ئاگرین لەخۆ دەگرێت لەقەڵغانی کەنەداو چیاکۆنەکان وەك چیای ئەپەلآش پاشان ڕووبەرێك لەچیاکان وبانەکان ودەشتەکان کەخاوەنی پێکهاتەیەکی جیۆلۆجی نوێن بەتایبەتی لەناوەڕاست وخۆرئاوای قارەکەدا.

پێشکەوتنی کانزاکاری ڕۆڵێکی زۆر گەورەی هەبو لەبواری ئابوری شارەکانی قارەکەدا. وە گرنگترین ئەو کانزایانەی کە بەکاردەهێنرێت ئاسن وزیو وئاڵتون ومسە، وە ئەمریکای باکور بەگرنگترین قارە دادەنرێت لەبەرهەم هێنانی ئەم کانزایانەدا. بێجگەلە بەرهەم هێنانی کانزاکانیتری وەکو قورقوشم ونیکل ویۆرا ونیۆم وفۆسفات ولۆح...هتد.

بەڵام سەرچاوەکانی ووزە خۆی دەنوێنێت لەخەڵوز ونەوت وگازی سروشتی وپترۆڵ.

وە ئەمریکای باکور لەپێشەوەی قارەکان دێت لەبەرهەم هێنانی خەڵوز کە٦٤٠ ملیۆن طن، وە نەوت ٥٠٥ ملیۆن طن وەگارزی سروشتی ٦٧٧٠ ملیۆن م[٢]. ناوچە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنانی کانزا لەقارەکەدا ناوچەی دەریاچەکانە لەگەڵ چیای ئەپەلاش وکەنداوی مەکسیك وناوچەی چیاکانی ڕۆکی یە.

ویلایەتە یەکگرتوەکان دەژمێردرێت بەیەکەم وولاتی قارەکە لەبەرهەم هێنانی کانزا وسەرچاوەی ووزەی جۆرا وجۆردا. نزیکەی ٩٠٨ هەزار کارکەر لەبواری کانزاکاریدا کاردەکەن کەئەمەش نزیکەی ٠,٥٪ ی کۆی دانیشتوانە.

## د/پیشەسازی :-

ویلایەتە یەکگرتوەکان لەپێشەوەی وولآتانی جیهان دێت لەپیشەسازیدا، کەبە ڕێژەی لە ٢٠٪ بەشدارە لەپیشەسازی جیهاندا. وەنزیکەی ٢٢ ملیۆن کارکەر تێدا کاردەکەن کەنزیکەی ١٠٪ کۆی دانیشتوانە وڕێژەی کارکەرانی کشتوکاڵی کەم دەبێتەوە.هۆکاری سەرەکی بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی هۆکارە سروشتیەکانن وەك شوێنی جوگرافی وفراوانی ڕووبەر ودەوڵمەندی ئەم ڕووبەرە. ئەمە بێجگە لەبونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان وبونی تۆڕێکی چڕی گواستنەوە وپەیوەندیکردن، لەگەڵ زۆری سەرمایە وبونی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی وئاژەڵی وکانزایی.

گەورەترین پیشەسازیش لەویلایەتە یەکگرتوەکاندایە لەباکوری خۆرهەلآت بۆ خۆرهەلآتی میسیسپی ولەباکور بۆ ڕووباری اوهایۆ. بەلآم ناوچەکانی تر بەپلەی دووەم دێن لەویلایەتەکانی باشورو ویلایەتەکانی خۆرئاوادا.

وەکو چۆن هەندێك پسپۆڕی بینرا لەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵی بەهەمان شێوەش پسپۆڕی دەبینرێت لەبەرهەم هێنانی پیشەسازیدا بۆنمونە هەرێمی نیوگلاند پسپۆڕە لەبەروبومی کشتوکاڵی چنراو (کوتاڵ ) ولۆکە وخوری وپەژم. هەروەها ناوچەی دەریاچەکان پسپۆڕە لەپیشەسازی ئاسن وکانزاکاری، لەنێوانیاندا لەباکوری خۆرئاوا فڕۆکە وکەشتی بەرهەم دێت لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەلەمنیۆم دا.

وە باشوری کالیفۆڕنیا پسپۆڕە لەپیشەسازی سینەماو تەلەفزیۆن وئامێرە وەرزشیەکاندا لەگەڵ ئامێرە ئەلەکترۆنیەکاندا.

بەڵام سەبارەت بەکەنەدا ئەوا بوژانەوەی پیشەسازی بەئاشکرا بینرا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، تاوای لێهات ئێستا یەکێکە لەدەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکانی جیهان.

پیشەسازی کەنەدی کەرەستەی خاوی ناوخۆی وکشتوکاڵیبەکاردێنێ وەکو پیشەسازی هەویر وکاغەزەکە

ناوچەیەکی هەناردەکردنی پێکهێناوە لەسەر ئاستی جیهاندا، وە پیشەسازی لەقوتونان وبەرهەمی شیرەمەنی وبلاوبونەوەی گژوگیا وئارد و...هتد.

ئەمە بێجگە لەپیشەسازی کانزای قورس وەك پیشەسازی ئاسنی پتەو لەگەڵ پیشەسازی ئاسننی جۆراوجۆر. وە پیشەسازی کەنەدی خەریکە لەهەرێمی دەریاچەکان – سانت لۆرنس دامەزرێت. کەدادەنرێت بە سەنتەری پیشەسازی ودانیشتوان وشارستانی کەنەدی. وە دادەنرێت بەدرێژبونەوەی سروشتی بۆ هەرێمی پیشەسازی لەباکوری خۆرهەلاتی ویلایەتە یەککگرتوەکان. کەلەم هەرێمەدا ژمارەی دانیشتوان زۆرە وشوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە وئاووهەوای مام ناوەندە ورێگای گوستنەوەی زۆرە.

سەبارەت بەپیشەسازی مەکسیك ئەوە پیشەسازیەکی نامیە وتازە پێشکەوتوە وبەرهەم وجۆرەکەی زیاد دەکات. رێژەی کارکەران لەپیشەسازیدا نزیکەی ١٥٪ کۆی هێزی کارکەرە وە گرنگترین پیشەسازی کشتوکاڵی بەکارهێنانە وەك پسشەسازی قامیشی شەکر وپاراستنی میوە وسەوزەهات وە پاراستنی گۆشت وشیرەمەنی. وە پیشەسازی یەکانی تری وەکو پیشەسازی جگەرە وپیشەسازی رستن وچنین وپالاوتنی نەوت وپیشەسازیە کیمیایەکان وئاسنی پتەو.

## د/پیشەسازی :-

ویلایەتە یەکگرتوەکان لەپێشەوەی وولاتانی جیهان دێت لەپیشەسازیدا، کەبە ڕێژەی لە ٢٠٪ بەشدارە لەپیشەسازی جیهاندا. وەنزیکەی ٢٢ ملیۆن کارکەر تێدا کاردەکەن کەنزیکەی ١٠٪ کۆی دانیشتوانە وڕێژەی کارکەرانی کشتوکاڵی کەم دەبێتەوە.هۆکاری سەرەکی بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی هۆکارە سروشتیەکانن وەك شوێنی جوگرافی وفراوانی ڕووبەر ودەوڵمەندی ئەم ڕووبەرە. ئەمە بێجگە لەبونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان وبونی تۆڕێکی چڕی گواستنەوە وپەیوەندیکردن، لەگەڵ زۆری سەرمایە وبونی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی وئاژەڵی وکانزایی.

گەورەترین پیشەسازیش لەویلایەتە یەکگرتوەکاندایە لەباکوری خۆرهەڵات بۆ خۆرهەڵاتی میسیسپی ولەباکور بۆ ڕووباری اوهایۆ. بەڵام ناوچەکانی تر بەپلەی دووەم دێن لەویلایەتەکانی باشورو ویلایەتەکانی خۆرئاوادا.

وەکو چۆن هەندێك پسپۆڕی بینرا لەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵی بەهەمان شێوەش پسپۆڕی دەبینرێت لەبەرهەم هێنانی پیشەسازیدا بۆنمونە هەرێمی نیوگلاند پسپۆڕە لەبەروبومی کشتوکاڵی چنراو (کوتاڵ ) ولۆکە وخوری وپەژم. هەروەها ناوچەی دەریاچەکان پسپۆڕە لەپیشەسازی ئاسن وکانزاکاری، لەنێوانیاندا لەباکوری خۆرئاوا فڕۆکە وکەشتی بەرهەم دێت لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەلەمنیۆم دا.

وە باشوری کالیفۆڕنیا پسپۆڕە لەپیشەسازی سینەماو تەلەفزیۆن وئامێرە وەرزشیەکاندا لەگەڵ ئامێرە ئەلەکترۆنیەکاندا.

بەڵام سەبارەت بەکەنەدا ئەوا بوژانەوەی پیشەسازی بەئاشکرا بینرا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، تاوای لێهات ئێستا یەکێکە لەدەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکانی جیهان.

پیشەسازی کەنەدی کەرەستەی خاوی ناوخۆی وکشتوکاڵیبەکاردێنێ وەکو پیشەسازی هەویر وکاغەزەکە

ناوچەیەکی هەناردەکردنی پێکهێناوە لەسەر ئاستی جیهاندا، وە پیشەسازی لەقوتونان وبەرهەمی شیرەمەنی وبلاوبونەوەی گژوگیا وئارد و...هتد.

ئەمە بێجگە لەپیشەسازی کانزای قورس وەك پیشەسازی ئاسنی پتەو لەگەڵ پیشەسازی ئاسنی جۆراوجۆر. وە پیشەسازی کەنەدی خەریکە لەهەرێمی دەریاچەکان – سانت لۆرنس دامەزرێت. کەدادەنرێت بە سەنتەری پیشەسازی ودانیشتوان وشارستانی کەنەدی. وە دادەنرێت بەدرێژبونەوەی سروشتی بۆ هەرێمی پیشەسازی لەباکوری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەککگرتوەکان. کەلەم هەرێمەدا ژمارەی دانیشتوان زۆرە وشوێنێکی جوگرافی گرنگی هەیە وئاووهەوای مام ناوەندە وڕێگای گوستنەوەی زۆرە.

سەبارەت بەپیشەسازی مەکسیك ئەوە پیشەسازیەکی نامیە وتازە پێشکەوتوە وبەرهەم وجۆرەکەی زیاد دەکات. ڕێژەی کارکەران لەپیشەسازیدا نزیکەی ١٥٪ کۆی هێزی کارکەرە وە گرنگترین پیشەسازی کشتوکاڵی بەکارهێنانە وەك پسشەسازی قامیشی شەکر وپاراستنی میوە وسەوزەهات وە پاراستنی گۆشت وشیرەمەنی. وە پیشەسازی یەکانی تری وەکو پیشەسازی جگەرە وپیشەسازی ڕستن وچنین وپالاوتنی نەوت وپیشەسازیە کیمیایەکان وئاسنی پتەو.

پیشەسازیەکان زیاتر کەوتونەتە پایتەختی مەکسیکۆ کەنزیکەی ٤٠٪ کۆی پیشەسازیە ناوخۆیەکان لە خۆدەگرێت بەتایبەتی پیشەسازی سوك وبەکارهێنەکان، لەنێوانیاندا پیشەسازی کانزاکاری لەناوچەی مۆنتری لەباکوردا.

## ە/ ڕێگای گواستنەوە وگەیاندن :-

ڕێگای گواستنەوە وگەیاندن لەهەر قارەیەك یان دەوڵەتێکدا دەژمێردرێت بەکۆڵەکەی بنەڕەتی لەپێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی وئابوریدا.

زۆربەی پێوەرەکان بۆ پێشکەوتنی دەوڵەتان بەستراوەتەوە بەدرێژی تۆڕەکانی گواستنەوەی بڵاوبوەوە لەسەر زەویەکانیدا.

وەقارەی ئەمریکای باکور لەڕیزی پێشەوەی قارەکانی جیهاندا دەوەستێت کەلایەنی ئابوری وکۆمەڵایەتی پێشکەوتوە بەهۆی ئەوەی کەخاوەنی تۆڕێکی چڕە لەڕێگای گواستنەوە وگەیاندنی ئاسان وخێرا وجۆرا وجۆر وهەرزان.

کاتێك کەسەیری نەخشەی گواستنەوەی وشکانی بکەین بۆ قارەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەئاشکرا کەپلەی چڕی بەرز بەڕوونی دردەکەوێت لەتۆڕەکانی ڕێگا وبان بەتایبەتی لەویلایەتە یەککگرتوەکان لەسنوری باشوری خۆرهەڵات لەکەنەدا. کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبیل لەویلایەتە یەککگرتوەکان لەساڵی ١٩٧٦ دا دەگاتە ( ١١ ) ملیۆن کم، کەئەمەش بەرامبەرە بە ١٠٪ کۆی درێژی ڕێگای ئۆتۆمبیل لەجیهاندا.

وەژمارەی ئۆتۆمبیلی تۆمار کراو لەهەمان ساڵدا دەگاتە ١٣٥ ملیۆن ئۆتۆمبیل.

بەڵام هێڵی ئاسن درێژی تۆڕەکەی دەگاتە نزیکەی ٣٥٥ هەزار کم کەلە ٢٩٪ کۆی درێژی هێڵی ئاسنینە لەجیهاندا. بەڵام مەکسیك خاوەنی ٧١ هەزار کم ڕێگای ئۆتۆمبیلە لەگەل ٢٤ هەزار کم لەڕێگای ئاسنین وە کەنەدا ١٠٣ هەزار کم هێڵی ئاسنینە.

* بەڵام ڕێگای گواستنەوەی ئاوی دووڕێگای سەرەکی لەخۆ دەگرێت ئەوانیش ئەمانەن :-

١. ڕێگای دەریاچە گەورەکان :-

دەریاچەکان وئاوەڕۆی خوارووی ڕووبارەکانی سانت لۆرنس ڕێگایەکی ئاوی گەورە پێك دێنێت تاوەکوو دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەئەم ڕێگایانە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەبوراری خزمەتگوزاری لەویلایەتە یەکگرتوەکان وکەنەدا.

کۆمەڵێك کەناڵ لێدراوە ( هەڵکەندراوە ) لەلای ئەم ڕێگایەدا کاتێ کەتێ دەپەڕێت بەناوچەی تاڤگەکاندا کە جوڵەی کەشتیوانی کێشەی تێدەکەوێت.

٢. ڕێگای میسیسپی :-

کەناوچەکانی ناوەڕاست وباشور لەویلایەتە یەکگرتوەکان بەکاریدەهێنن بەتایبەتی بۆ گواستنەوەی بەروبومە کشتوکاڵیەکان وەکو لۆکەو گەنمەشامی لەلاکانیەوە کۆمەڵێکی زۆر کەناڵی کەشتیوانی هەیە بەئامانجی بەستنەوەی تۆڕی ئاوی گواستنەوەی سروشتی لەلایەك وە کەمکردنەوەی تێچونی گواستنەوەی بەروبومەکان بەتایبەتی کەرەستەی خاو لەلایەکی ترەوە.

بەلام سەبارەت بەهێڵی بۆریەکان کەئامرازێکی گواستنەوەی سەرچاوەی وزەیە، ئەوا وەکو تۆڕێکی بەرز درێژدەبێتەوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان وە زیاد دەبێت بۆ (٧٠٠ ) هەزار کم وە پێك دێت لە :-

ا/ هێڵی بۆری گازی سروشتی کەدرێژدەبێتەوە لەناوچەی کەنداوی مەکسیك وە ویلایەتی نیو مەکسیکۆ بۆ باکوری خۆرهەلات وکالیفۆرنیا، کەدەبێتە شوێنی چڕبونەوەی پیشەسازیە سەرەکیەکان.

ب/ هێڵی بۆری نەوت کەتێدەپەڕێت لەکێڵگەکانی نەوت لەباشور بۆ باکوری خۆرهەلات، کەکارگەی پالاوتن وبازاڕی بەکارهێنانی گەورەی تێدایە.

ج/ هێڵی بۆری خەلوز کەئەمەیان سنوردارە، نزیکەی ( ٦٠٠ )کم دەبینرێت. بەتیرەی ( ١٠ ) ئینج بۆ گواستنەوەی خەلوز لەئوهایۆ ودەوروبەری کادیز Cadiz تاوەکوو کەناری دەریاچەکانی ( کلیفلاند ) پێك هاتووە لەشێوەکانی دەرهێنانی خەلوز وهاڕینی بۆشێوەی بۆدرە وپاشان تێکەلّ بەئاو دەکرێت ناودەبرێت بەسلۆری Slurry وە پالی پێوەدەنرێت لەڕێگەی بۆریەوە. وە لە کۆتایی هێڵەکەدا ئاوەکە دەپژێت وبۆدرەکە فڕێ دەدات بۆ ناو فڕنەکان بەم ڕێگەیە ڕێژەیەکی زۆر دەنێرێتە دەرەوە کەمەزەندە دەکرێت بە ١٠ ملیۆن طن. بەم شێوەیەش هێڵی گواستنەوەی نەوت هەیە لە کەنەداوە لەویلایەتی (بەرتا) بۆناوچە پیشە سازیەکان لەخۆرهەلات.

هەروەها بەهەمان شێوە هێڵێك هەیە کەنەوت دەگوازێتەوە بۆ مەکسیك لەناوچەکانی خۆرهەلاتەوە کەدرێژ دەبێتەوە لەنێوان ناوچەکانی بەرهەم هێنان وە کەنارەکانی کەنداوی مەکسیك وپایتەختی مەکسیکۆ.

## * بەشی سێیەم *

## «ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا »

زەویەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان درێژدەبێتەوە لەنێوان هێڵی پانی ٢٥ – ٤٩ باکور وە هێڵی ٦٧ – ١٢٥ خۆرئاوای غرینتش، ئەم درێژی وپانیە درێژدەبێتەوە جگە لەدەرکەوتنی بەرزونزمی یەکی گەورەو ورووبەرێکی بەرز ( ٩,٤ ملیۆن کم٢ ) جیاوازیەکی گەورە لە ئاو وهەوادا دروست دەکات.

وە ئاووهەوای مام ناوەند لەجۆری گەرم وسارد هەیە لەم وڵاتەدا لەگەڵ ئاووهەوای سارد لەباکور وچیابەرزەکان.

ئەمانە هەمویان دەست دەکەون لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا کەبونەتە هۆی جۆراوجۆری کشتوکاڵ وئاژەڵ وکانزا، ئەمە بێجگە لەوەی کەمرۆڤیش پیشکەوتوە لەڕووی هونەریەوە، ئەمەش یارمەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی داوە کەببێتە یەکێك لەووڵاتە ناردەنیەکانی جیهان لەڕووی بەرهەمی کشتوکاڵی وپیشەسازی جۆرا وجۆرەوە.

ویلایەتە یەکگرتوەکان پێك دێت لە( ٥٠ ) ویلایەت لەمانە دووانیان ناگەن بەوشکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەوانیش ( ئالاسکاو دورگەی هەواییە ) وە ئەم خشتەیەی لای خوارەوە ڕووبەری هەموو ویلایەتەکان لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانیان وگرنگترین شارەکانیان ڕوون دەکاتەوە :– بڕوانە شێوەی (٤ )

| ژ | ناوی ویلایەت | ڕووبەر میل٢ | ژمارەی دانیشتوان ساڵی ١٩٧٦ | چڕی کە س/میل٢ | شارەگرنگەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مین | ٣٣٢١٥ | ١,٠٢٦,٠٠٠ | ٣١ | بورتلاند،اوغستا |
| ٢ | نیوهمبشیر | ٩٣٠٤ | ٨٠٤,٠٠٠ | ٨٦ | مانشستر،کۆنکورد |
| ٣ | فرمونت | ٩٦٠٩ | ٤٧٣,٠٠٠ | ٤٩ | بورلنفتون، مونتبلیه |
| ٤ | ماسشوسەتس | ٨٢٥٧ | ٥,٨٤٥,٠٠٠ | ٧٠٥ | بوسطن |
| ٥ | رودایلند | ١٢١٤ | ٩٣٣,٠٠٠ | ٧٦٨ | بروفیدنس |
| ٦ | کونکتیکت | ٥٠٠٩ | ٣,٠٧٤,٠٠٠ | ٦١٤ | هارتفورد |
| ٧ | نیویۆك | ٤٩٥٧٦ | ١٨,٢٢٢,٠٠٠ | ٣٦٨ | نیویۆرك، البانی |
| ٨ | بنسلفانیا | ٤٥٣٣٣ | ١١,٨٢١,٠٠٠ | ٢٦١ | فیلادلفیا، هاریسبۆرغ |
| ٩ | نیوجرسی | ٧٨٣٦ | ٧,٢٧٦,٠٠٠ | ٩٢٩ | ترنتون، نیوارك |
| ١٠ | دیلاویر | ٢٠٥٧ | ٥٨٤,٠٠٠ | ٢٨٤ | دوفر، ویلمینغتون |
| ١١ | مریلاند | ١٠٥٧٧ | ٤,١١٢,٠٠٠ | ٣٨٩ | بالمیمور، انابولس |
| ١٢ | فرجینیا | ٤٠٨١٧ | ٥,٠٠٠,٠٠٠ | ١٢٣ | نورفولك، رتشموند |
| ١٣ | فرجینیا الغربیة | ٢٤١٨١ | ١,٧٩٢,٠٠٠ | ٧٤ | شارلستون |
| ١٤ | اوهایو | ٤١٢٢٢ | ١٠,٧٣٥,٠٠٠ | ٢٦٠ | کلیفلاند، کولومبس |
| ١٥ | اندیانا | ٣٦٢٩١ | ٥,٣٤٢,٠٠٠ | ١٤٧ | اندیانابولیس |
| ١٦ | کنتوکی | ٤٠٣٩٥ | ٢,٣٨٠,٠٠٠ | ٨٤ | لویزفیل، مدلسبور |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | تينسي | ٤٢٢٤٤ | ٤,١٣٦,٠٠٠ | ٩٨ | ممفيس، ناشڤيل |
| ١٨ | كارولينا الشمالية | ٥٢٥٨٦ | ٥,٢٧٧,٠٠٠ | ١٠٢ | شارلوت، راليه |
| ١٩ | كارولينا الجنوبية | ٣١٠٥٥ | ٢,٧٤٦,٠٠٠ | ٨٨ | كولومبيا |
| ٢٠ | جورجيا | ٥٨٨٧٦ | ٤,٩٤٩,٠٠٠ | ٨٤ | اتلانتا |
| ٢١ | فلوريدا | ٥٨٢٦٨ | ٨,٢٨٦,٠٠٠ | ١٢٣ | تلهلسي، ميامي |
| ٢٢ | الاباما | ٥١٦٠٩ | ٣,٥٧٩,٠٠٠ | ٣٦ | مونتغمري، برمنغهام |
| ٢٣ | ميسيسپي | ٤٧٧١٦ | ٢,٣٢٤,٠٠٠ | ٤٩ | جاكسون |
| ٢٤ | لويزيانا | ٤٨٥٢٣ | ٣,٨١٦,٠٠٠ | ٧٩ | نيواورليانز، باتونروج |
| ٢٥ | اركنساس | ٥٣١٠٤ | ٢,٠٧٣,٠٠٠ | ٣٩ | ليتل زوك |
| ٢٦ | ميسوري | ٦٩٦٨٦ | ٤,٧٦٢,٠٠٠ | ٦٨ | سانت لويس، جيفرسون |
| ٢٧ | الليتوي | ٥٦٤٠٠ | ١١,٢٢٥,٠٠٠ | ١٩٩ | شيكاغو، سبرنجفيلد |
| ٢٨ | ميشتغان | ٥٨٢١٦ | ٩,١٠٢,٠٠٠ | ١٥٦ | ديترويت، لانسنغ |
| ٢٩ | ويسكوذ سن | ٥٦١٥٤ | ٤,٥٧٦,٠٠٠ | ٨١ | ميلووكي، ماديسون |
| ٣٠ | ايوا | ٥٦٢٩٠ | ٢,٨٦٢,٠٠٠ | ٥١ | دي موان |
| ٣١ | مينسوتا | ٦٨٠٦٨ | ٣,٩٣٤,٠٠٠ | ٤٧ | سانت بول، ميناپولس |
| ٣٢ | داكوتا الشماليه | ٧٠٦٦٥ | ٦٣٤,٠٠٠ | ٨,٩ | فارجو، بسمارك |
| ٣٣ | داكوتا الجنوبيه | ٧٧٠٤٧ | ٦٧٩,٠٠٠ | ٨,٨ | ڤللزسيو، بيير |
| ٣٤ | نبراسكا | ٧٧٢٢٧ | ١,٥٢٥,٠٠٠ | ٢٠ | لينكولن، اوماها |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | كانساس | ٨٢٢٤٦ | ٢,٢٥٨,٠٠٠ | ٢٧ | توبيكا، وتشيتا |
| ٣٦ | اوكلاهوما | ٦٩٩١٩ | ٢,٦٧٣,٠٠٠ | ٣٨ | اوكلاهوماسيتى |
| ٣٧ | تكساس | ٢٦٧٣٣٩ | ١٢,١٧٩,٠٠٠ | ٤٦ | هوستون، اوستين |
| ٣٨ | نيومكسيكۆ | ١٢١٦٦٦ | ١,١٣٣,٠٠٠ | ٩,٣ | سانتافى، البوكيوركى |
| ٣٩ | كولورادو | ١٠٤٢٤٧ | ٢,٥٥٢,٠٠٠ | ٢٤ | دنفر |
| ٤٠ | ويومينغ | ٩٧٩١٤ | ٣٨٤,٠٠٠ | ٣,٦ | شينى |
| ٤١ | مونتانا | ١٤٧١٣٨ | ٧٢٤,٠٠٠ | ٤,٩ | هيلينا، بلنجر |
| ٤٢ | ايداهو | ٨٣٥٥٧ | ٧٦٤,٠٠٠ | ٨,٩ | بويزى |
| ٤٣ | يوتا | ٨٤٩١٦ | ١,١٨٤,٠٠٠ | ١٤ | سالت ليك سيتى |
| ٤٤ | اريزونا | ١١٣٩٠٩ | ٢,٢٢٣,٠٠٠ | ١٩,٥ | فونيكس |
| ٤٥ | كاليفۆرنيا | ١٥٨٦٩٣ | ٢١,٠٦٦,٠٠٠ | ١٣٤ | سكرامنتو، لوس انجلس |
| ٤٦ | نيفادا | ١١٠٥٤٠ | ٦٠٢,٠٠٠ | ٥,٤ | لاسفيجاس، كارسون |
| ٤٧ | اوريغون | ٩٦٩٨١ | ٢,٢٥٢,٠٠٠ | ٢٣ | بورتلاند، سالم |
| ٤٨ | واشنطن | ٦٨١٩٢ | ٣,٤٤٧,٠٠٠ | ٥١ | سياتل، اوليمبيا |
| ٤٩ | الاسكا | ٥٨٦٤١٢ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٠,٦ | جونو، انشورج |
| ٥٠ | هاواى | ٦٤٥٠ | ٨٥٤,٠٠٠ | ١٣٢ | هونولولو |




شێوەی ژمارە ( ٥ ) ویلایەتە یەکگرتوەکان

## * دیاردە سروشتی یەکان *

### - بەرزونزمی :-

دەتوانین بەرزو نزمی لەویلایەتە یەکگرتوەکان دابەشبکەین بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە :-

بڕوانە شێوەی ژمارە (٦)

١. دەشتە کەناریەکان وئەوبانانەی کەدەگات پێی :-

ئەمەش هەرێمێکی نزمی فراوان دەگرێتەوە، کەفراوانی دەکەوێتە نێوان ٥٠ – ٨٠ کم لەباکوری (فرجینیا، پنسلفانیا ) فراوانیان زیاد دەکات بەرەو باشور بۆ ٧١٠ کم ( کارۆلینا )ەوە زیاددەکات بۆ ٤٠٠کم لەخۆرهەلاتی (تەکساس)، ئەم دەشتە لەشێوەی شریتێکی فراواندا درێژدەبێتەوە کەدەورە دراوە بەئۆقیانوسی ئەتلەسی وکەنداوی مەکسیك لەکەنداوی (دویلاویر) تاوەکوو فیراکروز لەمەکسیك. کەناری خۆرئاوای ئەم دەشتە ناوچەیەکی گواستراوەکیە بۆ بانی پێدمۆنت کەتێدەپەرێت بەبنکی چیای ئەپەلاشدا.




شێوەی ژمارە (٧) هەرێمی بەرزونزمی لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

ئەم دەشتە دەتوانێت نیمچە دورگەی فلۆریدا لەخۆبگرێت کەتێ پەردەبێت بە بەشێك لەشۆستەی کەناری کەکەمێك بەرزە تاوەکوو

دەردەکەوێت لەسەر ئاستی دەریا. بەشێکی کەمی لەفلۆریدا بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی ۱۰۰م لەسەر ئاستی دەریا.

بەڵام بەشێکی زۆری بەرزیەکەی زیاترنیە لە ۱۲۰م، سێیەکی باشوری بەرزیەکەی دەکەوێتە نێوان ( سفر و۱۵ م) لەسەر ئاستی دەریاکە دەورەدراوە بەنیمچە دوورگەی فلۆریدا وکەنارەکیەکان. کەزۆنگاوەکان ودەریاچە کەناریەکان بەشێکی گەورەیان داپۆشیوە.

۲. چیای ئەپەلاش :-

ئەمانیش زنجیرەیەکی کۆنن کەدروست بون بەکرداری جوڵە ونوشتاوە هیدنیەکان لەکاتی یەکمدا.

پاشان نزم بونەتەوە بەهۆی کردارەکانی ڕامالێن وکەشکاری تاوەکوو تەخت بوون، دواتر بۆ جارێکی تر بەرزبونەتەوە بەهۆی جوڵە نوشتاوە ئەلبیەکانەوە لەکاتی دووەمدا.

ئەم چیایانە درێژدەبنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ کەدەگاتە ۲۵۰۰کم بەشێوەیەکی پلەبەپلە لەدەشتی کەناری بۆ کەنارەکانی هێڵی نزمبونەوەی گەورە پێش ئەوەی کەنارەکانی لیخانی وکەمبەرلاند جارێکی تر بەرز ببنەوە، وە بانی پێدمۆنت بەرزبۆتەوە بۆ خۆرئاوا وباکوری خۆرئاوا لەدەشتی کەناری. وە درێژی دەگاتە دەوروبەری ۱۳٤۰کم وە پانی لەنێوان ۳۲ – ۸۰ کم لەناوەڕاستی فرجینیا دەگاتە ۲٤۰ کم ولەکاردۆلینیای باکور فراوانی کەم دەبێتەوە هەرچەندە بەئاڕاستەی باشور بڕۆین. ناوەندی بەرزی بانی پێدمۆنت دەگاتە ۲۷۰م،

چیای زەرقا بەرز دەبێتەوە لەخۆرئاوای پێدمۆنت.

---

چیایی ئەپەلاش دابەش دەکرێت بۆ دوو بەش ئەوانیش ( باکور وباشور) کەڕووباری هدسن لەیەکیان جیادەکاتەوە. تێبینی دەکرێت لەکەنارەکانی خۆرهەلاتی ئەم چیایانە بەشێوەیەکی ئاشکرا جیادەرکرێتەوە لەپێدمۆنتی دراوسێی، بەلام کەنارەکانی خۆرئاوای لێژدەبێتەوە بەشێوەیەکی پلەبەپلە بۆ ژمارەیەك لەبان ودەشتە بەرزەکان کەدەشتێکی فراوان دەبینرێت لەخۆرهەلات وناوەڕاستی قاڕەکەدا.

چیای ئەپەلاش لەشێوەی چیایەکی زۆر بەرزدا نابینرێت جگە لەبەشی باشوری کەئەوپەڕی بەرزیەکەی لەکاردۆنیای باکوردا دەگاتە زیاتر لە۲۰۰۰م ( لوتکەی متشل ۲۲۲۸ م ئەمە بەرزترین لوتکەی چیای خۆرهەلاتی چیای ڕۆکیە ).

لاپالەکانی ئەم چیایە زۆر لێژن وبەکەلکی کشتوکاڵ نایەن وداپۆشراون بەدارستان، کشتوکاڵ نابینرێت جگە لەناوجەرگەی دۆلەکاندا نەبێت، وەلە گرنگترین ئەم دۆلانەش کەجوتیاران ڕادەکێشێت حەوزی ( اشفیل ).

۳. دەشتەکانی ناوەڕاست :-

درێژدەبێتەوە لەکەنارەکانی کەنداوی مەکسیك لەباشور وکۆتاییان دێت لەباکور بەزەریای بەستەلەکی باکور. وەدەورە دراون لە خۆرهەلات بەچیای ئەپەلاش ولەخۆرئاوا بەچیای ڕۆکی. لەم دەشتەدا چەند نزمایەك وجیاوازیەکی کەم لەسەر ڕوەکەی هەیە، وەپێك دێت لەبەردی نیشتوو کەکەلەکەبوون لەسەر یەك لەسەرەتای کاتی دووەم تاوەکوو ئیستا. حەوزی میسیسپی بەشێکی گەورە لەناوچەی دەشتەگەورەکان پێك دێنێت، لەناوەڕاستی ناوچەی دەشتەکاندا ئەم دەشتە توشی لافاوی ڕووباری میسیسپی دەبێت کەدرێژیەکەی دەگاتە نزیکەی

٧٥٠كم وەپانیەکەی لەبێوان ٨٠ – ٩٠ کم ە، وەدەورە دراوە بەدەشتەکەناریەکان کەبەرزیەکەیان لەنێوان ٣٠ – ٦٠ م لەسەر ئاستی رووی دەشتەکە. ڕووباری میسیسپی دەتوانێت دەشتی لافاوکرد دروست بکات کەیەکێکە لەدەشتە لافاوکردە گرنگەکان لەجیهاندا.

کەلافاوەکانی هەزاران کیلۆمەتر دووجا دادەپۆشێت، کەڕێژەیەکی گەورەی لەنیشتەنی هەڵگرتووە کاتێك کەبەئاڕاستەی ئاورێژگەکەی دەڕوات ودەگات بەکەنداوی مەکسیك ودەلتایەك لەشێوەی قاچی مریشك دروست دەکات، قوڵی نیشتەنی لافاویەکان لە دەلتاکەدا دەخەمڵێنرێت بەنزیکەی ١٠٠٠م .

٤. بەرزاییەکانی خۆرئاوا :–

پێك دێت لەچەند زنجیرە چیایەکی بەرز کەهەندێ بان ودۆڵ دەبینرێت لەنێوانیان دا.

زنجیرە چیایی ڕۆکی زنجیرە چیای یەکەمە لەخۆرئاوا، کەدرێژدەبێتەوە لەنێوان ڕووباری گراندی لەباشور ودۆڵی ڕووباری یۆکن لەباکور بەدرێژی نزیکەی ٣٠٠٠کم وەپانی ناوەڕاستی نزیکەی ٣٠٠کم ە.

دەتوانێن بڵێن کەبانی ( لارامی ) ( ٢٠٠٠م ) چیای ڕۆکی دابەش دەکات بۆ دوبەش باکور وباشور، وەگرنگترین جیاکەرەوەی بەشی باکوری ئەوەیە بەرز ونزمی نارێکە وبەرزاییان زۆرە لەکاتێکدا ئەوپەڕی بەرزاییان لەم چیایەدا دەگاتە ٤٢٠٢م لەلوتکەی ( جانت ) لەلای باشوری. بەڵام لەبەشی باشوری. شێوەیەکی ڕێك لەسەر ڕووەکەی دەردەکەوێت لە دەرئەنجامی کرداری کەشکاری وڕامالین. وەبەرزی ژمارەیەك لەلوتکە چیایەکان زیاترە لە٤٠٠٠م، ( لوتکەی بیکس ٤٣٠١م، وبلانکا ٤٣٦٤م، بەلبرت ٤٢٩٩م).

لە ڕۆکی باشور ژمارەیەك لەزنجیرە چیای جیادەکرێتەوە، وەکو زنجیرەی سان جوان لەخۆرئاوا، وە زنجیرەی ساواتش لەناوەڕاست. وە لەخۆرئاوای چیای ڕۆکی زنجیرە چیای ( واساش ) درێژدەبێتەوە لەباکوری خۆرهەڵات بۆ باشوری خۆرئاوا ( ٢٧١٠ لوتکەی چیای دیلانو )، وە حەوزی گەورە گەمارۆ دەدرێت لەنێوان چیای ڕۆکی وە ( واساتش ) لەخۆرهەڵات وەزنجیرە چیای ( سیرانیڤادا وکاسکێد ) لەخۆرئاوادا. دەریاچەیەکی زۆر هەیە لەم حەوزەدا وەك دەریاچەی سالتی گەورە، وە دەریاچەی سیفیر، وە بیرامید.

نزمایی سکرامانتۆ چیای کاسکێد لەباکور جیادەکاتەوە لەسیرانیڤادا لەباشور ﴿ شێوەی ژمارە ( ٧ ) ﴾ چیای کاسکێد پێك دێت لەبەردی بورکانی ( چیای رینیە لەباکور ٤٣٩٢ م، وە چیای شاستا لەباشور ٤٣١٧م).



**شێوەی ژمارە ( ٨ ) شێوەکانی سەرزەوی خۆرئاوای ویلایەتەیەکگرتوەکان**

چیای سیرا نیڤادا دریژدەبیتەوە بۆ باشور تاوەکوو دۆلی ڕووباری کلۆرادۆ، وەزۆرترین بەرزی دەگاتە ٤٤١٨ م لەچیای ویتنی Mont Whitney، ژمارەیەکی زۆر دەریاچە لەم چیایەدا هەیە ( دەریاچەی مۆنۆ Mono، وەسالتۆن ) وە دۆلی کالیفۆرنیا دەکەویتە خۆرئاوای چیای سیرانیڤادا کەگەمارۆ دراوە لەنیوان ئەم چیایە لە خۆرهەلات وزنجیرەچیای کەناری لەخۆرئاوا. وە دریژی ئەم دۆلە دەگاتە نزیکەی ٦٥٠کم وەپانی دەکەویتە نیوان ٥٠ – ٩٠کم، وە ئاوی ڕووباری سکرامنتۆی پیدا تیپەڕدەبیت بۆ باکور، وە سان جواکین بۆ باشور وە ئەم دووانە بەیەك دەگەن لە نزیك ئاو ڕیژگەکانیان لەکەنداوی سان بابلۆ. وە لەلای خۆرئاوی دۆلی کالیفۆرنیا زنجیرە چیایەکی کەناری دریژدەبیتەوە کەبڕینیکی زۆری تیدایە وبەرزیان کەمە ( دون ١٦٠٠ م )لیرەدا لەلایەن کۆمەلیك دۆلی ڕووبارەوە دەبردرینت کەدەگەن بە ئۆقیانەسی ئارام، وەکو لەدۆلی کۆلۆمبیا و دۆلی ڕووباری اومبکوا Umpqua دۆلی ڕووباری جواکین وسانفرانسیسکۆ کەئەم دووانەیان ناسراون بەناوی دەرگای ئالتونی

٥. دەشتی کەناری خۆرئاوا :–

ئەم دەشتە بەرامبەرە لەگەل ئۆقیانوسی ئارامدا دریژدەبیتەوە بەرەو خۆرهەلات تاوەکوو دەگاتە زنجیرە چیای کەناری. ئەمەش لەسەر شیوەی شریتیکە جاریك فراوان دەبیت وجاریکی تر تەسك دەبیتەوە لەسنوری کەنەدادا، تاوەکوو سنوری لەگەل مەکسیك. ئەوپەڕی فراوانی ئەم دەشتە لەناوچەی سان فرانسیسکۆدایە، ئەمە بیجگە لەوەی کەفراوانیان لەباکور زیاترە لەباشور.

## * ئاووهەوا *

ویلایەتە یەکگرتوەکان چەند جۆرە ئاووهەوایەك لەخۆدەگرێت، ئەمە بێجگەلەوەی کەزەویەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەگەن بەدوو ئۆقیانوسی گەورەی جیهان، وە درێژدەبێتەوە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەهێڵی پانی ئەمە بێجگەلە جۆرا وجۆری شێوەکانی سەر ڕوی زەویەکەی.

## * پەستان وبایەکان *

ساردیەکی زۆر وبەهێز لەزستاندا زاڵە بەسەر شارەکاندا وە پەستان بەرزە، بەهۆی ئەم پەستانە بەرزە ( با ) هەڵدەکات بەئاڕاستەی جیاواز، وەبای باکور هەڵدەکات بۆسەر باشوری شارەکان، وەبای باکوری خۆرئاوا وخۆرئاوا هەڵدەکات بۆ باشوری خۆرهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکان، وە بای باشوری خۆرئاوا بۆ سەر ناوچەگەمارۆ دراوەکانی نێوان چیای ئەپەلاش وڕووباری میسیسپی ودەریاچە گەورەکان. وە بای خۆرئاوا و باشوری خۆرئاوا زاڵ دەبێت بەسەر کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئارامدا.

ئەوەی ڕێگرە لە چوونەناوەوەی بونی پەستانی بەرزە کەدەبێتە هۆی ڕەوانە کردن وبڵاوکردنەوەی تەوژمەکان بۆ خۆرئاوا.

نەواریە هەواییەکان لەگەڵ بەرەی جەمسەری ونیمچە جەمسەری زاڵ دەبێ بەسەر زۆربەی شارەکاندا کەدبێتە هۆی دەرکەوتن وهاتو چۆکردنی کەشێکی نائارام ودابارینی باران وبەفر. وە بەهاتنی وەرزی هاوین پەستانی بەرزی قاڕەکە ویران دەبێت ونامێنێ وپەستانی نزمی گەرم جێگەی دەگرێتەوە.

جگە لەوەی پەستان بەرێژەی بەردەوام بەرزدەبێتەوە لەناوچەی بانەکان کەبەرزیان زیاترە لە١٧٠٠م، وە هەردوو نۆقیانوسی ئارام وئەتڵەسی سەنتەرێکی پەستانی بەرز دروست دەکەن کەبا لێوەی هەڵدەکات بەئاراستەی پەستانی نزمی قارەکە. وە لەسەر کەنارەکانی کەنداوی مەکسیك ( با ) لێوەی هەڵدەکات لەباشور وباشوری خۆرهەلات لەنێوانیاندا ( با ) هەڵدەکات لەباشوری خۆرئاوا بۆسەر کەنارەکانی ئەتڵەسی.

ئەو دەشتانەی کەدەکەونە خۆرئاوی ڕووباری میسیسپی پێشوازی لەبای باشوری شێداردەکەن.

بەلام ویلایەتەکانی خۆرئاوای ئارام ( اویگۆن، واشنطن )( با )یان بۆ دێت لەباکور وباکوری خۆرئاوا، وەك لەکالیفۆرنیا کە بای باکور لەخۆدەگرێت بۆ باکور لەسان فرانسیسکۆ کەدەگۆڕێت بۆ ( با )ی خۆرئاوە لەباشوری سان فرانسیسکۆ.

وە بەردەوام نەوارە هەوایەکان وبەرە هەوایەکان هەڵدەکەن بۆ ناوەوەی قارەکە وخۆرهەلاتی لەهاویندا هەروەکو لەزستاندا. جگەلەوەی هەندێکیان کاریگەریان کەم دەبێتەوە. زۆربەیان ڕوبەڕوی مەکسیك وکەنارەکانی ویلایەتە باشوریەکان دەبنەوە کەدەڕوانن بەسەر نۆقیانوسی ئەتڵەسی دا. دەکەوێتە ژێرکاریگەری ڕەشەبای بەهێزی خولگەیی ( هۆریکان ) ( هێرکین ) کەزیاتر ڕودەدات لە کۆتایی هاوین وپایزدا. هەروەها ناوچەکانی خۆرهەلاتی چیای ڕۆکی ڕوبەڕو دەبنەوە ودەکەونە ژێرکاریگەری ڕەشەبای بەهێزی ( تۆرنادۆر ) Tormado، وە دۆڵی مسیپی لەهەموو ناوچەکانی تری جیهان زیاترە ڕوبەڕوی ئەم

جۆرە ڕەشەبایانە دەبێتەوە کەزیاتر ڕوودەدات لەکۆتایی بەهار وسەرەتای هاویندا.

## * پلەی گەرمی *

دەتوانین بڵێن زۆربەی ڕوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان ساردن لەوەرزی زستاندا، لەوانە بەشە زۆر بەرزەکانەی خۆرئاوا وبەشەکانی باکورجگەلە بەرامبەری دەریاچەگەورەکان، کەگەرمای مام ناوەندە لەکانونی دووەمدا کەپلەی گەرمای ناگاتە سفری سەدی، فلۆریدا ودۆڵی ڕووباری کۆلۆرادۆ بەوبارانەی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەژمێردرێت کەپلەی گەرمایان نزمە، لەکاتێکدا کەتێکڕای گەرما لەفلۆریدا نزمتر نابێت لە١٩° پلەی سەدی لەهەرمانگێکدا بێت ،وە ناوەندی گەرمای ساڵانەی تێدا زیاتر نیە لە ٨° پلەی سەدی، وە تێکڕای گەرما زیاد دەکات لەمانگی کانونی دووەم دا بۆ ٦° پلەی سەدی لەنیوەی شارەکانی باشوردا، کە٩/٧° پلەی سەدیە لەشارستۆن، وە ٨° پلەی سەدیە لەفیکسبرغ، وە ١٢.٢° پلەی سەدیە لەکالفستن ونیواورلیانز، وە ١٠° پلەی سەدیە لەسان فرانسیسکۆ، وە نزم دەبێتەوە بۆ پلەی سفر لەباکور لەنیویۆرك، وە ‾٤,٢° پلەی سەدی لەشیکاگۆ، وە ‾٦° پلەی سەدی لەاوماها، وە بۆ ‾٢° پلەی سەدی لە نفر ،لەگەرمای ناوچەیەکی ڕەهادا ‾٢٠° پلەی سەدی – سفر، جگەلەوەی کەزستانی دەشتە بەرزەکان لەلاپاڵەکانی ڕۆکی خۆرهەڵاتدا ناسراون بەکەشێکی گەرمایی ڕێژەیی ئەمەش بەهۆی نزیکی نیە لەئۆقیانوسەوە بەڵکو بەهۆی هەڵکردنی ( با )ی چنۆك ( شنۆك )ە. کەبایەکی خۆرئاوای ووشك وگەرمە کەهەڵدەکات بۆ باشور دەبێتەهۆی بڵاوکردنەوەی نەوارە هەوایەکان کەتێدەپەڕن بەزەویە

بەرزەکاندا. هەوای ئۆقیانوسی گەرم وشێدار دوای تێپەڕبونی بەزنجیرە چیایەکانی خۆرئاوادا سیفات وتایبەتمەندیەکانی وەردەگرێ وپلەی گەرمای بۆ چەند پلەیەك بەرز دەبێتەوە تادەگاتە ئەوەی بەفرەکە دەتوێتەوە لەسەر لاپاڵەکانی خۆرهەلات وبەهۆی ئەمەشەوە دەبێتە لەوەڕگایەکی دەوڵەمەند.

وە لەهاویندا پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە، وە جیاوازی نێوان شارەکانی باکور وباشور کەم دەبێتەوە، وەتێکڕای گەرما زیاد دەکات لەمانگی تەموزدا بۆ ١٨° پلەی سەدی کەزاڵ دەبێت بەسەر سەرانسەری شارەندا جگەلە بەشە بەرزەکان، کەڕوبەڕوی تەوژمی سارد دەبنەوە وە ویلایەتە یەکگرتوەکانی باشور تێکڕای گەرمای لەمانگی تەموزدا زیاد دەکات بۆ ٢٥° پلەی سەدی

( ٢٧,٨° پلەی سەدی شارلستۆن، ٢٨,٣° پلەی سەدی کالفستن، ٢٧,٨° پلەی سەدی میامی، ٢٩° پلەی سەدی نێوان اورلیانز ) وە لەویلایەتە یەکگرتوەکانی باکور دەکەوێتە نێوان ٢٠ – ٢٥° پلەی سەدی ( نیویۆرك ٢٣° پلەی سەدی یە، بتسبرغ ٢٣,٢° پلەی سەدی یە، اوماها ٢٠° پلەی سەدی یە )، بەڵام لەویلایەتەکانی خۆرئاوا کەم دەبێتەوە بۆ ٢٠° پلەی سەدی ( ١٥° پلەی سەدی لەسان فرانسیسکۆ، ١٧,٣° پلەی سەدی لەسیاتڵ، وە ١٩° پلەی سەدی لەبرورتلند ) پلەی گەرمای هاوین نزم دەبێتەوە لەکەنارەکانی خۆرئاوا بەهۆی کاریگەری تەوژمی کالیفۆڕنیای سارد، وە بەرزترین پلەی گەرما تۆماردەکرێت لەویلایەتە یەکگرتوەکان لە (وادی الموت ) ( دۆڵی مردوو) لەکالیفۆرنیا کەدەگلتە ٥٤,٤° پلەی سەدی.

## * داباریـن *

ناوچە كەناراوەكانی خۆرئاوا بەرزترین ڕێژەی داباریـنان هەیە ئەویش لەدەرئەنجامی هەڵكردنی بای خۆرئاوا كە لەئۆقیانوسەوە هەڵدەكاتەسەری ئەمە بێجگە لەبڵاوكردنەوەی ئەوارە هەوایەكان كە دەبێتە هۆی داباریـنێكی زۆر كەڕێژەكەی زیاترە لە ٢٥٠سم وە بەرزترین ڕێژە لەویلاەتە یەكگرتووەكان دەگاتە ٣٧٥ سم، لەلاپاڵەكانی چیای ( اولمبیانی باشور ) لەویلایەتی واشنطن وەڕێژەی داباریـن كەم دەكات لەباكورەوە بۆ باشور لەسەر كەنارەكانی ئارام بەهۆی زیاد بونی كاریگەری تەوژمی كالیفۆرنیای سارد لەلایەك وە دابەزینی ئەوارە هەواییەكان لەلایكی ترەوە.

ڕێژەی داباریـنی ساڵانە لەیۆركا دەگاتە ( ١٠٠ سم )، وە (٥٦ سم ) لەسان فرانسیسكۆ، ٢٦ سم لەسان دییجۆ، وە داباریـن زیاد دەكات لەزنجیرە كەناریە بەرزەكاندا وە كەم دەبێتەوە لەدۆڵی كالیفۆرنیا بەبەراورد لەگەڵ دەشتەكەناریەكاندا، ٤٧ سم لەسكرامنتۆ، ١٠٥سم لەپورتلاند، وە جارێكی تر بەرزدەبێتەوە لەسەر بەرزاییەكانی كاسكێد وسیرانیڤادا، دوای ئەوە كەم دەبێتەوە لەسەر قەد پاڵەكانی خۆرهەڵات وبانە ناوخۆییەكان كەدەبینرێن لەنێوان چیاكاندا كەناسراون بەوەی كەزۆر ووشكن.

وە ڕێژەی داباریـنی ساڵانە دەكەوێتە نێوان ٢٥ – ٥٠سم لەبەشەكانی ناوەوەی ویلایەتەكانی واشنطن وئۆریگۆن وە خۆرئاوای ویلایەتی ( ایداهو )، وەكەم دەبێتوە بۆ ٢٥ سم لەوحەوزانەی كەدرێژدەبنەوە لەنێوان نیڤادا وكۆلۆرادۆ، وەناوچەی حەوزی كۆلۆرادۆ دەژمێردرێت

بەووشکترین بەشی ویلایەتە یەکگرتوەکان کەبارو دۆخی بەبیابانی تێدایە ئەمەش لەبەرئەوەی کەڕێژەی داباریني سالآنەی زیاترنیە لە٢٥ سم، ئەم کەمی دابارینەش زیاتر دەبێت لەبەرزایەکانی ڕۆکی بەلآم لە ٥٠سم تێپەڕناکات لەبەرزترین لوتکەیدا وڕێژەی داباریین کەم دەکات لەسەر قەد پالەکانی خۆرهەلآتی چیایەکان تاوەکوو دەگاتە هێلی درێژی ١٠٠° پلەی خۆرئاوا کەدەکەوێتە نێوان ٥٠ – ٣٠ سم. وەجارێکی تر زیاددەکات لەخۆرهەلآت وباشوردا، کەزیاددەکات بۆ ١٠٠ سم لەویلایەتەکانی باشور کەدەڕوانێت بەسەر ئەتلەسی وکەنداوی مەکسیکدا ( میامی ١٥٠ سم، مونتجومری ١٣٤ سم، نیواورلیانز ١٤٢ سم، کالفستن ١١٥سم )

بەم شێوەیە لەویلایەتەکانی باکوری خۆرهەلآتدا ڕێژەی داباریین زیاددەکات لەبوسطن بۆ ١٠٠سم، لەنیویۆرك ١١٥ سم، هەروەها بەفر بەڕێژەیەکی زۆر دەبارێت لەویلایەتەکانی باکور وخۆرئاوا لەوەرزی زستاندا.

## * سیستەمی داباریین *

وەرزی داباریني باران جیاوازە لەبەشەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، بەشێوەیەك کەدەتوانین ئەم سیتەمانەی دابارین جیابکەینەوە :-

بڕوانە شێوەی ژمارە ( ٨ )

١. سیتەمی ویلایەتەکانی ئارامی باکور :-

کەدەور وبەری اولمبیا دەگرێتەوە، وە جیادەکرێتەوە بەوەی کەبەدرێژایی سالّ بەردەوام داباریني هەیە، لەگەلّ لوتکەی زستاندا.

٢. سیستەمی کالیفۆرنیا :- سان فرانسیسکۆ دەگرێتەوە، کەلەوەرزی زستاندا بارانی لێ دەبارێت، بەڵام هاوینی ووشکە، ئەم سیستەمە هاوشێوەی سیستەمی دەریای ناوەڕستە.

٣. سیستەمی حەوزی گەورە :- بولیزی وسولت لیك سیتی دەگرێتەوە بەدرێژایی ساڵ داباریینی هەیە لەگەڵ بوونی دوو وەرزی گەورەدا یەکەمیان زستان کەوەرزی سەرەکیە ودووەمیان بەهارە.

٤. سیستەمی ئەریزۆنا :- جیلا وفلاجستاف دەگرێتەوە، شوێنە زۆر ووشکەکانی قاڕەکە دەگرێتەوە، وە دوو لوتکەی هەیە یەکەمیان زستانە بەهۆی کرداری نەوارەیەکانی ئۆقیانوسی ئارام ودووەمیان هاوینە کەزۆر گەرمە. وەتێکڕای گشتی داباریینی زۆر کەمە.

٥. سیستەمی دەشتەکانی ناوەڕاست :-

دەور وبەری اوماها دەگرێتەوە، جیادەکرێتەوە بەوەی داباریینی زۆرە لەوەرزی هاویندا ( مانگی حوزەیران زۆرترین داباریینی لەم مانگەدایە ) وە بارانی زستانی کەمە.

٦. سیستەمی کەنداو :-

شاری کالفستن وڕالی دەگرێتەوە، کەبەدرێژایی ساڵ داباریینی هەیە کەلوتکەی بارانی دەکەوێتە مانگەکانی هاوین کەداباریین زیاد دەبێت بەشێوەیەکی ئاشکرا لەئاب وئەیلول دا، ئەم بارانە زۆرە دەبێتە هۆی بەهێزبوونە ڕەشەبای هۆریکان کەزۆربەیان لەکەنداوی مەکسیکەوە دەچنەناوەوە، وە لەزستانیشدا بارانی زۆرە. وەنەوارە هەوایەکان لەزۆر ڕێگاوە هەڵدەدەن بچنە ناو ئەم ناوچەیەوە. ئەم سیستەمی داباریینە کەناری ویلایەتەکانی ئەتڵەسی باشور دەگرێتەوە کەدرێژ دەبێنەوە بۆ ناوەوە بۆماوەیەك.

٧. سیستەمی باشوری ئەپەلاش :-

هاوشێوەی سیستەمی پێشووە بەڵام لوتکەی بارانی ناکەوێتە هاوینەوە، بەڵکو دەکەوێتە زستان. شاری ڤکسبرغ وە نوکسفیل دەگرێتەوە.




شێوەی ژمارە ( ٨ ) سیستەمی دابارین لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

## *ڕووبارەکان ودەریاچەکان :-

ڕووباری میسیسپی بەگرنگترین ئەوڕووبارانە دەژمێردرێت کەتێدەپەڕێت بۆ خۆرهەڵات لەچیای ڕۆکی، کەناوچەی ناوەڕاستی نێوان چیای ئەپەلاش وڕۆکی ئاوی پێدەدات، وە میسیسپی سەرچاوە دەگرێت لەخۆرئاوی دەریاچەی سۆپەریۆ ( دەریاچە بەرزەکان ) وە بەرەو باشور ئاڕاستەدەکات تاوەکوو دەڕژێتە کەنداوی مەکسیك کەدەلتایەکی فراوانی دروستکردوە لەبەردەم کەنداودا.

وەگرنگترین ڕووبارەکانی لای ڕاستی میسیسپی ڕووباری میسۆریە کەسەرچاوە دەگرێت لەچیاکانی ڕۆکی باکور وە دەگات بەمیسیسپی لەلای شاری سانت لویس، وەلەپڕ ئاوەکانی تر وەکو ڕوەباری ( ئێرکنساس وڕووباری سور ) وە لەڕووبارەکانی لای چەپی ڕووباری اوهایۆیە. وەدرێژی میسیسپی بەتەنها دەگاتە ٤٠٠٠ کم وە ڕووباری میسیسپی لێژی زۆری تێدایە درێژی لەشاری کایرۆ بۆ کەنداو ١٧٠٠ کم ە. بەڵام گرنگترین ئەو ڕووبارانەی کەڕێڕە ودەکەن بۆ خۆرئاوا بە ئاڕاستەی ئۆقیانوسی ئارام ( ڕووباری کۆلۆمبیا وڕووباری سناك وسانجواکین وڕووباری کۆلۆرادۆ )یە.

وە دەریاچە گەورەکان گرنگترین دەریاچەکانی قاڕەی ئەمریکای باکورن کەتاڤگەیان پێك هێناوە ڕووبەرەکەیان مەزەندە دەکرێت بەنزیکەی ٢٥ هەزار کم$^{2}$، ئەو دەریاچانەش ئەمانەن :- اونتاریۆ ( ١٩٦١٠ کم$^{2}$ )، وە ایریە ( ٢٥٨٥٠ کم$^{2}$ ) هۆرن ( ٥٩٨٣٠ کم$^{2}$ ) وسۆپەر یۆرۆ ( ٨٢٧٣٥ کم$^{2}$ ) وە میشگان ( ٥٨٢٤٥ )کم$^{2}$

وه دوو تاڤگەی گرنگ دەبینرێت کەدەرکەوتوون لەدەر ئەنجامی ڕەقی تاوێرەکاندا کە ئاوی دەریاچەکان دابەش دەکات بۆ سێ ئاست.
کەتاڤگەکانی ننکاراگوای دەبینرێت لەنێوان دەریاچەی ایریە وئونتاریۆ، وە تاڤگەی سولت سانت ماری لەنێوان دەریاچە بەرزەکان ودەریاچەی هۆرن دایە. ئەم دەریاچانە لە خۆرهەڵاتەوە دەگەن بە ئۆقیانوسی ئەتڵسی بەهۆی ڕووباری سانت لۆرنسەوە کەڕێگایەکی کەشتیوانیە کە ئۆقیانوس دەگەیەنێت بە هەرێمی دەریاچەکان.

## * چالاکی ئابوری *

کشتوکاڵ :-

بەرهەمی کشتوکاڵ لەویلایەتە یەکگرتوەکان زیاترە لەهەموو قارەی ئەوروپا، گەشەی کشتوکاڵی زیاتر دەبینرێت لەنیوەی خۆرهەڵاتدا کە ٩٠٪ بەرهەمی کشتوکاڵی بەردەکەوێت. کە هۆکاری سەرکەوتنی کشتوکاڵ ئەوەیە کەبەشی خۆرهەلات ژینگەیەکی کشتوکاڵی گەورەیە کەتوانای بەرهەم هێنانی بەروبومی جۆرا وجۆری هەیە. بەرهەمی کشتو کاڵی لەبەشی خۆرهەڵاتدا لەشێوەی پشتێنەیەکی نیمچە بەرامبەرو یەکساندا درێژدەبێتەوە لە خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا وە لەباکور بۆ باشور ئەمانەن : ( شێوەی ژمارە ٩ ) :-

١. پشتێنەی گژو گیا ولەوەڕگا :-

لەوپەڕی باکوردا دەبینرێت لەپاڵ پیشەی لەوەڕگادا پیشەی کشتوکاڵیش دەکرێت، وە لەوەڕگا وبەروبومی کشتوکاڵی ولەوەڕگا کۆڵەکەی سەرەکی پێک دێنێت لەبەرهەم هێنانی ئابوری وسامانی

سروشتی لەم هەرێمەدا. لەم پشتێنەیەدا پیاز وتوتن دەچێنرێت لەنیوگلاند، وە پەتاتەش لەباکوری مین دەچێنرێت.




شێوەی ژمارە ( ٩) پشتێنەکانی کشتوکاڵ لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

١. پشتێنەی گەنمی بەهارە :- درێژدەبێتەوە لەپشتێنەی پێشوو بۆ خۆرئاوا وباکوری خۆرئاوا دەکەوێتە ناو زەویەکانی کەنەدا.
لێرەدا کشتوکاڵی گەنمی بەهارە دەبینرێت لە ویلایەتی داکوتای باکور، وە خۆرئاوای ویلایەتی مینسوتا، وە لەبەشەکانی باکور لەویلایەتی مۆنتانا، ئەوەی یارمەتی کشتوکاڵی گەنمی بەهارەی داوە لەم بەشانەی ویلایەتە یەکگرتوەکاندا ئەوەیە کەوەرزی زستان درێژە. بەڵام وەرزی هاوین کورتە ڕۆژ درێژە وئاسمان سامالە وە بەرزی پلەی گەرما یارمەتی گشەی ئەم گەنمە دەدات کەدەکرێت لەوەرزی بەهاردا. لەم پشتێنەیەدا کشتوکاڵی گەنمی بەهارە لەگەڵ کشتوکاڵی کەتان زەویەکان دادەپۆشێت.
٢. پشتێنەی گەنمە شامی وگەنمی زستانە :-
ئەم پشتێنە دەکەوێتە باشوری دوو پشتێنەکەی پێشوو کشتوکاڵی گەنم زیاترە لەبەشی ناوەڕاستی دەشتەکانی ناوەڕاسدایە لەنێوانیاندا کشتوکاڵی گەنمە شامی دەکەوێتە دەشتەکانی ناوەڕاستەوە وەك دەبینرێت لەزەویەکانی ویلایەتەکانی باکوری خۆرهەڵاتدا.
گەنمە شامی لەڕووی ڕوبەر وڕێژەی بەرهەمەوە لەگرنگترین بەروبومەکانی گەنمە لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا کەبەرهەمی نزیکەی ( ١٥٩ ) ملیۆن طن ە، کەئەمەش یەکسانە بە ٥٠٪ بەرهەمی گەنمە شامی لەجیهاندا. بەمەش پلەی یەکەمی هەیە لەجیهاندا. بارودۆخی ئاووهەوا یارمەتی کشتوکاڵی گەنمەشامی داوە لەزۆربەی نیوەی خۆرئاوای ئەم وڵاتەدا، لەکاتێکدا زۆربەی کشتوکاڵ دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هێڵی درێژی ١٠٠ خۆرئاوای غرینتش. وە بەروبومی گەنمەشامی پێویستی بەهاوینی گەرم وشێدارە، کەتێکڕای پلەی گەرمی کەمترنەبێت ٢١° پلەی

سەدی وە پلەی گەرمی شەو کەمترنەبێت لە ١٢° پلەی سەدی. وە گرنگترین ویلایەتەکانی کشتوکاڵی گەنمەشامی ئەمانەن :- ( ایوا – باکوری میسۆری – للینوی – اندیانا – باکوری خۆرهەلاتی کنساس- خۆرهەلاتی نبرانسکا)

لەزەویەکانی گەنمەشامی دا کشتوکاڵی گەنمی زستانە دەبینرێت گرنگترین ناوچەکانی بەرهەم هێنانی ناوەڕاستی کنساسە کەدرێژ دەبێتەوە لە باکور بۆ نبراسکاوە لەباشورە وە بۆ اوکلاهۆما، هێڵی بارانی یەکسانی ساڵانەی ٤٠٠ملم سنوری خۆرئاوای پشتێنەی کشتوکاڵی گەنم دیاریدەکات، وە لەباکوریدا هێڵی گەرمای یەکسانی ٦° پلەی سەدیە لەساردترین مانگدا. لەسنوری درێژبونەوەی باشوری ئەم کشتوکاڵەدا پلەی گەرما بەرزدەبێتەوە وڕێژەی بارانیش زیاد دەکات. ویلایەتە یەکگرتوەکان بەپلەی دووەم دێت لەجیهاندا لەبەرهەمی گەنمدا (٥٨ ملیۆن طن لەساڵی ١٩٧٦ دا ) لەدوای یەکێتی سۆڤیەت( ڕوسیا ). گەنمی زستانە نزیکە ٧٥٪ پوختەی بەرهەم پێك دێنێت. •

بەرهەمی ویلایەتی کنساس واوکلاهۆما ونبراسکا زیاترە لەنیوەی بەرهەمی گەنمی زستانە لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا. کشتوکاڵی گەنم لەویلایەتەکانی خۆرئاوادا هەیە بەتایبەتی لەبەشە جیاوازەکانی دۆڵی کەناراوەکاندا.

٤. پشتێنەی توتن :-

کشتوکاڵی توتن بڵاودەبێتەوە لەباشوری پشتێنەی کشتوکاڵی گەنمەشامی بۆ باکوری پشتێنەی کشتوکاڵی لۆکە. وە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەبینرێت لەزەویەکانی کشتوکاڵی گەنمەشامیدا.

ویلایەتە یەکگرتوەکان زیاترە لە ١٦٪ توتنی جیهان بەرهەم دێنێت (٩٦٩ ملیۆن طن ) وە بەپلەی دووەم دێت لەجیهاندا لەدوای چینی نیشتمانی وە زۆربەی توتنی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەکەوێتە خۆرهەلاتی میسیسپی بەتایبەتی لەویلایەتی کنتۆکی وباشوری فرجینیا، وەباکور وخۆرهەلاتی کاردۆلینای باکور وخۆرهەلاتی کارۆلینای باشور لەدەشتە کەناریەکاندا. وە بەزۆری توتن دەچێنرێت لەباکور وباشوردا، جگە لەوەی کە ٩٠٪ بەرهەم دەکەوێتە باشور، بەرهەمی ویلایەتی کشتوکاڵی تەنها زیاترە تەنها لەهەموو بەرهەمی باکوری ویلایەتە یەکگرتوەکان، لەنێوانیاندا بەرهەمی کارۆلینای باکور پێنج ئەوەندەی بەرهەمی باکوری ویلایەتە یەکگرتوەکانە. ٥. پشتێنەی لۆکە :-

ئەم پشتێنەیە دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەلاتی ئەم وولاتە کەدرێژ دەبێتەوە لەکارۆلینا بۆ جۆرجیا تاوەکوو تەکساس. ویلایەتە یەکگرتوەکان بەهۆی بونی بارودۆخی گونجاو بۆ کشتوکاڵی لۆکە لەباشوری ئەم وولاتەدا وایکردوە ببێت یەکێك لەگرنگترین وولاتانی جیهان لەبەرهەم هێنانی لۆکەدا.

لەگەڵ چینی نەتەوەیدا لەدەولەتە هەناردەکانی جیهانن، ڕێژەی بەرهەمی سالانەی لەساڵی ١٩٧٦ دا نزیکەی ٢,٣ ملیۆن طن بووە، بەلام چین ٢,٣٧ملیۆن طن بوە، لەنێوانیاندا بەرهەمی ویلایەتە یکگرتوەکان نزیکەی ٣ ملیۆن طن بوە لەساڵی ١٩٧٢ دا، وە چین نزیکەی ٢,١ ملیۆن طن بوە لە هەمان ساڵدا. لۆکە بەرهەمێکی خولگەییە گرنگترین نۆکارەکە کشتوکاڵی باکور سنوردار ئەکات درێژی وەرزی کشتوکاڵە سنوری هێڵی باکوری پشتێنەی لۆکە دەکەوێتە ئاوڕێژگەی ڕووباری

تشیسابیك لەباشوری خۆرئاوا لەگەڵ کەناری چیای زەرقا پاشان دەسوڕێتەوە بەدەوری باشوری ئەپەلاشدا پاشان ئاڕاستەدەکات بۆ باکوری خۆرئاوا دۆڵی تنسی دروست دەکات وتاوەکوو شاری کایرۆ کەدەگات بەمیسیسپی واوهایۆ، دواتر ئاڕاستە دەکات بۆ هێڵی باشوری خۆرئاوا لەدەور وبەری بەرزایەکانی أوزارك بۆ سنوری اوکلاهوما پاشان بۆ باشوری خۆرئاوای تەکساس.

بەلام سنوری خۆرئاوای پشتێنەی لۆکە هێڵی بارانی ٥٠٠ ملم لەساڵێکدا، کەدەچێنرێت لەناوچەی فرینسو وە لەدۆڵی سان جواکین لەویلایەتی کالیفۆرنیا لەخۆرئاوای وولاتدا، وە لۆکە ناکرێت لەهەموو باشوری ویلایەتە یەکگرتوەکاندا هەروەها نیە لەفلۆریدا یان لەکەنارەکانی کەنداودا چونکە زۆنگا ودەریاچەی سوێری تێدایە.

ناوچەی دەشتی لافاوکرد ڕووباری میسیسپی ولقەکانی لەگرنگترین ناوچەکانی کشتوکاڵی لۆکەن لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا. ٤/٣ دانیشتوانی زنجی لەپشتێنەی کشتوکاڵی لۆکەدان، کشتوکاڵی لۆکە لەسەرەتادا پشتی دەبەست بەدەستی کاری زنجیەکان، لۆکەی ئەمریکی لەڕاستیدا لۆکەی تاڵ کورتە جگەلەوەیتر کەدەکەوێتە ناو کشتوکاڵی لۆکەی تاڵدرێژەوە.

* وە لەپاڵ ئەو بەرهەمانەی پێشو دا ئەم کشتوکاڵانە دەبینرێت :-

- برنج :- ویلایەتە یەگکرتوەکانە نزیکەی ٥,٢ ملیۆن طن برنج بەرهەم دێنێت ( بەپلەی یانزەهەم دێت لەجیهاندا ) زیاتر لە ٩٠ ٪ دەکەوێتە ویلایەتەکانی باشور بەتایبەتی تەکساس ولویزیانا وکارۆلینا وباشور وجۆرجیا. هەروەها برنج دەچێنرێت لەکالیفۆرنیادا لەبەشەکانی ناوەڕاستیدا لەدۆڵەکاندا لەخۆرئاوای ویلایەتە یەککرتوەکاندا.

- قامیشی شەکر :-

کشتوکاڵی قامیشی شەکر بڵاودەبێتەوە لەناوچەی دەشتەکەناریەکاندا وەلەفلۆریدا، لەگرنگ ترین ویلایەتەکانی ئەم کشتوکاڵە ئەمانەن : لویزیان وفلۆریدا.

کەبەروبومێکی خولگەییە لەبەر ئەوەی ئەم کشتوکاڵە لەویلایەتە گەرمەکانی باشوردایە.

- درەختە بەردارەکان :-

دەکەوێتە ناوچەکانی باشور کەگونجاوە بۆ کشتوکاڵی مزرەمەنی بەتایبەتی فلۆریدا وەکالیفۆرنیا کەکشتوکاڵی مزرە مەنی بەجۆرە جیاوازەکانیەوە دەکرێت تێدا. لیمۆ وپرتەقاڵ و...هتد . دەبینرێت لەکێڵگەکانی فلۆریدا. هەروەها داری پرتەقاڵ دەبینرێت لە کالیفۆرنیا لەناوچەی فرینسو وەلە لوس انجلس، وە داری لیمۆ لەناوچەی سانتاجاربارا.

زۆربەی داری قۆخ دەکەوێت جۆرجیا وە باکوری تەکساس ونیرکنساس وناوەڕاستی (وکلاهۆما وکارۆلینای باکور وفرجینیا، جگەلەم ویلایەتانەش کالیفۆرنیا بەتەنها نزیکەی ٣٩٪ هەموو قۆخی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرهەم دێنێت.

هەروەها ویلایەتی کالیفۆرنیا بەناوبانگە بەکشتوکاڵی سێو کەزۆربەی دارەکانی دەکەونە ناوچەی سانتاکروز، جگە لەزۆری کشتوکاڵی مێوو ( ترێ ) لەفریسنو، وە ستوکتون، وە کالیفۆرنیا بەرهەمێکی گرنگی هەڵوژە وقەیسی وچەقالەیە -شێوەی ( ١٠ ).

هەروەها کشتوکاڵی داری بەردار لەویلایەتەکانی باکوریشدا هەیە بەتایبەتی سێو وهەڵوژە وچەقالە.

خاکی پێدمۆنت ودەشتی کەناری کەمتر شیاوە بۆ کشتوکاڵی سەوزەمەنی ومیوە کەزوو پێدەگات ودەگوازرێتەوە بۆ بازاڕەکانی باکوری خۆرهەڵات لەسەرتای کانونی دووەمدا ( سەوزەمەنی فلۆریدا ودەشتی تەکساس ) وە کالیفۆرنیا ویلایەتێکی گرنگی بەرهەمهێنانی سەوزەیە. هەروەها لەویلایەتەکانی باشور وخۆرهەڵات دەکرێت بەتایبەتی تەکساس وفلۆریدا وجۆرجیا وماریلاند. دەتوانین هێڵی درێژی ١٠٠ی خۆرئاوا دابنێین بەسنورێکی جیاکەرەوە لەنێوان کشتوکاڵی بەشەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەخۆرهەڵات وخۆرئاوادا. زۆربەی بەشەکانی خۆرئاوا بەوەجیادەکرێتەوە کەپێویستی بەئاوی زیاترهەیە، وەلە دەشتە گەورەکاندا سەوزەگیا گەشەدەکات کەبەکاردێت وەك لەوەڕگا بۆ لەوەڕاندنی مەڕ ومالآت. بەلآم لەچیاکانی ڕۆکیدا لاپاڵەکانی داپۆشراون بەدارستانی جۆرا وجۆر.
هەروەها کشتوکاڵی بەراو ( بەرئاوی ) دەبینرێت لەدۆڵەکاندا، لەگەل ژیانی ئابوری جۆرا وجۆر لەزنجیرە بانە گەورەکاندا، وە هەندێکیان کشتوکاڵی جۆرا وجۆریان تێدا دەکرێت وەکو تۆوی خواردن وە میوەی مام ناوەندی وەکو سێو وهەرمێ وگەنم وجۆ لەباکور، وەهەندی میوەی خولگەیی بەرهەم دێت لەباشوردا. وە بەرهەمی بەشی خۆرئاوا لەمیوەدا دەگاتە نزیکەی ١٠٪ بەرهەمی میوە لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا. کشتوکاڵی بەرهەمەکانی ئالیك دەکەوێتە باکوری ویلایەتە یەکگرتوەکان وە لەباکوری خۆرهەڵاتیدا بەخێوکردنی مەڕ ومالآت هەیە کەچەندین پیشەسازی پشتی پێدەبەستێت، لەنێوانیاندا ناوچەی بانەکانی خۆرئاوا کەنیمچە وشکن بونەتە ناوچەی بەخێوکردنی مەڕ وبزن. وە

بەخێوکردنی بەراز هەیە لەباشوری وولاتەکەدا لەگەڵ ناوچەی دەشتەکانی ناوەڕاستدا.

وە ژمارەی مەڕ ومالآت لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا مەزەندە دەکرێت بەنزیکەی ١٢٨ ملیۆن سەر ( بەپلی دووەم دێت لەدوای هیند ). وەلەمەڕ وبزندا ١٣,٤ ملیۆن سەری هەیە. هەروەها خاوەنی نزیکەی ٥٠ ملیۆن سەر بەرازە. هەروەها ویلایەتی کنتۆکی پسپۆڕە لەبواری بەخێوکردنی ئەسپی پێش بڕکێدا لەلەوەڕگاکانی دەشتی بلوجراسی بەپیتدا.

وە کۆی ژمارەی ئەسپ لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا ٨,٦ ملیۆن سەرە.




شێوە ژمارە ( ١٠ ) گرنگترین کشتوکاڵەکانی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکی.

## * سامانی کانزایی *

بەڵام سەبارەت بەدەرامەتی سامانی کانزایەکان ، کەویلایەتە یەکگرتوەکان پلەی یەکەم داگیردەکات لەبەرهەمی خەڵوزدا لەپەنجایەکاندا تەنانەت کەوتۆرتە پێش یەکێتی سۆڤیەتیش ( روسیا ).
وەگرنگترین کێڵگەکانی خەڵوز – ( شێوەی ١٢ ) – کێڵگەی ئەپەلاش ( ٦٥٪ بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتوەکانە ).
وە کێڵگەکانی ناوەڕاست ( لە اندیانا، نیوی، کنتۆکی ) کەئەم کێڵگانە لە ٢٠٪ خەڵوزی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەدات.




شێوەی ( ١١ ) کێڵگەکانی خەڵوز لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا



شێوەی ( ١٢ ) کێڵگەکانی نەوت لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

وە کێڵگەکانی ناوەڕاست گرنگترین کێڵگەکانی خۆرئاوان لەداکۆتای باکوردا، وە لەچیای ڕۆکیدا، ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ٣٠٪ بەرهەمی خەڵوزی دەنێرێتە دەرەوە کەدەکاتە ٦٠٠ ملیۆن طن. وە ویلایەتە یەکگرتوەکان نزیکەی ١٤٪ بەرهەمی نەوتی جیهان بەرهەم دێنێت (

٤٠١ مليۆن طن ) وە کێڵگەکانی نەوت لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا دابەش دەبن لەخۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا بۆ ئەم بەشانە : بڕوانە شێوەی ( ١٣ ) .

١. کێڵگەکانی ئەپەلاش ( ٥٪ بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەدات ).

٢. کێڵگەکانی ناوەوە کەدەکەونە ویلایەتی اوهایۆ واندیانا وسینوی مشیگان.

٣. کێڵگەکانی ناوەڕاستی قاڕەکە ( کنساس وە اوکلاهۆما وتەکساس وئیرکنساس ولوینزیانا ).

بەڕێژەی ٦٠٪ بەشداری دەکات لەکۆی بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتوەکان.

٤. کێڵگەکانی کەناری کەنداو.

٥. کێڵگەکانی چیای ڕۆکی ( ویۆمنگ، مونتانا، کلۆرادۆ ).

٦. کێڵگەکانی کالیفۆرنیا کە پایتەختەکەی لوس انجلوسە.

ویلایەتە یەکگرتوەکان لەهەموو ولاتانی جیهان زیاتر نەوت بەکاردێنێ (کەدەگاتە لە ٥٠٪ بەرهەمی جیهان ).

هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکان شوێنی دووەم داگیر دەکات لەدوای ڕوسیا لەبەرهەمی ئاسندا (٥٠ ملیۆن طن ) کەزۆربەی بەرهەم دێت لەویلایەتی فیسۆتا وسنکسن وە مشیگان ( ٨٥٪ )، ئەم ئاسنە لەناو خۆدا بەکاردەهێنرێت. هەروەها لە ١٩٪ بەشداری لەبەرهەمی مسی جیهاندا دەکات (١,٥ ملیۆن طن ). گرنگترین ناوچەکانی بەرهەم هێنانی ویلایەتی ئەریزۆنا ومۆنتانا ومشیگان ویوتایە، ئەمە بێجگەلەوەی کەقوڕقوشم وتەنەکە وئالتون وبۆکسایت بەرهەم دەهێنرێت لەزەویەکانیدا.

# * پیشەسازی *

ویلایەتی یەکگرتوەکان بەیەکەم دەوڵەتی پیشەسازی دادەنرێت لەجیهاندا، ئەوەی کەیارمەتی دەرکەوتنی جۆرا وجۆری پیشەسازی داوە بونی ژمارەیەکی زۆری ئەو هۆکارانەیە کەپێویستن بۆ گەشەکردنی هەرپیشەسازیەك، لەو هۆکارانەش وەکو : زۆری مەوادی ووزەیە لەنەوت وخەڵوز وکارۆئاوی Hydro Electric لەگەڵ بونی دەستی کارکەری شارەزا ولێهاتوو، لەپاڵ بازاڕی بەکارهێنانی ناوخۆیدا، لەبواری سیاسەتی ناردنەدەرەوەدا ئەوا ویلایەتە یەکگرتوەکان ڕێژەیەکی زۆری بەرهەمە پیشەسازیەکانی دەنێرێتە دەرەوە کەپێداویستیەکانی بازاڕی دەرەکی پێپڕدەکرێتەوە لەزۆربەی وولاتانی جیهاندا. وەهیچ پیشەسازیەك نابینرێت لەجیهاندا کەلەویلایەتە یەکگرتوەکاندا نەبێت، لەوانە پیشەسازی ئاسن وکەشتی دروستکردن وپیشەسازی ئۆتۆمبێل وفڕۆکە وپیشەسازیە کیمابیەکان وڕستن وچنین وهەروەها پیشەسازی خواردەمەنی و...هتد، زیاتر لە٩٠٪ پیشەسازی ئەمریکی دەکەوێتە ناوەڕاستی وولاتەکانی خۆرهەلات بەتایبەتی ویلایەتەکانی باکور وباکوری خۆرهەلات.

## * پیشەسازی لەویلایەتەکانی باکوری خۆرهەڵاتدا

—:

پیشەسازیەکانی ڕستن وچنین وخواردەمەنی وبەرهەمە ئاژەڵیەکان زیاتر دەبینرێت لەویلایەتەکانی باکوری خۆرهەڵاتدا. ئەم ویلایەتانە پێشکەوتون لەزۆربەی پیشەسازیە قورسەکان وپیشەسازی کارەبا وکیمیایدا. هەروەها ناوچەی نیوئینگلاند بەناوبانگە بەپیشەسازی ڕستن وچنین ولۆکە ویلایەتی کارۆ لینای باکور بەناوبانگە لەم پیشەسازیەدا.

ئەمە بێجگەلەوەی کە نیوئینگلاند پلەی یەکەمی داگیرکردوە لەپیشەسازی خوریدا.

پیشەسازی خوری دەکەوێتە پشتێنەی کەناری کەدەست پێدەکات لەویلایەتی مین وە درێژدەبێتەوە تاوەکوو ویلایەتی نیوجرسی. کارگەی مانفێڵد ومانشستر دەکەونە نیوهامبشیر،وەکارگەکانی نورثامبتۆن لەماشوستس، لەگرنگترین پیشەسازی ڕستن وچنینی ئاوریشم دەکەوێتە ناوچەی باکوری خۆرهەڵات، وە بەناوبانگترین ویلایەتی (ماشوستس )ە، کەکارگەی خۆشکردنی پێست ودروستکردنی پێڵاوی تێدایە ( وەك کارگەی بوسطن وبروکتن ولین وسالم وورستروبیفرلی ) کەنزیکەی ٤/١ چواریەکی پێڵاوی ویلایەتە یەکگرتوەکان دروست دەکات. ویلایەتی ماشوستس ژمارەیەك پیشەسازی تر لەخۆدەگرێت وەکو پیشەسازی ئامێر وئامرازی کارەبایی وسەعات، وە لەشاری ولتهام Waltham گەورەترین پیشەسازی سەعاتی تێدایە لەجیهاندا. وە لەشاری کنکتادی Schenectady لەویلایەتی نیۆرك ( لەسەر

ڕووباری موهوك ) پیشەسازی کۆمپانیای جەنەڕاڵ کنزیکی ئەمریکی تێدایە کەبەرهەمی کارەبای جیاواز بەرهەم دێنێت. وەشاری ڕۆشتر لەنزیك دەریاچەی اونتاریۆ – بنکەی کۆمپانیای کوداکی Kodak تێدایە کەبەناوبانگە بەهەموو پیشەسازیەکانی کاغەز (فیلمی ) وێنەگرتن وئامێری سینەمایی، لەگەڵ پیشەسازی جۆرا وجۆری جیاوازی ئامێری زانستی وورد وتەلسکۆبی بینین وئامێری ووردبین وئامێری کارەبایی. هەروەها لەکەناری دەریاچەی اونتاریۆ اندیە لەویلایەتی نیۆرك ژمارەیەك لەپیشەسازی بلاوبونەتەوە لەوانە پیشەسازی ئارد ودانەوێڵە وڕۆنی زەیت وسابون وهەڵگرتنی گۆشت ومیوە وپیشەسازی کاغەز لەشاری بوفالۆ.

وەپیشەسازی پالاوتنی نەوت ودروستکردنی کەشتی.

وە ویلایەتی نیوجرسی وناوبانگ بوە لەکۆندا بەپیشەسازی کەشتی، وەپیشەسازی تواندنەوەی مس وپالاوتنی لەشاری کامدن ونیوارك، وەپیشەسازی پالاوتنی نەوت وپیشەسازی جوڵێنەرەکان وپۆشاك وشەکر لە( فیلادلفیا).

وە ویلایەتی پنسلفانیا سەنتەری پیشەسازی قورسە، کەتیایدا شاری تسبرغ بەناوبانگە بەپیشەسازی ئاسن، کەئاسن دروست دەکرێت بۆ شارەکانی تریش، کەپیشەسازی قورس دەوری ئەم شارەی داوە، کەمەکینەی ڕاکێشەر وعەرەبانەی هێڵی ئاسنینی تێدا دروست دەکرێت وە بەرهەم دەهێنرێت. وەنەبێت پیشەسازی ئاسن تەنها خۆرئاوای ویلایەتی پنسلڤانیای داگیرکردبێت بەڵکو لەخۆرهەلاتی ئەو ویلایەتەشدا دەبینرێت، وەلە پنسلڤانیا پیشەسازی جۆرا وجۆرهەیە لەشاری سکرانتۆ پیشەسازی بزوێنەر ومەکینە دەبینرێت لەگەڵ

چیمەنتۆ، وە لەئێستادا وە لەشاری هارڵتۆن ئامێری کانزاکاری وئامێری گەورە ورِستن وچنینی ئاوریشم وجل وبەرگی جۆرا وجۆر دروست دەکرێت، وەلەشارە پیشەسازیەکانی ویلایەتی تورسیتۆن وهارسیبرغ واویل سیتی ولانکستر ویۆرك وە لەخۆرهەلاتی ئەپەلاشدا لەشاری التونا Altoone پیشەسازی سکەی ئاسن وئەوەی پەیوەندی هەیە پێوەی لەگەڵ پیشەسازی رِستنی ئاوریشم هەیە.

## * پیشەسازی لەویلایەتەکانی ناوەرِاست وباکوردا :-

ئەم ویلایەتانە دەگرێتەوە ( مینوتا، ونسکونسن ومشیگان ونیوی واندیانا واوهایۆ ) ئەمانەش دەکەونە دەریاچە گەورەکانەوە. کەژمارەیەك لەپیشەسازی گرنگ کۆبۆتەوە لەم ویلایەتانەدا کەوایانکردوە ویلایەتە یەکگرتوەکان ببێتەناوبانگی جیهان بەتایبەتی لەپیشەسازی ئۆتۆمبیل دا، وە لەگرنگترین پیشەسازیەکانی ئەم ناوچانە :-

پیشەسازی خواردەمەنیە لەگەڵ بەروبومی گەنم وگەنمەشامی وپیشەسازی لەقوتونانی گۆشت ومەرِ ومالات کەدەبینرێت بۆ بازارِەکانی ناخۆ ودەرەوە. ئەم پیشەسازیانەش کۆبونەتەوە لەپشتێنەی گەنمەشامی دا، لەشارەکانی شیکاگۆ وسانت لویس واوماها وکانساس سیتی وسان بول ودنفرونست جوزف وشاری Sionx لێرەدا پیشەسازی ئارد ودانەوێڵە هەیە لەپشتێنەی گەنمدا، شاری میناپولیس بەیەکێك لەشارە گەورەکانی جیهان دەژمێردرێت لەئارد ودانەوێڵەدا.

ژمارەیەکی زۆر ئاش دەبینرێت لەکانساس ستی وسانتلویس وبوفالور شیکاگۆ.

ئەم هەرێمە گرنگترین هەرێمە لەپیشەسازی کانزادا بەتایبەتی پیشەسازی ئاسن کەگەشەیکردوە لەکەناری دەریاچە گەورەکان کە⅓ سێیەکی پیشەسازی ئاسنی ویلایەتەیەکگرتوەکان لەخۆدەگرێت. لەم پیشەسازیانەشدا بەرهەمەکانی چوارچێوەی ئاسن وبۆری وشیش هەیە، لەپاڵیشیدا پیشەسازی ئۆتۆمبیل ومەکینە وئامێری کشتوکاڵی وفرۆکەهەیە، زیاتر لەنیوەی بەرهەمی ئۆتۆمبێلی ئەمریکی دەکەوێتە ناوچەی دەریاچەکانەوە، وشاری دیترۆین بەگەورەترین شاری ئەم پیشەسازیانە دادەنرێت لەجیهاندا. لەپاڵ ئەم شارانەدا چەندین شاری تریش هەن وەکو شاری فلنتن وبونتیاك ولانسنج وکلیفلاند وتۆلید واکرون وساوت بند کە پیشەسازی ئۆتۆمبیلی تێدایە.

## * پیشەسازی لەویلایەتەکانی باشوردا :-

⅓ سێیەکی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەباشوردا دەژین لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ویلایەتانە تەنها ١٨٪ کەل وپەلی دروستکراو بەرهەم دێنن لەم وولاتەدا، کەلوتکەی زیاترنیە لە ١٧,٦٪ لەلوتکەی هەموو پیشەسازی ئەمریکا. بەرهەمی نیویۆرك بەتەنها ٧٥٪ هەموو بەرهەمی ویلایەتەکانی باشوردەبێت. هۆکاری دواکەوتوی باشور لەبواری پیشەسازیدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بارو دۆخی مێژووی وەك لەسروشتی. وە باشور هەژارە بەکانزا بەڵام دەوڵەمەندە بەمەوادی بەهێزی بزوێنەر وەکو خەڵوز ونەوت وگازی سروشتی. وەبەشێوەیەکی گشتی زیاتر لە٦٠٪ خەڵوزی پاشەکەوتکراوی ئەپەلاش هەیە

ئەویلایەتەکانی باشوردا، وە ئەم خەڵوزە نزیکە لەسەر ڕوی زەوی وبەئاسانی دەردەهێنرێت وە فرجینیای خۆئاوا زیاترە لە١٥٠ ملیۆن طن بەرهەم دێنێت، لەنێوانیاندا باماو کنتۆکی زیاتر لەمەبەرهەم دێنن، وەکێڵگەکانی خەڵوز درێژدەبنەوە لەڕوبەرێکدا کەدەگاتە ٦٥٠٠کم[٢] لەکنتۆکی، ٢٥,٨٠٠کم[٢] لەاوکلاهۆما، بەڵام خەڵوزی تەکساس جۆرەکەی کەمترباشە.

باشور دەوڵەمەندە بەنەوت وگازی سروشتی کە٦١٪ نەوتی پاشەکەوتی ویلایەتەیەکگرتوەکان لەخۆدەگرێت، تەکساس ولویزیانا واوکلاهۆما لەپێنج ویلایەتەگرنگەکانی بەرهەم هێنانی نەوتن، ویلاتەکانی باشور بەشدارن لەبەرهەم هێنانی کارەبا لەئاوەڕۆی ئاوی سەر ڕووی زەوی، وە کارەبا بەرهەم دێت لەژمارەیەك ڕووبار کەلێژدەبنەوە لەباشوری چیاکانی ئەپەلأشدا بۆ دەشتە کەناریەکان و ئۆقیانوسی ئەتلەسی وکەنداو، کەئەم ووزەیەش مەزەندە دەکرێت بەسێ یەکی ⅓ هەموو ووزەی بەرهەم هێنراوی کارەبا لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا. وە ئەم بەشەش بەرامبەر ویەکسانەلەگەڵ ڕوبەری باشور وژمارەی دانیشتوانیدا.

گرنگترین پیشەسازیەکانی باشور ئەمانەن :

پیشەسازی ( ئاسن وقاڵب ) کە کۆدەبێتەوە لە برنغهام ( الاباما )

جگەلەمە گرنگترین پیشەسازیە گەشەکردوەکان لەباشوردا ئەمانەن :-

پیشەسازی ڕستن وچنین کەزیاتر دەبینرێت لەکارۆلینای باکور وجۆرجیا والاباما وتەکساسدا، لێرەدا کارگەی پالاوتنی نەوت هەیە لەدالاسن وبومندە وبورت اثر وبانون ورۆج.

کەچەندین پیشەسازی ئالۆز لەگەڵ پێکهاتەکانی نەوت، هەروەها پیشەسازیە کیمیایەکان دامەزران بەپشت بەستن بەگازی سروشتی، وەك پیشەسازی تایەی لاستیك وە پیشەسازی کیمیایی لەفریبورت ( تەکساس )، وە پیشەسازی ئەلەمنیۆم لەموبیل ( الاباما ) وەپیشەسازی تەنەکە لەکوربس کرستی ( تەکساس ). جگەلەمەش چەندین پیشەسازی ترهەیە وەکو پیشەسازی دەرهێنانی کرۆکی دار و( لب الخشب )وە پیشەسازی کاغەز وپیشەسازی دەرهێنانی وخۆشکردنی پێستە لەداری بەڕوو.

## * پیشەسازی لەویلایەتەکانی خۆرئاوا :-

ویلایەتەکانی خۆرئاوا دەگرێتەوە :- کالیفۆرنیا وئۆریگۆن و واشنطن وایداهۆ ونیڤادا وئەریزۆنا ویوتا ونیومەکسیکۆ وکۆلۆرادۆ ویومنگ ومونتانا وداکۆتای باکور وداکۆتای باشور ونبراسکا، وە بەشێك لەویلایەتی کنساس و (وکلاهۆما وتەکساس دەگرێتەوە، وەلەم هەرێمەدا پیشەسازی سەربڕینی مەڕ ومالآت وپاراستنی گۆشتەکەیان بەشێوەیەکی گشتی بەرزبۆتەوە. وە شاری دنفر ( کۆلۆرادۆ ) سەنتەری ئەم پیشەسازیەیە، هەروەها پیشەسازی شیرەمەنی گەشەی کردووە لەویلایەتەکانی خۆرئاوادا کەبەرهەمەکەی نزیکەی ١٠٪ کۆی بەرهەمی پیشەسازی ویلایەتە یەکگرتوەکانە. هەروەها پیشەسازی خاوێنکردنی مس دەبینرێت لەشاری باس، غریت فولنر ( مونتانا ) وتاکوما ( واشنطن ) وە پیشەسازی ئاسن وقاڵب لەویلایەتی یوتا وکالیفۆرنیا وکۆلۆرادۆ بەڵام بەرهەمی کەمە وبەراورد ناکرێت بەبەرهەمی باکوری خۆرهەلآت یان باشور. وە لێرەدا ژمارەیەك پیشەسازی کیمیایی وڕستن

وچنین هەیە، وە پیشەسازی بڕینی دار ودرەخت لە( ئۆریگۆن و واشنطن وکالیفۆرنیا ) وە پیشەسازی لەقوتونانی سەوزە ەمیوە، کەویلایەتەکانی واشنطن وئۆریگۆن وکالیفۆرنیا وایداهۆ نزیکەی سێیەکی ⅓ سەوزە ومیوەی لەقوتونراوی ویلایەتە یەکگرتوەکان بەرهەم دێنێت.

ویلایەتی کالیفۆرنیا بەناوبانگە لەپیشەسازی سینەمایدا، کەهۆلیۆد ( لەدەور وبەری لوس انجلس دا ) گرنگترین سەنتەری ئەم پیشەسازیەیە لەجیهادا.

## * دانیشتوان *

ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەگاتە ٢١٥ ملیۆن کەس (١٩٧٦ )، دابەشکردنەکان دەبەسترێنەوە بەپەیوەندیەکی ڕێك وپێك بەهۆکاری جیاواز گرنگترینیان هۆکاری بەپیتی خاك وئاووهەوایە لەگەڵ دیاردەسروشتی یەکانی سەرزەوی وسامانی کانزایی وبونی هۆکاری گواستنەوەی جۆرا وجۆر لەپاڵ کاریگەری پلەی جوڵەی کۆچکردندا.

لەنیوەی خۆرئاوادا ئاووهەوا ووشکە یان نیمچە ووشکە تەنها ١٠٪ی کۆی دانیشتوانی تێدا نیشتەجێ دەبێت. بەڵام لەنیوەی خۆرهەڵات لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا کەئاووهەوای بارانایە ئەوە لە ٩٠٪ دانیشتوانی تێدایە، وەچڕی تیایدا زیاد دەکات بۆ پلەیەکی گەورە، زۆری دەرامەتی سامانە کانزاییەکان یارمەتی بەرزی چڕی دانیشتوانی داوە لەژینگەی پیشەسازیەکاندا کەتێدا گەشەی کردوە بەهۆی زۆری بەرهەم هێنانی بەهاوکاری سروشت. بەم شێوەیە لەم بەشەدا بەرهەم

هێنانی کشتوکاڵی گەشەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. دەتوانین بڵێین لێرەدا جۆرە هاوتا وبەرانبەریەك هەیە لەنێوان نەخشەی دابەش بوونی دانیشتوان ودابەش بونی پیشەسازیەکاندا، چڕی دانیشتیوان بەپلەیەکی گەورە دەردەکەوێت لەباکوری خۆرهەلاتدا، وە بەپلەیەکی مام ناوەندی لەباشور لەسەر کەنارەکانی ئۆقیانوسی ئارام دا، وە بەپلەیەکی کەم لەهەرێمەکانی ناوخۆدا لەبانەکان وبەرزاییە بەرزەکان وبیابانە ووشکەکاندا.

دانیشتوانی باشور ژمارەیان نزیکەی ٥٠ ملیۆن کەسە وپێشکەوتنی پیشەسازی لەدەرئەنجامی زۆری توانای زەویەکانە، وە چڕی دانیشتوان سنورداره وزیاترنیە لە٥٠کەس /کم[٢] ؛ ناوەندی چڕی دانیشتوانی خۆرهەلاتی مسیسپی نزیکەی ٤٠کەسە، وە لەخۆرئاوای میسیسپی کەمترە لەمە ( ٢٠کەس /کم[٢] )، وە ناوەندی چڕی لەهەموو باشوردا ٣٠کەسە/کم[٢] دا، لەجۆرجیا چڕی دانیشتوان زیاترنیە لەیەك کەس لەکم[٢] دا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆچکەرانەی کەدەچنە ناو ئەمریکا لەڕێگەی کەنارەکانی باکوری خۆرهەلات وەکو نیویۆرك وفیلادلفیا.

کەچەندین کارگە لەخۆدەگرن وتێپەڕدەبن لەئەپەلاش بۆ دەشتەکانی ناوەڕاست کەتوانایەکی فراوانی کشتوکاڵ ولەوەڕاندنیان هەیە. سەرەڕای ئەوەی کەدەستی کاری ئەوروپی ناتوانێت منافەسەی دەستی کاری زنجی هەرزان بکات لەباشوردا، وە باشور توانای ڕاکێشانی زۆری نیە لەکۆچکەران بەڵکو زیاتر پشت دەبەستێت بەزیادەی سروشتی دانیشتوان بەڕێژەیەکی گەورە. ڕێژەی زنجیەکان لەویلایەتەکانی باشوردا زیاد دەکات بۆ ٢٥٪ لەژمارەی دانیشتوانی وە لەهەندێ

ناوچەدا دەگاتەزیاتر لە٥٠٪ بەم جۆرە دەتوانین بڵێین زنجیەکان زیاتر لە باشوردان وژمارەیان دەگاتە ١٢٪ کۆی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان؛ کەویلایەتەکانی کارۆلینای باشور ومیسیسپی وجۆرجیا والاباما ولویزیانا زۆربەی لەخۆدەگرن کەئاووهەواکەیان نزیکەی لە ئاووهەوای نیشتمانی زنجیە ڕەسەنەکانەوە. کێشەی زنجیەکان لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وئابوری پێك دێنێت. بۆیە پێویستە چارەسەرێکی خێرابکرێت بۆ کێشەی زنجیەکان کەسەرتاپای ژیانیان گرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو سیاسەتە دواکەوتوە سەرهەڵنەداتەوە کەناسراوە بەجیاوازی ڕەنگ ( ڕەگەز ).

# * بەشی چوارەم *

## - کەنەدا -

**شوێن ورووبەری کەنەدا :-**

کەنەدا دەکەوێتە ئەمریکای باکورەوە، لەباکوری بازنەی پانی ٤٩° پلە. تادەگاتە ئالاسکا ( کەسەر بەویلایەتە یەکگرتوەکان)، کەدرێژدەبێتەوە لە ئۆقیانوسی ئارام لەخۆرئاوا بۆ ئەتڵەسی لەخۆرهەڵاتدا وە لەنێوان هێڵی درێژی ٥٤ - ١٤٢ پلەی خۆرئاوای گرینتش، بەم شێوەیە دەبینرێت کەئەمریکا خاوەنی ددرێژبونەوەیەکی گەورەیە لەدرێژی وپانیدا، ئەمەش وایکردوە کەڕوبەرێکی گەورە داگیربکات کەمەزەندە دەکرێت بەنزیکەی ٩,٩٧٦,١٣٩ کم$^2$.

کەنەدا ڕووبەرەکەی زیاترە لەویلایەتە یەکگرتوەکان، بەڵکو ڕوبەرەکەی زیاتریشە لەئەوروپا بەبێ ( روسیا ). زۆرێك لەم ڕوبەرەش دورە پەرێزە ودەکەوێتە ناو پشتێنەی ئاووهەوای سارد کەدرێژدەبێتەوە لەباکورەوە تاوەکوو دەگاتە هێڵی گەرمی یەکسانی ١٠° پلەی سەدی لەگەرمترین مانگی ساڵدا، وەلە ٩٠٪ دانیشتوانی کەنەدا لە ٣٠٠کم زیاتر دوورنین لەسنوری وولاتانی باشور. ئەم ناوچە دورانە دانیشتوانیان کەمە وخانوەکانیان پەرش وبلاون، ماوەی نێوان بەشە ئاوەدانەکانی خۆرهەڵات وخۆرئاوا سەدان کیلۆمەتر دەبێت هەرلەو زەویانەی کەبەرهەم ناهێنرێت دوایی ئەوانەی کەبەدارستان داپۆشراون، وە زۆربەی خانوەکانیان دورنین لەهێڵی گواستنەوەی سەرەکی، ئاوەدانی لەکەنەدا پەیوەستە بەتۆڕێکی درێژ لەڕێگای گواستنەوە بەتایبەتی

هێڵی ئاسن، لەئێستادا دانیشتوانی لەدەوری هێڵێکدا کۆبونەتەوە لەزەوی کەدرێژدەبێتەوە لەئۆقیانوسی ئارام بۆ ئەتڵەسی. لەسەر درێژی ٥٠٠٠ کم وە پانیەکەی زیاترنیە لە ٦٠٠کم وە ئاوەدانی دەستی پێکردوە لەویلایەتی ( کیوبك )دا پاشان درێژبۆتەوە بۆ دەریاچەی اونتاریۆ والیریە، پاشان لەدوای ئەوە گەشەی کرد لەکرۆکی کەنارەکانی خۆرئاوادا لەکۆلۆمبیای بەریتانیدا کەدابڕاوە لەبەشەکانی کەنەدا، هێڵی ئاسن گەشەی کرد لەبەریتانیا کەئەمەش پەیوەستە بەبەشە دورەکانی تری کەنەداوە. دانیشتوانی کەنەدا زیاتر لەدانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەچێت، نیوەی دانیشتوانەکەی ئەسڵ بەریتانین وەسێیەکی⅓ دانیشتوانەکەی ئەسڵ فەرەنسی، لە٨٠٪ دانیشتوان گەشەیان کردوە لەدووگەڵ سەرەکی وگەورەدا، لەنێوانیاندا ١/٥ پێنج یەکەکەی تریان لەچەندین نەتەوەی تر دروست بوون، وە بەریتانیەکان لەهەموو کەنەدادا بڵاوبونەتەوە ونزیکەی نیوەیان لە اونتاریۆ دەژین ¾ دانیشتوان پێك دێنن.

وە ¾ فەرەنسیەکان لە کیوبك دا کۆبونەتەوە کە ٤/٥دانیشتوان پێك دێنن.

## * هەرێمەکانی کەنەدا :-

روبەری کەنەدا دەگاتە نزیکەی ١٠ ملیۆن کم٢ دەتوانین سەر ڕوەکەی دابەش بکەین بۆسێ بەشی بەرزو نزمی کەنەمانەن :-

بەرزاییەکانی خۆرهەڵات وە دەشتەکانی ناوەڕاست وبەرزاییەکانی خۆرئاوا.

بەڵام لەپێناو لێکۆڵینەوەیەکی قوڵتر لەگەڵ وەرگرتنی هۆکارە ئاووهەوایەکان وپشت بەستن بەدەرخستنی کاریگەری مرۆڤ وچالاکیەکانی، کەنەدا دابەش دەکەین بۆ چوار هەرێمی سروشتی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەڵدەستین بەباسکردنی هەرێمەکان لەسەر بنەمای ئەوەی کەچەند یەکەیەکی جیاواز دەکەونە ناوکەنەدا ئەو هەرێمانەش ئەمانەن :- بڕوانە شێوەی ( ١٣ ).




شێوەی ژمارە ( ١٤ ) کەنەدا : شوێن ودابەشکردنی ئیداری

١. هەرێمی دەریایی، وە دورگەی نیوفاوندلاند :-

سێ‌هەرێم پێك دێنێت ئەوانیش : نیوبرونزیك ودورخەی برنس ادواردونوفا سکۆشیایە، کەڕواڵەتی چیا زاڵە بەسەر ڕوەکەیدا کەڕوبەرێکی فراوان داگیردەکات لەبرنزویکی نوێ وە دورگەی برنس ئەدوارد کەبەرزی سەر روەکەی زیاترنیە لەچەند دەمەترێك جگەلەمە بەشێوەیەکی گشتی سەر ڕوەکەی یەکسان نیە وناڕێکە. وەلەباکوری خۆرئاوا لەبرنزویکی نوێ ناوچەیەکی گردی بڕدراوی پەرش وبڵاو هەیە کەبەرزی ٧٥٠م. دیاردەیەکی بەرز ونزمی سەخت دەبینرێت لەنیمچە دورگەی نوفاسکۆشیا، وە زۆربەی گردەکان لەبەردی ڕەق وپتەو پێك هاتون کەدەگەڕێنەوە بۆ جوڵە تەکتۆنیە ناوخۆییەکان کەپێك هاتوون لەبەردی نیشتو کەپڕە لەئاو وقوڵیەکەی زۆر وسەختی هەیەکەلەکەنداوی فندی ومیناسك پێك دێنێت.

ئاووهەوای هەرێمی دەریایی دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەوژمی لیبرادۆری سارد لەزستاندا لیبرادۆر گەرم ترە لەناو کرۆکی کەنەدا کەدەبێتە هۆکاری گەرم کردنەوە، بەڵام لەهاویندا دەبێتە هۆی ساردکردنەوە. گەرم ترین مانگ لەسنت جون گەرمی ناگاتە ١٦° پلەی سەدی، لەکاتێکدا هالیفاکس پلەی گەرمی دەگاتە ١٦,٥ پلەی سەدی، بەڵام لەمۆنتریاڵ دەگاتە ٢٠° پلەی سەدی، بەڵام وەرزی زستان گەرما لەهالیفاکس وسنت جون بەرزترینیان لەکیوبك ومونتریا لە ( هالیفاکس وسنت جون ٤,٤° پلەی سەدسە، مونتریال -٩,٤° پلەی سەدییە، ئەمە لەمانگی کانوونی دووەم دا ).

بەڵام باران دادەبارێت لەگشت مانگەکانی ساڵدا وە ڕێژەکەی زیاترە کە ١٠٠ سم لەساڵێکدا ( سنت جون ١٣٣ سم ) هالوفاکس ١٣٦ سم ،

زۆرترین باران دادەبارێت لەنیوەی زستانی ساڵدا جگە لەمەش لەهەر مانگێکدا کەمترنیە لە ٧,٥ سم ( حوزەیران – تەموز ) لەلای دورگە برنس ادوارد زۆربەی شیاو وگەنجاوە بۆ کشتوکاڵ وە ناوچەکانی تر کشتوکاڵی دابڕاویان ( پچڕ پچڕ)ی تێدا دەبینرێت وەبەپیتی کەمە، ئەوانەی کەپێشەنگن لەم بوارەدا ئەمانەن دۆڵی ئەناپۆلیس کورنوالیس لەنۆفاسکۆشیا وە دۆڵی سنت جون لەنیوبرونزویك. لەکۆندا دارستان زۆربەی ئەم هەرێمەی داپۆشیبوو کەبڕدراون بەژمارەیەکی زۆر لەئاوەڕۆی ئاوی. کەنارەکانی بەوە دەناسرێتەوە کەگونجاون بۆ کەشتیوانی، وە ئاوەکەی دەوڵەمەندە بەماسی کەئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەپێشکەوتنی ئابوری ئەم هەرێمە.

لەبەشانەی کەبەپیتن کشتوکاڵی لێ دەکرێت کەڕوبەرکەی مەزەندە دەکرێت بە( ٧ ) مەلاین هیکتار ( کەنزیکەی ٥٠٪ ڕوبەری هەرێمی دەریاییە ) وە لەپێشەنگی ئەم بەرە کشتوکاڵیانەدا دورگەی برنس وئەدوارد دێت لە ٩٠٪ی زەویەکانی گونجا وشیاوە بۆ کشتوکاڵکردن. وە ڕوبەری شیاو بۆ بەرهەم هێنانی کشتوکاڵ لەنیوبرنزویك دەگاتە نزیکەی ٥٥٪ ڕوبەرەکەی، وە لەنوفاسکۆشیا ٣٧٪، جگەلەمە ئەوەی کەبەڕاستی چێنراوە زیاترنیە لە١٠٪ ڕوبەرەکەی. کشتوکاڵ بەردەوام بوە لەکۆندا لەدورگەی برونس ئەدوار لەکەنارەکانی ئەم هەرێمەدا کەزۆربەی زەویەکانی ( ٨٠٪ ڕوبەری کشتوکاڵیە ) کەبەکاردەهێنرێت بۆ شوفان[14*] وە وێنجە وڕووەکی ئالیك...هتد، کەمەڕ ومالات لەسەری

---

[14*] واتە گیاکەنەك

دەژی، لەگەڵ بەرهە گرنگەکانی وەك پەتاتەو میوە وشێلم وپاشان ڕێژەیەکی کەم لەگەنمی بەهارە وجۆ.
دۆڵی ئەناپۆلیس وکێڵگەی نوفاسکۆشیا بەوە دەناسرێت کەدرەختی سێوی لێ دەڕوێنرێت کەلەڕێگەی بەندەری هالیفاکس دەنێردرێت بۆ دورگەی بەریتانیا. دورگەی برنس ئەدوارد پێشەنگە لەبەخێوکردنی ئاژەڵ دا کەخاوەنی گوێدرێژی کێوی وڕێوی وچەندین ئاژەڵی ترە، هەرێمی دەریایی لە٨٣٪ کۆیبەرهەمی گوێدرێژی کێوی لەهەموو کەنەدا بەرهەم دێنێت. بەڵام گرنگترین پیشە لەم هەرێمەدا پیشەی ڕاوکردنە، تەنها ڕاوکرانی ماسی ڕادەکێشێت لەچواردەوری کەنارەکانی نیوفاوندلاند ونوفاسکوشیا وە ڕاوکەران لەنیمچەدورگەی ئیبریا وکەناری فەرەنسا و وەلە دەریای باکور لەماوەی سەدەی ١٦دا. دەوارەکانی ڕاوکەران بەیەکەم نیشانەی ئاوەدانی دادەنرێت لەم ناوچەیەدا. درێژی کەنارەکانی ناوچەی ڕاوکردن زیاترە لە ٨٠٠٠کم وە ڕوبەرەکەش زیاترە لە١٥٠کم[٢] کە ٤/٥هەموو ڕاوکەرانی ئۆقیانوسی ئەتڵەسیە. وەهەرێمی دەریایی لەکەنەدا بەباشترین ناوچەی ڕاوکردنی ماسی دادەنرێت لە جیهاندا.
لێرەدا هەردوو تەوژمی لابرادۆری سارد لەگەڵ تەوژمی کەنداوی گەرم بەیەك دەگەن، ئەم هەرێمە پسپۆڕە لەبەرهەم هێنانی ماسی لەجیهاندا. بەڵام لەناوچەی بەراری گەنم بەرهەمدێت. کێڵگەی خەڵوزی دەوڵەمەند هەیە لەناوچەی سندی، هەروەها کێڵگەی خەڵوزی تر دەبینرێت لەخۆرئاوای دورگەی کیب برتون، وەکەشتی ئەم خەڵوزە دەگوازێتەوە بۆ ناوچە پیشەسازیەکان لەناوچەی دەریاچەکاندا، وەك چۆن ئاسن دەگوازرێتەوە لەسەرچاوە کەیەوە بۆ نیوفاوندلاند، هەروەها پیشەسازی

ئاسنی پتەو هەیە لەناوکرۆکی سدنی دا، وە لە نیوغلاسکۆ لەداهاتودا بەڕوونی بلأودەبێتەوە. وە دارستانەکانی نیوبرونزویك بەکاردەهێنرێت لە پیشەسازی دارتاشی دا وپوختەکردنی داردا.

گرنگترین شاری هەرێمی دەریایی ( هالیفاکس )ە ( ٢٥٠ هەزار کەس ) ئەمە دەربەندێکی گەورەیە کەئاوەکەی نایبەستێت لەزستاندا، وە لێرەدا شاری سنت جون هەیە کەدووەم شاری هەرێمی دەریایە ( ١٢٫٥ هەزار کەس ) وە شاری سدنی ( ٤٥ هەزار کەس ).

– دوورگەی نیوفوندلاند : New Found Land

نیوفوندلاند دوانزەهەم ویلایەتی کەنەدایە.[٢*] وە سنوری سروشتی پێك دێت لەڕویەکی پان وبەرین کەجیادەبێتەوە لە ووشکانی ئەمریکا لەڕوی ئیداریەوە نیمچە دورگەی لابرادۆر دێت، کەجیادەبێتەوە لێی لەڕێگەی تەنگەبەرێکەوە کەناسراوە بەناوی بیل Bell Isle . ڕوبەری دورگەی نیوفاوندلاند بەتەنها دەگاتە ١١٢ هەزارکم[٢]، وە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەبێت. پایتەختەکەی کەسان جونزە نزیکەی ٢٠٪ کۆی دانیشتوانی ئەم دورگەیە لەخۆدەگرێت. وەزەوی دورگە بەردەوام دەبێت بۆ خۆرهەلأتی قەلغانی کەنەدی، کەبەردی ئاگرینی گۆڕاو لەبەشێکی گەورەی ئەم زەویانەدا دەبینرێت.

وە نیوفاوندلاند دەکەوێتە پاڵ دەرگای کەنداوی سانت لۆرنس، وە تەنگەبەری کابوت جیای دەکاتەوە لە دورگەی کیب برتۆن

---

[*٢] ویلایەتەکتنی کەنەدا ئەمانەن : یوکن، کۆلۆمبیای بەریتانی، باکوری خۆرئاوا، ئەلبرتا، سکتشوان، مانیوتا، اونتاریۆ، کیوبك، نیوبرنزویك، نوفاسکوشیا، دورگەی رنس ئەدوار، نیوفاوندلاند.

ونوفاسکۆشیا. لەئەنجامدا تەوژمی لیبرادۆری سارد کاری تێدەکات کەهاوینی مام ناوەندە وتەم ومژی زۆرە وباراناویە، وە زستانی ساردەو بەفری لێدەبارێت. وە ئاوەکەی دەیبەستێت لەبەشەکانی باکور وباکوری خۆرئاوادا.

ئەم ناوچەی کەنداوانە ونیمچەدورگەکانی باشور بەباشترین بەشەکانی ئەم دوورگەیە دادەنرێت لەڕووی ئاووهەواوە هەروەها زۆری دانیشتوانیشەوە. لەنیمچەدورگەی افالون کەشاری سان جونزە دەکەوێتە ناویەوە ناسراوە. بەزستانێکی کەمتر سارد بەبەراورد بە بەشەکانی تر کەبەندەری سان جونز بەدرێژایی ساڵ کراوەیە بۆ کەشتیوانی. ١٥٪ دانیشتوانی نیوفاوندلاند خەریکن بەکشتوکاڵەوە، کە شوڤان ( گاڕس، جۆداس )و پەتاتە وشێلم دەچێنرێت. هەروەها لەم دورگەیەدا پیشەی بەخێوکردنی مەڕ وبزن ومەڕ ومالآت ( ڕەشە ولآخ ) وئەسپ هەیە. بەلآم پیشەی سەرەکی دانیشتوانەکەی پیشەی ڕاوکردنە، بەتایبەتی کە ماسییێکی زۆرهەیە لەئاوەکانی دراوسێی ئەم دورگەیەدا.

وەئاسن دەردەهێنرێت لەدورگەی بیل Belle، کەپیشەسازی کاغەز وپوختەکردنی کاغەز پشتی پێدەبەستێت لەناوخۆدا ولەگراندفلزداو وەلەخۆرئاوا لەکورنزبروك.

وە لەخۆرهەلآتی ئەم دورگەیەدا لەشاری جاندر ( کە ١٥ هەزار کەس ) کەبەندەری هەوای جیهانی گرنگی تێدایە کەڕۆلێکی گرنگی هەیە بۆ ئەو فڕۆکانەی کەتێپەڕدەبن بەئۆقیانوسی ئەتلەسیدا.

٢. هەرێمی سانت لۆرنس ودەریاچە گەورەکان :-

ئەم هەرێمە بەشەکانی باشور دەگرێتەوە لەهەرێمی کیوبك واونتاریۆ – ( شێوەی ١٤ ) – زۆربەی دانیشتوانی کەنەدا دەکەونە حەوزی سانت

لۆرنس، کەئەم حەوزەش دەورەدراوە لەباکورەوە بە بەشەکانی بانی لۆرەنسی قەڵغانی ئەرکی کەنەدی کەپێك هاتووە لەبەردی کۆن، هەروەها سەرچاوەی سامانی کانزاییە لەکەنەدا، هێڵی ئاسنین تێپەڕدەبێت بەسنوری ئەم بناغەیەدا لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا. باشترین ناوچەی ئەم هەرێمە دەشتی سانت لۆرنس ودەریاچە گەورەکانە کەدرێژ دەبێتەوە لەدەریاچەی هۆرن بۆ کیوبك. وە ئەم دەشتە درێژدەبێتەوە بۆ ١٠٠٠کم لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، وە لەباکورەوە بۆ باشور نزیکەی ٥٠٠کم دەبێت هەربۆیە ئاووهەوای جۆرا وجۆر دەبێت لەنێوان بەشەکانیدا. کەئەمەش ڕۆڵی خۆی هەیە لەسەر پسپۆڕی لەبەرهەم هێنانی کشتوکاڵیدا، وەکشتوکاڵ کەمترە لەدەشتە لافاویە بەستوەکاندا. لەکاتێکدا کەگەنم دەڕوێنرێت لەبەشەکانی باشوری ئەم هەرێمەدا. وە جۆ وشوفان دەچێنرێت لەبەشەکانی باکوریدا. بەزۆری دانیشتوان کۆچ دەکەن بۆ ئەو ناوچە دەشتە چۆڵانەی کەچاك کراون واتە ( ناوچە وشکەکان ). بەتەنها دەشتەکانی سانت لۆرنس نزیکەی ٤٠٪ بەرهەمی کشتوکاڵی کەنەدا بەرهەم دێنێت وەك گەنم وشوفان، وە جۆرە جیاوازەکانی ئالیك کەمەڕ ومالاتی تایبەتی لەسەر دەژین. بێگومان کەخاك وئاووهەوا وبازاڕی نزیك لەناوچە پیشەسازیەکان یان لەدەرەوە یارمەتی داوە کەکێبەرکێی ناوچەکانی خۆرئاوا بکات لەبەرهەمی دانەوێڵە وهەروەها پیشەی بەخێوکردنی مەڕ ومالات لەپاڵ کشتوکاڵدا کەلە ٥٠٪ کۆی بەخێوکردنی ئاژەڵ دەکەوێتە ئەم هەرێمە. وە پسپۆڕی لەوپەڕی ناوچەی کیوبك دا هەیە کەنزیکەی هەزار کارگەی شیرەمەنی ومشتەقاتەکانی هەیە، لەسەرو ئەمەشەوە لەناوچەی مەیدانی هەرێمی ئەونتاریۆدا زیاتر فراوانن کەبەرهەمی دووئەوەندەی ئەو بەرهەمەیە

کەبەرهەمدێت لەبەشەکانی کیوبك دا یان زیاترە لەنیوەی بەرهەمی کەنەدا لەشیرەمەنی دا وە ئەم بەروبومە کشتوکاڵیانەش کۆبەرکۆی پێدەکرێت لەبازاڕەکانی ئینگلیزدا وەبەروبومی کشتوکاڵی نویزلەندا وهۆڵەندا ودانیمارك.

قەڵغانی کەنەدا لەم هەرێمەدا درێژدەبێتەوە کەکانزای جۆرا وجۆری تێدایە کەدەردەهێنرێت لەناوچەی سدبری، تیمتر، نوراندا، برکوبابن، وە ¾ نیکڵی دەرهێنراو لەهەموو جیهاندا لەکەنەدا دەردەهێنرێت کەسەرچاوەکەی بەتەنها سدبریە، بەڵام ئاڵتون دەردەهێنرێت لەناوچەی کرکلاند وبورکاباین



شێوەی ژمارە ( ١٤ ) بەشەکانی خۆرهەڵاتی کەنەدا.

( کەزیاتر ١/٥ پێنج یەکی بەرهەمی کەنەدا )وە هەموو ئاسنی کەنەدا لەم ناوچەیە دەردەهێنرێت.
وە لەباشوری شاری کیوبك ( زەرنیخ ) ئەزبێز دەردەهێنرێت کەلێرەدا زۆرترین نیشتەنی ئەم ماددەیە دەبینرێت لەجیهاندا، وە ئەم هەرێمە نزیکەی نیوەی بەرهەمی کەنەدای هەیە لەئالتوندا، وە سێ‌یەکی ١/٣ بەرهەمی مسی هەیە. ئەمە بێجگە لەوەی کەئەم هەرێمە شوێنی کۆبونەوەی خەلوز ونەوتە لەگەڵ ئەمانەشدا هێزی ئاوی بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا.
ئەمانەی کەباسمانکرد هەموویان یارمەتی ئەم هەرێمە یان داوە کەببێتە سەنتەرێکی گرنگی پشەسازی لەکاتێکدا ٤/٥ ئەو بەرهەمانەی کەبەرهەم دێت لەکەنەدا لەبواری پیشەسازیدا ئەوا لەم هەرێمەدا بەرهەم دەهێنرێت.
وە گرنگترین پیشەسازیەکانیشی بریتین لە پیشەسازی کاغەز وکرۆکی دار وپیشەسازی شیرەمەنی وە مشتەقاتەکانی جگەلە پیشەسازی ئۆتۆمبێل وئامێرە کارەباییەکان، وە چەندین پیشەسازی تر. وە زیاتر لەنیوەی پیشەسازی کەنەدا لەئونتاریۆدا کۆدەبێتەوە کە٣/٥ دانیشتوانی کەنەدا لەم هەرێمەدا نیشتە جێ‌بوون لەکاتێکدا کە١/٣ دانیشتوان لەشارە گەورەکاندا کۆبونەتەوە، بەڵام شارە گەورەکانی کەنەدا لەکۆندا دوو شاربوون – کەدەبینرێت لەحەوزی سانت لۆرنس ودەریاچەگەورەکاندا کەگرنگترین ئەو شارانەش : مۆنتریاڵ ( ٣ملیۆن کەس ) کەدەکەوێتە ناوە ڕاستی دەشتی سانت لۆرنس لەهەموو بەشەکانی تری کەنەدا قەرەباڵغ ترە بەدانیشتوان وە کەشتیەکانی ئۆقیانوسی ئەتڵەسی دەتوانن بەکاری بێنن لەکاتێکدا کە کەشتیەکانی

دەریاچەگەورەکان وسانت لۆرنس دەگەن بەکەشتیەکانی ئۆقیانوسی ئەتلەسی، وە ئەم شارە نزیکە لەخۆرئاوای ئەوروپا لەنیویۆرك جگە لەوەی کەناوەکەی لەچوارمانگی ساڵدا دەیبەستێت، کەتێکڕای گەرمی نزم دەبێتەوە لەکانونی یەکەم دا تاوەکوو ئازار ( کانونی دووەم -٩° پەی سەدی ) بەڵام لەتەموزدا دەگاتە ٢٠° پلەی سەدی، تۆرنتۆ ( ١,٥ ملیۆن کەس ) بەدووەم شاری کەنەدا دادەنرێت کەرێڕەو دەکات بۆ ناوچە نزمەکان لەباشوری خۆرئاوا کەیەکێك لەبەرە قەرەباڵغەکانی دانیشتوان پێك دێنێت لەکەنەدادا. وە یەکێکە لەبەشە دەوڵەمەندەکان وبەندەری چاکی تێدایە، وە لەدوای ئەمانە چەند شارێکی تردێت کەژمارەی دانیشتوانیان زیاترە لە (٢٠٠٠ ) هەزار کەس ئەوانیش : هاملتۆن (٢٧٠ هەزار ) وکیوبك ( ٣٠٠ هەزار ) وە اوتاوا ( ٣٠٠ هەزار ) کەئەمە پایتەختی کەنەدایە.

٣. هەرێمی بەراری :-

ئەم هەرێمە هەرێمی مانتیوباو سکتشوان والبرتا دەگرێتەخۆی ( شێوەی ١٦ ) - هەریەکە لەم هەرێمانە بەدرێژبوونەوەیەکی زۆر درێژ دەبنەوە لەباکور، لەتەندرا بەشەکانی دادەبڕێت لەباکوریدا، وە لەناوەڕاستیشدا دارستانی سنەوبەری بەشەکانی دادەبڕێت، گژوگیای گەرمەسێر تەنها لەبەشە ناوەدانەکانی باشوریدا هەیە، قەڵغانی کەنەدی کۆن بەشێکی گەورە لەباکوری ماینتۆبا وچیاکانی خۆرئاوا لەگەڵ بەشەکانی تر لەخۆرئاوای ئەلبرتا دەگرێتەوە. لەسەر وئەمەشەوە لێك چونێك هەیە لەپێکهاتە وبەرز ونزمی وئاووهەوا وژیانی ڕوەکیدا لەو بەشانەی کەناوەدان کەرەوەکان تێدا جێگیر بوون لەو هەرێمانەی کەناوی بەراری بەسەردا براوە. ئەم بەشانەی باشوری بەراری کەبانێکی

فراوانن وه پێك هاتوون لەبەردی كلس، كەلێژدەبێتەوە لەباشوری ئەلبیرتای خۆرئاوا بۆ باكور وخۆرهەلآت وه ئاوەكەشی جگەلە ناوچەیەكی بچوك لەباشوری خۆرئاوا ئەوا ڕێڕەو دەكات یان بۆ كەنداوی هدسن بۆ ئۆقیانوسی بەستوو. وه لەم هەرێمەدا ژمارەیەك لەدەریاچە بلآوبونەتەوە كەدروست بون لەئەنجامی ڕامالێن وداخورانی سەهۆلدا كەپڕبون بەئاوی سەهۆل دوای ئەوە گەمارۆدراون وه ئەم دەریاچانە هەندێكیان جیابونەتەوە لەهەندێكی تریان بەهۆی كەلەكە بوونی سەهۆل بەندان كەقەلفانی كەنەدی داپۆشیوە، وه لەم دەریاچانەش دەریاچەی وینیبغ ومانیتوبا وبینبیویس. وه گرنگترین ڕووبارەكانیش ڕووباری سكتشوان وبیس وئەتاباسكایە كەهەموویان گرنگیەكی كەمیان هەیە لەڕوانگەی كەشتیوانیەوە لەبەرئەوەی لێژیان زۆرە وژمارەیەك نزمایی تێدایە هەروەها ڕێڕەوەكانیان گونجاونیە. لەم ناوچانەدا نزیكەی ٢٥٪ هێزی ئاوی هەیە كەدەتوانرێت بەكاربهێنرێت لەكەنەدا، وه لەمانیتوبا بەتەنها نزیكەی ٧٥٪ ئەم وزەیەی تێدایە كەئەمەش گرنگیەكی ئاشكراو ڕونی هەیە لەم هەرێمەدا لەبەر ئەوەی ئەم هەرێمە هەژارە لەدەرامەتی خەلوزدا، وه ئەم وزەی ئاوەش تاوەكوو ئیستا تەنها ٥٠٪ بەكارهێنراوە. وه ئاووهەوای ئەم هەرێمە ووشك وزۆر ساردە لەزستاندا وەلە هاویندا گەرمە لەكاتێكدا كەتێكڕای گەرما لەمانگی كانونی دووەمدا دەكەوێتە نێوان -١٧° پلەی سەدی لەوینیبغ و -١٣,٣° پلەی سەدی لەئەدمۆنتن، لەنێوانیاندا لەتشرشل لەسەر كەنداوی هدسن نزم دەبێتەوە بۆ -٢٦,٥° پلەی سەدی.

پلەی گەرمی لەهاویندا ١٩° پلەی سەدی تێپەڕناكات جگە لەبەشەكانی باشوری، ئەو ماوەیە كەتێكڕای گەرمی تێدا زیاتر دەبێت لە ١٠° پلەی

سەردی ئەکەوێتە نێوان چوار بۆ پێنج مانگ، وە نزم دەبێتەوە تاوەکوو دومانگ لەتشرشل. وە بارانی کەمترە لەوەی کەهەیە لەدوو هەرێمەکەی پێشودا کەزیاترنیە لە ٥٠ سم لەناوەڕاستدا (ئەدمۆنتن وکالجاری ٤٥ سم، وینبیغ ٥٠ سم، تشرشل ٣٥ سم ) وە زۆربەی بارانەکەش دە بارێت لە نیوەی هاوینی ساڵ دا( زیاتر لە ٧٠٪ ) وە زستانیشی بێدابارین نیە ئەوەی کەدەبارێت کەمترنیە لە١سم لەهەرمانگێکدابێت، وە زۆربەی دابارینی لەشێوەی بەفردایە.

دەشتیبەراری جیاوازنیە لەدەشتی سانت لۆرنس لەوەیکە پیشەی باو تیایدا یەك پیشەیە کەئەویش کشتوکاڵە کەپیشەیەکی تری هاوشێوی نیە مەگەر بەشێوەیەکی لاوەکی، کەهۆکارە جوگرافیەکان یارمەتی ئەمەیان داوە، کەدەشتەکانی فراوانن وبەپیتن وئاسانە بۆ بەکارهێنان، کەهاوینیان گەرمە کەئەمەش یارمەتی گەشەکردنی ژمارەیەك لەبەرو بومی داوە، وەڕێژەی بارانی گونجاوە، هەروەها وەرزی ڕواندنی درێژە ( ٩٠ ڕۆژە ) وە خۆرەتاوە، ووشکانی کەنەدا نیوەی بەرهەمی کشتوکاڵی کەنەدا بەرهەم دێنێت لەسەرو ئەمەشەوە ڕووبەری چێنراو زیاترنیە لە ٢٥٪ لەڕووبەری کشتوکاڵی کەنەدا. وە گرنگترین بەروبومە کشتوکاڵیەکان ئەمانەن: گەنم وشۆفان وشێلم وجۆ لەپاڵ بەروبومی لاوەکی تردا وەکو پەتاتە وکەتان. وە گەنم بەتەنها لە ٥٥٪ ڕوبەری چێنراو قەڵاس لە٣٥٪ دا دەگرێتەوە کەئەم ڕێژەیەش بەسە بۆ لێکدانەوەیەکی گرنگی بەروبومەکان. وە ناوچەی گەنم درێژ دەبێتەوە بۆ ناوچەی گەنمی بەهارە لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

زۆربەی گەنم لەهەرێمی مانیتوبا وسکتشوان بەرهەم دەهێنرێت کەخاکەکەی هاوشێوەی خاکی ڕەشە لەڕوسیا وویلایەتە

یەکگرتوەکاندا، کەگەنمی بەهارە سەوز دەبێت وگەشەدەکات لەخۆرهەلآتی ئەلبرتا کەبای شنۆك ( چنۆك، بەفر خۆرە )هەڵدەکات لەزستاندا




شیوەی ژمارە ( ١٥ ).

هەنێك گەرما لەگەڵ خۆیدا دێنێ.( قەلاس ) زیاتر لەگەنم بەرگەی ئەو ئاووهەوا سەختەدەگرێت کەدەبینرێت درێژدەبێتەوە لەباکوری پشتێنەی گەنمدا، ڕوبەری زەوی گیاکەڵەك ( قەلاس ) دەگاتە نیوەی ڕوبەری زەوی گەنم.

ئەلبرتا لەپێشی هەرێمەکانی ترەوە دێت لەڕوبەری چێنراودا بە( شوفان) بەلام سکتشوان بەرهەمی زیاترە. هەرێمی بەراری بەگرنگترین ناوچەکانی بەرهەم هێنانی ووزە دەژمێردرێت لەکەنەدا ( نەوت، خەڵوز، گازی سروشتی )، هەروەها هەندێ کانزای لێ دەردەهێنرێتوەکو مس وتەنەکە وئاڵتون وزیوو. وە خەڵوزی سکتشوان لەجۆری لیگنایتە، بەلام جۆری بیتۆمین لەئەلبرتا هەیە کەتوانای پاشەکەوتی ٤٠ ملیۆن طن دەبێت، وە بەراری زۆربەی نەوتی لەکەنەدا بەرهەم دێنێت کەدەردەهێنرێت لەدۆڵی ترنر، وە لەباشوری خۆرهەلاتی ئەدمۆنت، وە کەرەستەی خاوی ڕۆن دەگوازرێتەوە بۆ ڤانکۆڤەر بەبۆریدا کەلەوێدا دەپاڵێورێت. بەهۆی کەم بونەوەی دەرامەتی کانزایی لەلایەك ونەبونی دەستی کارکەر لەلایەکی ترەوە ئەویش بوە هۆی نەبونی پیشەسازی لەپشتێنەیەکی فراواندا لەسەرەتادا. جگەلەمە ڕێگا وبان وهاتو چۆبوە هۆی گواستنەوەی خەڵوز بەئاسانی وهەروەها بوەهۆی زۆر بونی بازاڕی سەرف کردنی خەڵوز کەئەمەش بوە هۆی پێش کەوتنی پیشەسازی لەم ساڵانەی دوایدا، بەلام تاوەکوو ئێستاش هەمویان پشت دەبەستن بەکەرەستەی خاو کەبەرهەم دەهێنرێت لەم هەرێمەدا وە زۆربەیان پێداویستیەکانی ناوخۆ پڕدەکەنەوە، گرنگترینی ئەم پیشەسازیانە هاڕینی دانەوێڵەو پیشەسازی ئامادەکردنی گۆشتە. ئەم پێشکەوتنی کشتوکاڵی وپیشەسازی ودرێژبونەوەی هێڵی ئاسنینە

بۆتەهۆی بڵاوبونەوەی سەنتەرەکانی جێگیربون وگەشەکردنی شارەکان لەپاڵ شوێنی یەکگرتنی هێڵە ئاسنینەکاندا هەروەها درێژبونەوەیان بۆتەهۆی پێشکەوتنی کشتوکاڵ. وەگرنگترین ئەم شارانەش ئەمانەن :- وینبیغ ( ٥٠٠ هەزار ) پایتەختی هەرێمەکانی بەراری کەنەدا وە ئەدمۆنت ( ٢٠٠ هەزار ) و کالجاری ( ٥٠ هەزار ) وە سکتون وە ورجینا وبراندان.

٤.هەرێمی بەرزایەکانی خۆرئاوا :-

بەشە بەرزەکانی کەنەدا دەگرێتەوە کەلەناوەڕاستیاندا بەرزیان زیاد دەکات لە ٢٠٠٠ مەتر، کەپێکهاتوە لەژمارەیەك زنجیرە چیا کەتەوا وکەری ئەوانەن کە دەکەونە خۆرئاوای ویلایەتە یەکگرتوەکان، کەجیادەکرێتەوە لەخۆرئاوا بۆ خۆرهەڵات بەزنجیرە کەناریەکان، وە زنجیرە چیای سلکرك، وەچیای ڕۆکی. وە ئەم چیایانە بانی فراوان لەنێوانیاندا گەمارۆدراون وەکو دەبینرێت لەخۆرئاوای ویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

وە چیاکانی بەرز ونزمیان زۆرە وخاوەنی لوتکەی بەرزن وبەفریان لەسەرکەڵەکەبوە وە لێژدەبنەوە لەلاپاڵەکاندا وە دۆڵەکانیان بەستەڵەکین وە بەرزیان زیاترە لە ٣٠٠٠ مەتر، وە دەشتی کەناراوی بەجێ ناهێڵن وڕاستەوخۆ دەگەن بەئۆقیانوسی ئارام. وە کەنارەکانی خۆرئاوا جیادەکرێتەوە بەزۆری کەنداو فیۆردات ( باڵەزمانی دەریاین ) وە چەمانەوە وژمارەیەك لەدورگەی کەناری، کەگەورەترینی ئەم دورگانە دورگەی ڤانکۆڤەرە، هەروەك گەورەترین فیۆردیش بەهەمان شێوە هی کەنداوی ڤانکۆڤەرە.

وە چیای ڕۆکی جیادەبێتەوە لەزنجیرەی سلکرك کەکەندە ڕێکی ئینکساری درێژ وگەورە درێژدەبێتەوە، کەتێپەڕدەبێت لەسنوری نیوان کۆلۆمبیای بەریتانی وهەرێمی ئەلبرتا لەگەڵ چیای ڕۆکیدا.

ئەم بەرزاییانە دەکەونە ژێر کاریگەری بای خۆرئاوا، وە ئەو لاپاڵانەی کەدەڕواننە سەر ئۆقیانوس بارانیان زۆر زۆرە، لەنێوانیاندا ئەو دۆڵ وبانانەی کەکەوتونەتە سێبەری بارانەوە ناوچەیەکی زۆر وشکن.

کەدەتوانین سێ ناوچەی ئاووهەوای لەم هەرێمەدا جیابکەینەوە کەبەپێی شوێنەکانیان ئەمانەن :–

أ. ناوچە کەنارەکان وچیاکەنارەکانی دەریا :–

ئەمانە خاوەنی زستانێکی گەرمن ( لەئەنجامی تێپەڕ بونی تەوژمی ئۆقیانوسی ئارام دا ) وە بارانیشی بەڕێژەیەکی زۆر دادەبارێت لەسەر چیا کەناریەکاندا لەگەڵ دابارانی بەفر لەسەر بەرزاییەکان کەبەرزیان زیاترە لە١٢٥٠ مەتر. کەڕێژەی دابارین لەڤانکۆڤەر زیاترە لە١٢٤ سم، لەنێوانیاندا لەبرنس روبرت لەکۆلۆمبیای بەریتانی دەگاتە ٢٢٥ سم.

ب. بەرزاییەکانی ناو خۆی کۆلۆمبیای بەریتانی :–

کەجیادەکرێتەوە بەوەی کەدابارین تێدا بەشێوەیەکی ڕێك وپێك دابەشبوە بەدرێژایی ساڵ ( بەڵام لەزستاندا دابارینی لەشێوەی بەفردا زاڵە بەسەریدا ) جگەلە دۆڵەقوڵەکان کەبەشێوەیەکی وورد وتەنك دەبارێت کەڕێژەی دابارینی ساڵانەی لەهەندێ ناوچەدا تەنها ١٥ سم دەبێ بێجگە لەوەی ئەو ڕوەکە خۆڕسکانەی کەتێدایە وەکو ڕوەکی ناوچە ووشکەکانە کەتەمەرهند ودار ودەوەند ودارگەز لەخۆدەگرێت کەهاوینی گەرمە وزستانی زۆرساردە.

ج. چیای ڕۆكی :-

ناسراوه بەئاووهەوای چیای زۆر ووشك وسارد وه لەزستاندا بەفری زۆره، وه هاوینی كورته وكەمێك گەرمە. وه بارانی بەشێوەیەكی گشتی زیاتره لە٧٠ سم وه گەرمای دادەبەزێت لەمانگەكانی زستاندا بۆ -٣٠° پلەی سەدی، وه لاپاڵەكانی خۆرهەڵاتی چیای ڕۆكی بارانیان كەمە، بەڵام لەلاپاڵەكانی خۆرئاوای زۆره لەبەرئەوەی ڕووبای شێداره. ئەم جیاوازی ئاووهەوایە بۆتەهۆی جیاوازی ڕووەك كەبەیەكەوه بڵاودەبنەوه ولەگەڵ ناوچەی ئاووهەوای پێشو كەباسمانكرد. ئەمەش وامان لێدەكات كەجیاوازی بكەین لەنێوان ئەو ناوچە باراناویانەی كەخاوەنی دارستانی سنەوبەری چڕن لەسەر كەنارەكانی خۆرئاوادا، لەگەڵ خۆرهەڵاتی ئەو ناوچانەی كەبارانیان كەمە ودانەپۆشراوه جگە لەداری كورتی پەرش وبڵاو وگژوگیای بەرز، پاشان ناوچەیەكی باراناوی دێت دواتر ووشكانی. ڕووبارەكانی رایزەر ویۆكن وسیكنا وتیكاین ناوەڕۆكانیان هەڵدەكەنن لەچیاكانی خۆرئاوادا كەتاكە ڕێگەیەكی سروشتی پێك دێنن لەنێوان بەراری‌وكەنارەكانی خۆرئاوادان كەچەمانەوەیەكی گەوره پێك دێنن وه دەبنە ناوچەی بەكارهێنراو بۆ كشتوكاڵ لەم هەرێمەدا، هەروەك بەكەوتنیشیان دەبنە سەرچاوەی ووزەی كارەبا. لەهەرێمی بەرزاییەكانی خۆرئاوادا نزیكەی ملیۆنێك كەس دەژین، كەلە ٦٠٪ ئەمان كۆدەبنەوه لەدۆڵی فرایزەری نزم ودەلتاكەیدا، وه لەشاری ڤانكۆڤەر ونیووستمتستر، لەنێوانیادا لەناوچەی كانزاكاری لەیوكن ١٥ هەزار كەس زیاتر ناژین، وەك لەبەندەری ئەمیر روبرت دەور وبەری ١٠هەزار كەس دەژین. نزیكەی ٣٨٪ دانیشتوان پەرش وبڵاو بونەتەوه لەدۆڵەكان وبانەكاندا خەریكی

کشتوکاڵ ولەوەڕاندنن، وە لەوناوچانەیکەدارەکانی بڕاون. گرنگترین لایەنی پێشکەوتنی ئابوری لەم هەرێمەدا بڕینی درەخت وکانزاکاری وڕاوە ماسی یە. وە ڕووبەری دارستانی تێدا مەزەندە دەکرێت بەنزیکەی ٥١٦هەزارکم[٢] . وە گرنگترین ناوچەی بڕینی دارستان دەبینرێت لەکۆڵۆمبیای بەریتانیدا کەدارستان لە ٧٥٪ ڕووبەرەکەی داپۆشیوە. وە هەرێمەکانی خۆرئاوا بەپلەی دووەم دێت لەدوای هەرێمی دەریایی خۆرهەلآت لەڕاوە ماسی دا. وە لەگرنگترین جۆری ئەوماسیانەی کەدەنێردرێت بۆ کۆڵۆمبیای بەریتانی ماسی سلامۆنە، وە دۆڵە گەمارۆدراوەکان لەکۆڵۆمبیا جیادەکرێنەوە بەگەرمی کەئەمەش وای لێکردوە کەدەوڵەمەندبێت بەکێڵگەی سێو وقەیسی وقۆخ وهەرمێ پاشان کانزاش لەوبەرانەی کەزۆر گەرمن. وە لەم هەرێمەدا ئاڵتون وقوڕقوشم وتەنەکە وخەڵوز وزیوو ومس دەردەهێنرێت.

وە هێڵی ئاسنین گرنگترین ڕێگای هاتوچۆ پێك دێنێ لەناوچەکانی خۆرئاوادا، وە گرنگترین هێڵیش ئەوەیە کەشاری بەراری دەگەیەنێت بەشاری ڤانکۆڤەر ( ٧٠٠ هەزار کەس ) گەورەترین شاری بەشی خۆرئاوایە لەکەنەدا، وە بەشاری برنس روبرت لەکەنارەکانی باکوردا، کەئەم هێڵە تێپەڕدەبێت بەچیاکاندا لەباشور بۆ ڤانکۆڤەر – وە لەناوەڕاستدا– بۆ برنس روبرت – وە لەباکوردا بەئاڕاستەی ئالاسکا.

# *بار ودۆخی ئابوری لەکەنەدا *

لەوەی پێشودا بینیمان کەجیاوازیەکی گەورە هەیە لەکەنەدا ئەمەش تەنها لەژینگەی سروشتی دانە بەڵکو لەمەیدانی ئابوریشدا جیاوازە لەدەرئەنجامی جیاوازی بار ودۆخی سروشتی لەلایەك وجێگیربوونی دانیشتوان وئامانجیان لەلایەکی ترەوە.

جیاوازی دیاردەی بەرز ونزمی سەر ڕوی زەویەکەی بۆتەهۆی ئەوەی هەندێ ناوچە خاوەنی بارانێکی زۆرە وەك بەشەکانی کەناری خۆرهەڵات وخۆرئاوا وە هەندێ ناوچە بارانی کەمە وەکو بەشەکانی ناوخۆ وناوەڕاست. وە درێژی وپانیەکی گەورەی هەیە وەشوێنەکەی زیادە ڕۆیی تێدایە لەباکوردا کەزۆربەی دەکەوێتە پشتێنەی ئاووهەوای سارد لەباکوردا دەچێتەناو پشتێنەی تەندراوە، ئەمەش ناوچەکانی باکوری لەچوارچێوەی پشتێنەی بەکارهێنانی ئابوریدا دەرنەکردووە، بەڵکو زۆربەی بەکاردەهێنرێت لەبەشەکانی باشوردا بەتایبەتی ناوچەی بەراری وهەرێمەدەریاییەکان. گومانی تێدانیە کەسامانی کەنەدا کشتوکاڵی دەورەدراوە لەهەرێمی سانت لۆرنس ودەریاچەگەورەکان وهەرێمی بەراریدا، لەنێوانیاندا هەرێمی دەریایی جیادەکرێتەوە بە بەخێوکردنی ئاژەڵ وڕاوکردنی ماسی دا.

لەکاتێکدا کەسامانی وولاٌت دارستانە لەهەرێمی بەرزایەکانی خۆرئاوادا. وە لەئێستادا زۆربەی کانزا دەردەهێنرێت لەهەرێمی بەراری وە دەریاچەکاندا. کەشاری سانت لۆرنس ( کیوبك ونەنتاریۆ ) دەگرێتەوە کەشاری پیشەسازی سەرەکین لەکەنەدا.

ئەگەر بار ودۆخی ئابوری ژمارە وەربگرین لەسەر ژمێریەکانی ساڵی ١٩٧٦ دەبینین کەبەرهەمی کشتوکاڵی کەنەدا لەگەنمدا دەگاتە ٢٣,٥ ملیۆن طن ( پێنجەم وولاتە لەجیهاندا ) وە گەنمەشامی ٣,٨ ملیۆن طن، وە جۆ ١٠,٥ملیۆن طن، وە پەتاپە ٢,٤ ملیۆن طن، وە شوفان ٤,٨ ملیۆن طن، توتن ٨١ هەزار طن. بێجگەلەمەش نزیکەی ٢٥ ملیۆن طن لەئاسن ( شادەماری پیشەسازی قورسە ) لەگەڵ ٦٥ ملیۆن طن لەنەوتی خاو، وە ٥٢ هەزار کیلۆگرام لەئاڵتون، ١٢٨١ طن لەزیوو. هەروەك زەویەکانیشی ١٣,٧ ملیۆن سەر مەڕومالاًت لەخۆدەگرێت وە ٥,٤ ملیۆن لەبەراز و٥١٤ هەزار سەر مەڕ ونزیکەی ٢٤٥ هەزار ئەسپ.

وە دوای جەنگی دووەمی جیهانی کەنەدا پلەی سێیەمی داگیرکرد لەنێو دەوڵەتە پیشەسازیەکاندا.

وە زۆربەی پیشەسازی کەنەدا لەبەشەکانی خۆرهەلاًتدا کۆبونەتەوە وجێگیربوون وەگرنگترین پیشەسازیەکانی پیشەسازی تەختەیە وە دەرمانی کاغەز، پیشەسازی پالاًوتنی نەوت ودروستکردنی کەشتی وپیشەسازی ئەلەمنیۆم وپلاستیك وپیشەسازی ڕستن وچنین وپیشەسازی ئۆتۆمبێل وپاککردنەوەی کانزا وپیشەسازی خواردەمەنیەکان وئامێرە کارەباییەکانە. وە ئابوری کەنەدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت ئەستورە بەناردنە دەرەوە لەبەر ئەوە دانیشتوانی کەمە.

## *بار ودۆخی مرۆیی لەکەنەدا *

کەنەدا یەکێکە لەووڵاتە بچوکەکانی جیهان ( وەکو ئوسترالیا ) کە دەناڵێنێت بەدەست کەمی دانیشتوانەوە، دەوڵەتێکی هەژارە بەدانیشتوانەوە، دەوڵەتێکی هەژارە بەدانیشتوان ئەوانەی کەدەتوانن سامانەکانی بەکاربهێنن بەبەکارهێنانێکی باش.

بێجگەلەوەی کەزەوی کەنەدا فراوانە تاوەکوو دەگاتە نزیکەی ١٠ ملیۆن کم[٢] .کەژمارەی دانیشتوانی زیاترنیە لە٢٤ملیۆن کەس. جگەلەوەی کەئاوەدانی بڵاو بۆتەوە وزۆریش پێشکەوتووە لەبەشەکانی ووڵاتدا کەنەو ڕووبەرەی کەداگیری دەکات لەکەنەدا زیاترنیە لە ٧٪ کۆی ڕووبەرەکەی، دوری ناوچە ئاوەدانەکان لەسنوری کەنەدای ئەمریکی زیاترنیە لە٦٠٠کم. وە دانیشتوانی کەنەدا دابەش بوون لەسەر شێوەی شریتێکی تەسك کەدەست پێدەکات لەحەوزی سانت لۆرنس وە کەمێك فراوان دەبێت لەهەرێمی بەراریدا کەئەم دابەش بونەش بەشێوەیەکی بەهێز پەیوەستە بەدراوسێ گەورەکانی لەباشوردا کەدیاری دەکرێت بەزیادەڕۆی زۆری ئاووهەوا لەبەشەکانی باکور لەکەنەدا. وە چڕی دانیشتوانی لەبەشە ئاوەدانەکانی باشوردا نزیکەی ٣٥ کەسە لەکم[٢] دا.

وەچڕی دانیشتوان لەهەموو کەنەدا دەگاتە ٣,٤ کەس /کم[٢] . وە لەماوەی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتنی دانیشتوان لەسەر ئاستی ویلایەتەکانی کەنەدا لەماوەی ساڵی ١٩١١ تاوەکوو ئیستا دەبینین کەلەدورگەی برنس ئەدوارد دانیشتوان زۆر زیادی نەکردوە کەئەمەش ئاماژەیە بۆنەوەی کەپڕبۆتەوە، هەروەها دانیشتوان لەهەرێمی دەریایی

زۆر زیادی نەکردوە وادەردەکەوێت کەفرسەتی ماوەی بەکار هێنانی ئابوری لەم هەرێمەدا سنورداربێت.
بەلام زەویەکانی سانت لۆرنس بەردەوام شوێنی نیشتەجێبونی هەیە بەشێوەیەك کەڕێژەی زیادی دەگاتە زیاتر لە ٥٠٪، وە زیادەکەی لەوپەڕیدا لەبەراری ( زیاترە لە٧٠٪ ) وە کۆلۆمبیای بەریتانی ( ٥٥٪ ە).
وە ژمارەی دانیشتوانی کەنەدا لەساڵی ١٦٦٦دا نزیکەی ٢٢١٥ کەسە پاشان ژمارەی گەیشتە ٧,٢ ملیۆن کەس لەساڵی ١٩١١ دا وە بۆ ١٦ ملیۆن لەساڵی ١٩٥٦ دا، وە کەنەدا یەکێکە لەو وولاتانەی کەدانیشتوانی زیاد دەکات بەشێوەیەکی بەرچاو وگەورە کەئەمەش دەرئەنجامی کۆچکردنە بۆی، لەکاتێکدا کەژمارەی کۆچکەران لەماوەی سەرەتای ئەم سەدەیەدا نزیکەی ١,٨ ملیۆن کەس بوە، بەلام ڕێژەی زیاد بونی سروشتی ئێستای نزیکەی ١,٤٪ ە. وە لەماوەی ئەم لێکۆڵینەویەدا تواناى کەنەدا لەکشتوکاڵ ودارستان وپیشەسازی وبارودۆخی ئاووهەوادا _لەتایبەتمەندی هەرێمی ئاووهەوای ساردا_ وەبەراورد کردن لەگەڵ ڕوسیادا تاڕادەیەك لەیەك دەچن، وەبۆمان ڕوون دەبێتەوە کەکەنەدا دەتوانێت زیاتر لەسەد ملیۆن کەس بەهەمان ئاستی ئەورروپیەکان بژێنێت.
وە بەشێوەیەکی گشتی توانای زەویەکانی کەنەدا بۆڕاکێشانی مرۆیی مەزەندە دەکرێت بەسێ ئەوەندەی ژمارەی ئەو دانیشتوانەی کەلەکاتی ئێستادا تێدا دەژین.

# *بەشی پێنجەم *

## _ مەکسیك _

کۆماری مەکسیك کە دراوسێی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە لەباشوردا. وە بچوکترین یەکەی سیاسی ئەمریکای باکورە.[*۲] کە ڕوبەرەکەی دەگاتە نزیکەی ۱۹۷۲ هەزار کم[۲] . کەئیستعماری ئیسپانی ملی پێ کەچکردووە، لێرەدا تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی وئابوریە گشتی یەکانی ئەمریکای لاتین هەیە، وە لەڕووی سروشتی یەوە تەواو کەری ئەمریکای باکورە.

هەروەها مەکسیك جیادەکرێتەوە بەجۆراوجۆری ئیستنۆگرافی هەروەك جیادەکرێتەوە بەجۆراوجۆری سروشت کەدەردەکەوێت لەسەر ڕووی زەوی وئاووهەوا وهەرێمەسروشتیەکاندا. وە ژیانی سیاسی لەکاتی سەربەخۆیی دا لەساڵی ۱۸۳۱ ( دوای سێسەدە لەدەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئیسپانیا ). کەمل ملانێکی توند وتیژی بەخۆیەوەبینی لەنێوان کەمینە ئیسپانیەکان وزۆر دوو ڕەگەزەکان ( ئەوانەی کەدایك وباوکیان یەکێکیان سپی پێست وئەوی تریان ڕەش پێست بوە ) وە ئەو هیندیانەی کەخاوەنی هیچ شتێك نەبوون.

## *شێوە وڕوخساری باری سروشتی :-

مەکسیك لەڕوی پێکهاتە وبەرزونزمی یەوە بەتایبەتی کەبەشێکە لەنیوەی باکور ودرێژدەبێتەوە لەزەویەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، وە

---

[*۲] هەرچەندە ئێستا نوسەرەکان باس لەوە دەکەن کەئەمریکای باکور لەدوو یەکەی سیایی پێك دێت ئەوانیش : کەنەدا وویلایەتە یەکگرتوەکانن، بەڵام لەم کتێبەدا مەکسیك خراوەتە سەر ئەمریکای باکور بۆیە ئێمەش وەکو خۆی دەقاودەق لێرەدا هێنارمانە.

دەشتی کەنداوی مەکسیك لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا درێژ دەبێتەوە بەدرێژایی مەکسیك تاوەکوو کەنداوی کامبش _شێوەی ژمارە ( ١٧ ) _ وەلەلایەکی ترەوە دەبینین کەزنجیرە چیای ڕۆکی درێژدەبێتەوە تاوەکوو دەگاتە چیای سیرامادریای خۆرهەڵات وسیرانڤادا ولەسیرامادریای خۆرئاوادا، کەلەنێوانیاندا بانی مەکسیك گەمارۆدراوە کەدرێژبونەوەی بانی چیاکانە لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا.

دەشتیکەناری خۆرئاوا وکەنداوی کالیفۆرنیا بەبەشێك لەدۆڵی کەناری پاسڤیك دەژمێردرێت، وە نیمچە دورگەی کالیفۆرنیا بەردەوام دەبێت بۆ هێڵی زنجیرە چیا کەناریەکان. بەم شێوەیە بەرزونزمی مەکسیك پێك هاتوە لەبان کەناوەندی بەرزیەکەی دەگاتە ٢٤٠٠ مەتر، کە چیای دابڕاو ودەریاچەی فراوانی لەسەر بڵاو بۆتەوە،




شێوەی ژمارە ( ١٧ ) ( مەکسیك )

وەدەورە دراوە سیرامادیرای خۆرئاوا کەدرێژیەکەی لەباکورەوە بۆ باشور دەگاتە ۱۲۰۰کم وە پانیەکەی ۲۰۰کم وە بەرزیەکەی ۲٤۰۰ مەتر کەدەڕوانێتە سەرئۆقیانوسی ئارام کەلاپاڵەکانی زۆر لێژن وە کۆتایی دێت بەدەشتێکی کەناری تەسك کەپانیەکەی دەکەوێتە نێوان ۲۰۰ – ٤۰۰ کم. کەئەم بانە لەخۆرهەڵاتەوە دەگات بەچیای سیرامادیرای خۆرهەڵات کەبەتوندی دەگات بەدەشتی پانی کاریبی کەخاوەنی چەندین دەریاچە وزۆنگاو وگۆماوە، وە لەباشورەوە دەگات بەناوچەیەکی گواستراوە کەبەرزیەکەی بەشێوەیەکی پلەبەپلەیە لەگەڵ بەرزونزمی تەسکی ئەمریکای ناوەڕاست.

بەڵام سەبارەت بەئاووهەوا : ئەوە مەکسیك ناسراوە بەکەم بونەوەی بەرزونزمی لەناو ڕووبەر وپشتێنەیەکی بچوکدا، بەمەش ئاووهەوای مەکسیك ئاڵۆز وتێکەڵە وجیاوازی زۆری تێدایە. وە بانی مەکسیك جیادەکرێتەوە بەووشکیەکی ڕێژەیی کە پلەی گەرمی یەکەی لەوپەڕیدا دەگاتە ٥۰° پلەی سەدی، وەڕێژەی بارانی دەگاتە ۲۰۰ملم لەباکوردا وە لەباکوری خۆرئاوادا نزیکەی ۲۰۰ ملم لەسەر کەنارەکانی باشوری کەنداوی مەکسیك دا. وە بارانی بەوە جیادەکرێتەوە کەزۆربەی وەرزیە، وە زۆربەی لەوەرزی هاوین وپایزدا دەبارێت لەگەڵ بوونی ماوەیەکی ووشك لەوەرزی زستاندا. هەروەها وەرزی ووشکی وون دەبێ ونامێنێ لەکاتێکدا کەزۆربەی بارانی ساڵانەی دەبارێت. وە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین کەووشکی زاڵە بەسەر ئەم وولاتەدا، لەکاتێکدا کەڕووبەری زەوی ووشك ونیمچە ووشکەکان دەگاتە نزیکەی ۹۰٪ ڕووبەری وولاتەکە.

بەڵام سەبارەت بەڕووەك : ئەوە دارستانی خولگەیی دەبینرێت کەلەکەنارەکانی باشوری خۆرهەلات وخۆرئاوای داپۆشیوە. هەروەها گژوگیاش سەربانی مەکسیکی داپۆشیوە، وە بەئاراستەی باکور ڕووەکی بیابانی ونیمچە بیابانی دەبینرێت بەتایبەتی لەبیابانی سونورا لەباکوری خۆرئاوادا. هەروەکو زۆر لەدارستانی گەڵاوەرین وسنەوبەری هەیە لەسەر لاپاڵەکانی چیاکان کەداری برنج و دار بەڕوو سنەوبەر وشەربین دەبینرێت.

## *دانیشتوان *

ژمارەی دانیشتوانی مەکسیك بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٧٦ دەگاتە نزیکەی ٦٢,٤ ملیۆن کەس، دوای ئەوەی کەژمارەیان ٤٨,٣ ملیۆن کەس بووە لەساڵی ١٩٧٠ دا، وە پێش بینی دەکرێت کەژمارەی دانیشتوانی مەکسیك بگاتە ٨٥ملیۆن کەس لەکۆتای سەدەی بیستەم دا وەناوەندی چڕی دەگاتە نزیکەی ٣٢کەس/کم². وە دابەش بونی دانیشتوان بەوە ناسراوە کەنزیکەی ٧٠٪ کۆی دانیشتوان کۆبونەتەوە لەسەربانەکانی ناوەڕاست بەتایبەتی بەشی باشورەکەی وە ئەوەی تر کەلە دانیشتوانی مەکسیك دەمێنێتەوە بڵاوبونەتەوە لەدەشتە کەناریەکاندا بەتایبەتی دەشتە شێدارەکان ونیمچەشێدارەکان وە لەدەور وبەری کەنارە سەرەکیەکاندا کەسەنتەرەکانی کۆبونەوەی دانیشتوان پێك دێنن لەنمونەی ئەمەشدا وەك دەشتە گەرمە شێدارەکان.

وە زۆربەی دانیشتوان ( ٧٥٪ ) لەکۆمەڵێ میتزۆن کەتێکەڵن لەهیندی وسپی پێستەکان پاشان هیندیە ئەمریکیەکان دێن کەلە ١٠٪ پێك

دێنن، دواتر ئەوروپیەکان کەلە ٩٪ پێك دێنن، لەپاڵ کەمینەکانی تردا کەسنوردارن لەزامبۆ. وە سپیەکان ومیترۆ کۆبونەتەوە بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەربانەکانی ناوەڕاستدا، لەنێوانیاندا زۆربەی هیندی وزامبۆکان کۆبونەتەوە لەناوچە کەناریە گەرمە شێدارەکاندا.

## *چالاکی ئابوری :-

ئابوری مەکسیك خۆی لەکۆمەڵێك چالاکی ئابوری جیاوازدا دەبینێتەوە، کەکشتوکاڵ پیشەی سەرەکیە کەنزیکەی ٥٤٪ کۆی هێزی کارکەر تێدا کاردەکەن، ئەمە لەکاتێکدا کەنیوەی ڕوبەری مەکسیك زەوی ووشکە وشیاونیە بۆکشتوکاڵ، واتە بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەت، ڕوبەری زەوی چێنراوی فعلی دەگاتە ٩٪ ڕوبەری ووڵات، کەلە ٧٪ ئەمەش پشت دەبەستێت بەئاوی باران، وە دەوڵەتیش کاری کردوە وهەوڵ وتێکۆشانی داوەبۆ فراوانکردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ ڕوبەڕو بونەوەی کەم بونەوەی بەروبوم وکەرەستەی کشتوکاڵی کەشیاو نیە لەگەڵ ئەو زۆر بونە خێرایەی دانیشتواندا.

بەڵام ڕوبەی کشتوکاڵی بەراو زۆربەی دەکەوێتە سەر ئاوڕێژگەکانی ڕووباری کۆلۆرادۆ وڕووباری برافۆ Rio Bavo وتوریون Torreon لەناوچەی دەریاچەکاندا وە ڕووباری یاکی Rio Yaqui بەهۆی بەربەست وبەنداو وجۆگەلەوە ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی بەراو زیادی کردووە بەهۆکاری بیر وترومپای بەرزکەرەوەی ئاو.

وە دانە وێڵەی خواردەمەنی نزیکەی ٦٨٪ کۆی ڕوبەری چێنراو داگیردەکات، کەلەپێشەوە گەنمەشامی دێت کەبەتەنها ٥٢٪ ڕوبەری چێنراو داگیردەکات، وە گەنم ٩٪ وە لۆکە بەگرنگترین کشتوکاڵی

پسشەسازیە گرنگەکان دەژمێردرێت بەتایبەتی لەباکور وباکوری خۆرئاوادا،

کەچاندنی پشت دەبەستێت بەئاودێری بەمەبەستی زیادکردنی کارگەی ڕستن وچنینی ناوخۆ بەماوەیەکی چاکتر وباشتر لەپێناو ناردنە دەرەوەدا بەتایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان ویابان.

وە دوای ئەمیش شیرەمەنی دێت، کەدووەم کەرەستەی ناردەنی کشتوکاڵیە، کە بەتایبەتی دەچێنرێت لەشیباس Chiapos وفیراکروز .Veracruz

وە لەکشتوکاڵەکانی تریش لەمەکسیك دا قامیشی شەکر وبرنج ومزرەمەنی ( سمسم) ڕۆنێکە لەدەنکی کونجی دەردەهێنرێت وە بوقولیات. وە هەروەها مەکسیك سامانێکی دارستانی گرنگ لەخۆ دەگرێت کەبەرهەم دەهێنرێت بەبڕینی دار ودرەختی جۆرا وجۆر وجیاواز.

کەدارستان نزیکەی ٢٥ ملیۆن هێکتار داگیر دەکات، کەدار ودرەخت وگژوگیای جیاواز لەخۆدەگرێت وەکو ماهۆجینی دار وتەختەی زەرد وتەختەی مانغروف وتەختەی بەرازیل، جگەلەمەش تەختەی سنەوبەری لەناوچەی چیا بەرزەکاندا لەسەرو ٢٠٠٠ مەترەوە.

بەڵام سەبارەت بەسامانی ئاژەڵی ئەوە تەنها لەساڵی ١٩٧٦ دا نزیکەی ٢٩ ملیۆن سەر مەڕومالاَتی هەبووە ونزیکەی ٥,٣ملیۆن سەر لەمەڕ ونزیکەی ٨ ملیۆن سەر لەبزن و١٢ ملیۆن سەر لەبەراز و٩ ملیۆن سەر لەئەسپ وگوێدرێژ. بەڵام کانزا کاری ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لەئابوری ئەم وڵاتەدا، لەکاتێکدا کەمەکسیك بڕێکی گەورە لەکانزای گرنگ لەخۆ دەگرێت وەکو مس وقوڕقوشم وقەڵایی وزیو وئاسن.

که زۆربەیان کەوتونەتە بانی مەکسیك لەباکوردا بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە درێژدەبێتەوە بۆ ماوەی ۲٥٦۰ کم لەسەر درێژی زنجیرەی سیرامادیرای خۆرئاوا لەویلایەتی سۆنورا Sonnoraبۆ واکساکا Oaxaca لەباشور. جگەلە ناوچەیەکی ترکە درێژدەبێتەوە بەدرێژای سیرامادیرای خۆرهەلات.

بەلام ناوچەی بەرهەم هێنانی نەوت لەدەرەوەی ئەم ناوچانەدا دەبینرێت کەکۆدەبنەوە لەدەشتە باراناویە کەناریەکانی خۆرهەلاتدا لەسەر کەنداوی مەکسیك. بەرهەمی گرنگترین کانزاکان لەمەکسیك لەسالی ۱۹۷٦ دا دەگاتە : ئاسن ۲,٦ ملیۆن طن، نەوت ٤١,٤ ملیۆن طن وە مس ۸۹ هەزار طن مەنگەنیز ۱٦۲ هەزار طن.وە مەکسیك لەپێشەوەی دەولەتەکانی قارەی ئەمریکا دەژمێردرێت لەبەرهەم هێنانی نەوتدا لەدوای ویلایەتە یەکگرتوەکان. هەروەها پیشەسازی سال لەدوای سال گرنگیەکەی زیاد دەکات وە ئیستا نزیکەی ۱٥٪ کۆی هێزی کارکەری تێدا کاردەکەن. دەولەتیش هەولێکی زۆری داوە بۆ بەکارهێنانی توانا ناوخۆیەکان بۆ بەرەنگار بونەوەی داواکاری پێشکەوتنی ئابوری وکۆمەلایەتی بۆ بەدەست هێنانی پیشە سازیەکی گرنگ بەتایبەتی لەڕوانگەی زۆربونی هۆکاری بناغەی گرنگ وەکو زۆربونی کەرەستەی خاوی کشتوکالی وئاژەلی وکانزایی وزۆربونی سەرچاوەی ووزە وەکو نەوت وخەلوز.

ئەم پێشکەوتنی پیشەسازیە یارمەتی وەرگرتنی ئەو دەستی کارەی داوە کەبێ ئیش بون بەهۆی زۆربونی خێرایی دانیشتوان.

ئەم پێشکەوتنی پیشەسازیە بەشداری کردوە لەهەمە جۆری وەهێزکردنی بنەمای ئابوریدا وە ئاشکرابوون ودەرکەوتنی خودبژێوی.

وە پیشەسازی کۆدەبێتەوە لەپایتەختی مەکسیکۆ لەکاتێکدا کە ٤٠٪ کۆی پیشەسازی ناوخۆی لەخۆ دەگرێت بەتایبەتی پیشەسازیە سوکەکان وبەکارهێنەکان. بەڵام ناوچەی مونتری لەباکوردا پیشەسازی کانزایی تێدایە وەکو پیشەسازی ئاسنی پتەو پیشەسازی ئامێر. هەروەکو پیشەسازی نەوت وپیشەسازی پترۆکیمایی دەینێرێت لەفیرا کروز وتامبیکۆ ومەکسیکۆدا. وە پیشەسازی خواردەمەنیەکان وەکو پیشەسازی شەکر وهەڵگرتن وپاراستنی میوە وسەوزەهات وهەڵگرتنی گۆشت بڵاوبونەتەوە لەشارە گەورەکاندا.

تاڕادەیەك مەکسیك سودی وەرگرتوە لەتۆڕەکانی ڕێگای گواستنەوە وگەیاندن کەبەشداریکردوە لەدروستکردنی پسپۆڕی زۆر لەکۆمپانیاکانی ئەمریکی وبەریتانی لەنیوەیدووەمی سەدەی ١٩دا. هەروەها شوێنە جوگرافیەکەی لەپاڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان وکەوتنە سەر ڕێگایەك وەك دڵی کیشوەرەکە یارمەتی دەرێکی گەورەبووە بۆ دروستکردنی ئەم تۆڕە کە دەگاتە نزیکەی ٢٤ هەزار کم لەهێڵی ئاسن ونزیکەی ٧٢ هەزار کم لەڕێگای ئۆتۆمبێل.

تەواو........